




# پرۆسەی ریفراندۆم

## کلیلی سەرەکیی یەکلاکردنەوەی پرسی سەروەریی نەتەوەکانی جیهان

«سەروەریی دەوڵەت بە مانا هۆبز-ییەکەی، یان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ویستیفالیا بۆ پێناسەکردنی سەروەریی دەوڵەت، لە بنەڕەتدا بریتی بووە لە سەروەریی ڕەها، ئەمەش بەو مانایەی هیچ دەوڵەتێک مافی ئەوەی نەبووە دەست لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتێکی دیکە وەربدات و هەر دەستێوەردانێک لە پێشێلکردنی سەروەریی دەوڵەتەکە لە قەڵەم دراوە. هەر بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی و مافی نەتەوەکان بۆ بڕیاردانی چارەنووس، زۆربەی دەوڵەتەکان پەنایان بۆ ریفراندۆم بردووە بۆ بەدەستهێنانی سەروەریی نەتەوەکەیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆدا. ئەم پرۆسەیە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٧٧٦ لە ویلایەتی ماساشوسێتس ئەنجامدراوە کە ریفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی کرد، بەڵام لە دوای شۆڕشی فەرەنساوە، پرۆسەی ریفراندۆم بۆتە دیاردەیەکی باو بۆ چارەسەری پرسی سەروەریی دەوڵەتان لە ئەوروپادا.

پرۆسەی ریفراندۆم قۆناخ و شێوازی جیاوازی بە خۆیەوە بینیوە، زیاتر لەو قۆناخە ئەنجامدراوە کە جیهان گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە، وەک شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ کە بە بەهاری نەتەوەکانی ئەوروپا ناوزەد کراوە، لە ماوەی ساڵانی ١٨٤٨- ١٨٧٠، لەو ماوەیەدا ٤٣ جار لە ئەوروپا ریفراندۆم ئەنجامدراوە کە ٢٢یان بۆ دامەزراندنی کۆنفدراسیۆنی سویسڕا بووە، ٢١یشیان بۆ یەکگرتنەوەی ئیتاڵیا بووە. لە دوای جەنگی

**لە ئێستاوە هەندێک لایەنی سیاسی لە هەوڵی ئەوەدان، ژینگە سیاسییەکە ئاڵۆز بکەن، یان بە بیانووی جۆراوجۆر ڕێژەی بەشداری خەڵک لەم پرۆسەیە کەم بکەنەوە، وەک ئەوەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ڕاشکاوانە بانگەشەی بۆ دەکات، کە گوایە زەمینە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەبار نییە، ئەوا پێویستە لە ئێستاوە هەڵمەتێکی چڕی هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم و شێوازەکانی و پاشان چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاکامەکانی دەست پێبکرێت**

### ● کوردستان لە ناو نەخشەی جیۆسیاسی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا

لەوانەیە تەنیا سوودی شۆڕشی بەلشەفی بۆ گەلانی هاوشێوەی کورد و بێ دەوڵەت، ئەوەندە بووبێت کە ڕێککەوتنی نهێنی سایکس پیکۆ-ی ئاشکرا کردبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی و هەڵوەستەکردنە، ئەو ڕێککەوتنەی لە ساڵی ١٩١٦ لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا ئیمزاکرا و پاشان ڕووسیای قەیسەریش هاتەناوی. ئەو ڕێککەوتنە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی جێبەجێ نەکرا، بەڵکو ڕێککەوتنەکەی ساڵی ١٩١٦ی سایکس -پیکۆ، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی و هاتنە دەرەوەی ڕووسیا لە ڕێککەوتنەکە، لە دوای شەڕەکە وەك خۆی جێبەجێ نەکرا، بەڵکو ئەمری واقیعی ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانی بە جۆرێکی دیکە نەخشەکەی دارشتەوە، زیاتر بەریتانیا هەژموندار بوو، هەر ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئاکامی شەڕەکە بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی و فەرەنسا، ئەم نەخشەیەی ئێستای سەپاند.

ئەگەر نەخشەکەی سایکس پیکۆ وەك ئەوەی لە ساڵی ١٩١٦ دارێژرابوو، پاشانیش کە وۆرد و ویلسن-ی سەرۆکی ئەمریکا ١٤ بەندەکەی بۆ مافی چارەنووسی گەلانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند، هەمان نەخشە جێبەجێ بکرایە، ئەوا بەپێی ڕێککەوتنامەی سیڤەر، کوردیش دەبووە خاوەنی دەوڵەتی خۆی (دەوڵەتێکی کۆلۆنیاڵی هاوشێوەی دەوڵەتەکانی دیکە) لەم حاڵەتەشدا، وەك چۆن لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری کۆتاییهاتنی ئیمپریالیزمی ڕاگەیاند و دەیان دەوڵەت سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، ئەوا لەو حاڵەتەشدا ئەگەر کوردستان دەوڵەتێکی کۆلۆنیاڵی بوایە، ئەو کات ئەویش سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیاند.

بەڵام لە دوای ڕێککەوتنی لۆزان-ەوە کە بە فەرمی باشووری کوردستان لکێنرا بە دەوڵەتە تازە درووستکراوەکەی عێراقەوە، لەو کاتەوە هەتا ئێستا، هەلێکی لەباری مێژوویی بۆ کورد هەڵنەکەوتووە کە بتوانێت بەمشێوەیەی ئێستای باس لە مافی چارەنووس و ئەنجامدانی ریفراندۆم و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بکاتەوە. کەواتە باشترین زەمینە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، قۆستنەوەی ئەو بارودۆخەیە کە ڕوودوادە و شەڕە گەورەکان دەیهێننەئاراوە. هەر بۆ نموونە دەوڵەتێکی وەك ئیتاڵیا لەدوو دەرفەتی مێژووییدا ریفراندۆمی ئەنجامداوە، یەکەمجار دوای شۆڕشی ١٨٤٨ ی ئەوروپا کە دەوڵەتی ئیتاڵیای ڕاگەیاندووە، دووەمیان دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە بەشەکانی ئیتاڵیای یەکپێگرتووەوە، هەر بۆیە ئەو هەلومەرجەی دوای ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠١١ و دەرکەوتنی داعش لە ساڵی ٢٠١٤، گەورەترین ڕووداو، شەڕ و گۆڕانکارین کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و سووریای بەتایبەتی گرتۆتەوە، لەمەش گرنگتر، چۆن کۆماری تورکیای نوێ لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەسەر دەستی مستەفا کەمال نەیهێشت وڵاتەکەی ببێتە بەشێك لە

یەکەمی جیهانی و لە چوارچێوەی پەیمانی ئاشتی ڤێرسایی و لەبەر رۆشنایی ١٤ بەندەکەی وۆردۆ ویلسن بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان ٢٦ ریفراندۆم ئەنجامدراوە بۆ دووبارە دارشتنەوەی سنووری نێوان نەتەوەکان، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیشەوە و بەتایبەتی دوای راگەیاندنی کۆتاییهاتنی ئیمپریالیزم ١٤٣ ریفراندۆم ئەنجامدراوە، بەشی هەرە زۆری ئەم پرۆسەیە بۆ سەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەت ئەنجامدراون، لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتیشەوە بەدەیان ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدراون، لەوانە هەموو کۆمارەکانی یەکیتی سۆڤیەتی پێشوو، کۆمارەکانی یوگسلافیای پێشوو، ئیستۆنیا، لاتیفیا، لیتوانیا، ئەم پرۆسەیە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکان بەردەوام بووە، لە ساڵی ١٩٩٩ تیموری رۆژهەڵات، لە ٢٠٠٦ مونتینگرۆ، کۆسۆڤۆ کە ٢٠ ساڵ پێش بڕیاری سەربەخۆیی ریفراندۆمی ئەنجامدابوو لە ٢٠٠٨ سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، لە ٢٠١١ باشووری سوودان، ئەمە بیجگە لە سکۆتلەندا و کوبیک کە هەر یەکەیان دووجار بۆ سەربەخۆیی ریفراندۆمیان ئەنجامداوە.»

- تویژینەوەی: کێشە لەسەر سەروەری: نەخشەی ریفراندۆم سەبارەت بە دووبارە دابەشکردنەوەی سەروەری لە کات و سەردەمی جیاوازدا
- نووسینی: میکا جێرمان و فیرناندۆ مێندز لە زانکۆی زویرخ

رێککەوتنی سایکس پێکۆ، کە لە بنەڕەتدا سایکس پێکۆ بۆ دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی ئیمزا کرابوو، پاشانیش تورکیا بووە ئەمری واقیعی دوای شەڕی یەکەمی جیهان و هاوپەیمانی دەوڵەتانی رۆژئاوا لە چوارچێوەی پەیمانی ناتۆ-دا، بەهەمان شێوە باشووری کوردستانیش بە رابەرایەتی سەرۆك مسعود بارزانی و قارەمانەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، توانی کوردستان وەك ئەمری واقیع بهێڵێتەوە و نەکەوێتە ژێردەستی تیرۆریستانی داعش، یان بەشێك لە هاوپەیمانیی هیلالی شیعە، یان بەشێك لە هاوپەیمانیی سوننە دژی هیلالی شیعەی ئێرانی، بۆیە ئێستا باشووری کوردستان وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع لەناو نەخشە ئاڵۆز و سەقەتەکەی سایکس پێکۆی وەك ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانی، واقیعێکی تازەی درووستکردووە، ئەم واقیعە تازەیە پێویستی بەوەیە لە باشووری کوردستان پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجامبدرێت.

ئەم ریفراندۆمە نەك بۆ ئەوەی ئاکامەکەی مولزەم بێت بە مانای (binding referendum)، بەڵکو وەك سەرۆك بارزانی رایگەیاندووە، ئاکامی ئەم ریفراندۆمە دەبێتە دیکۆمێنێتك بەدەست کوردەوە، واتە ( non-binding referendum بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای ئەم دیکۆمێنتە وتووێژ لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکرێت، لەبنەڕەتیشدا فەلسەفەی ریفراندۆم بۆ ئەوەیە رای تاکەکانی نەتەوە وەربگیرێت، پێش ئەوەی دەستکاری جوگرافیا و سەروەریی دەوڵەتی ئێستا بکرێت.

**● شەڕ و رووداوی گەورە زەمینەیە بۆ ریفراندۆمی سەروەری**

پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت جیاوازە لەگەڵ پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتدا. لەوانەیە لەناو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانی هاوچەرخدا بە هەزاران سەرچاوە و لێکۆڵینەوە لەسەر پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی هاوچەرخ لەناو چوارچێوەی دەوڵەتە لەرزۆك و فاشیلەکاندا دەستبکەوێت، بەڵام لەوانەیە بەناو هەموو (Google) پشکنین بکەین، تەنیا لاپەڕەیەکت دەست ناکەوێت باس لە چۆنیەتی بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان وەك دەوڵەتێکی تازە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکات، بێجگە لەو چەند سەرچاوە کەمەی کە بەهەوڵی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەی جیهانی، تویژینەوەیان لەسەر کراوە. هەر بۆ نموونە وەك کتێبی (ئایندەی کوردستان لە عێراقدا)، هەروەها دیراسەتی (بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا)، ئەم حاڵەتە تایبەتەی کوردستانی عێراق، تەواو هاوشێوەی حاڵەتی بونیادنانی دەوڵەتی سەنگافورا-یە، لی کوان یۆی سەرۆکی پێشووی سەنگافورا لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی: «کاتی سەربەخۆیی سەنگافورا (لەبەر ئەوەی مالیزیا بڕیاری دا سنگافورا لە خۆی جیابکاتەوە)، تەنیا لاپەڕەیەکم دەست نەکەوت، کە فێرم بکات چۆن لە جوگرافیایەکی هاوشێوەی سەنگافورا دەوڵەتێك درووست بکەم، بۆیە ناچاربووم خۆم کتێبی بونیادنانی دەوڵەتی سەنگافورا بنووسمەوە». لە ئێستاشدا سەرۆك بارزانی هیچ سەرچاوەیەکی لەبەر

**لەوانەیە هەندێک لە سیاسەتمەدارە لۆکاڵەکانی کوردستان بۆ بازاڕگەرمی و قۆستنەوەی پرۆسەکە بۆ موزایەدەی سیاسی حزبی، هەوڵی زۆر بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەکە ئاڵۆز بکەن، یان لەگەڵ پرسی دیکە بە بیانووی جۆراوجۆر تێکەڵاوی بکەن، بۆیە پرۆسەکە چەند سادە و سەربەخۆ بێت، هێندە ئاکامەکەی ئەرێنیتر دەبێت، دواتریش باشتر دەتوانرێت وەبەرهێنانی تێدا بکرێت و دەستکەوتی لەسەر کۆبکرێتەوە**

# ریفراندۆم ئامرازێک بۆ شەرعییەتدان
# بە دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان

لە ئێستادا ئەنجامدانی ریفراندۆم زیاتر وەک ئامرازێک بەکاردەهێندرێت بۆ شەرعییەتدان بە دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دەسەڵاتە سیاسییەکان. هەروەها بە شێوەیەکی روولەزیاد رۆڵێکی باڵا دەبینێت لە بنەڕەتیترین پرسە سیاسییەکاندا کە پەیوەستن بە دیاریکردنی سروشت و سنووری خاکی هەر وڵاتێک، تەنانەت ریفراندۆم بووەتە رێگایەک بۆ شەرعییەتدان بە دروستبوونی دەوڵەتانی نوێی وەک تەیموری رۆژهەڵات و سوودانی باشوور. ئەگەر باس لە ریفراندۆم پەیوەست بە سەروەریشەوە "sovereignty referendum" بکرێت، ئەوا دەکرێت لە سێ رووەوە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.

یەکەم: ئەو هەل و مەرجەی تێیدا ریفراندۆم پەیوەست بە سەروەرییەوە ئەنجام دەدرێت، کە پتر تەرکیز لەسەر جۆرێکی دیاریکراوی ئەم جۆرە ریفراندۆمە دەکرێت، یان لە سیاقێکی هەرێمی، یان نەتەوەیی دیاریکراودا بەڕێوەدەچێت. بۆ نموونە، ئەو ریفراندۆمەی یەکلایەنە ئەنجام درا لە هەرێمی کەتەلۆنیا لەبارەی سەربەخۆییەوە، یان ئەوەی راستەوخۆ لە سیاقی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد ئەنجام درا.

دووەم: پەیوەستە بە نەخشەی ریفراندۆمەوە کە جەخت لەسەر کەیسێک دەکاتەوە لە سیاقی دابەشبووندا، وەک جیابوونەوەی جورا لە کانتۆنی بەرنەی سویسری (کە زنجیرەیەک دەنگدانی یەک لە دوای یەکیان ئەنجامدا).

سێیەم: پێوەندیدارە بە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی ریفراندۆم پەیوەست بە سەروەرییەوە،

دەست نییە، بۆیە خۆی بە ناچاری کتێبی بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان دەنووسێتەوە.

کەواتە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت، لەسەر ئاستی سیاسەتی نیودەوڵەتی و هەرێمایەتیی ئێستای جیهان، هەروەها لەسەر ئاستی تەواوی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی جیهان، نەخشەڕێگەیەکی ئامادەکراو بۆ بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان لە بەردەست نییە، بۆیە ئەوەی ئەرکی سەرشانی سەرۆك مسعود بارزانی لەم پرۆسەیەدا قورستر کردووە، دروستکردنی ئەو نەخشەڕێگەیە کە دەبێت خۆی دروستی بکات. دروستکردنی نەخشەی رێگەش بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی تازە، زۆر جیاوازە لە نەخشەی رێگە بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی هاوچەرخ لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتە کۆنەکەدا. ئەمە مانای ئەوەیە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت، گۆڕانکاری لە جوگرافیا و نەخشەی سیاسی ناوچەکە دروست ناکات، بەڵام پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی تازەی کوردستان، هەم گۆڕانکاری جوگرافی و هەم گۆڕانکاری لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهانی دروست دەکات. ئەوجا لەبەر ئەوەی نەخشەی رێگە بۆ بونیادنانی دەوڵەتی تازەی کوردستان تەنیا سەرچاوەکەی لای سەرۆك بارزانی-یە، بەو سەرچاوە ئەکادیمییانەشەوە کە بۆ دروستکردنی ئەم نەخشەی رێگەیە پەنای بۆ براوە، ئەوا زۆر ئاساییە سیاسەتمەداری لۆکاڵی کوردستان، هەر هێندەی خۆی ئەقڵی پێدەشکێت، لە بایەخ و گرنگی و وردەکاری ئەو نەخشەی رێگەیەی دەوڵەتی کوردستان تێبگات، کە سەرۆك بارزانی شەو و رۆژ و تەواوی ژیانی خۆی بۆ تەرخانکردووە.

لەناو ئەو نەخشەڕێگەیەی سەرۆك بارزانی هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەدات، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆتە پرۆسەیەکی بەردەوام و لەسەرخۆ بۆ ئەوەی هەموو ئەو قۆناخانە ببڕێت کە لە نەخشەی رێگەکە دەستنیشانکراوە، لەمەش زیاتر پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە ناو نەخشەڕێگەکەی بارزانی-دا، پرۆسەیەکی ئاشتیخوازانەیە و لە میانەی وتووێژی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، یەکەمجار لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و پاشان دەوڵەتانی دەوروبەر و دواتر لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدایك دەبێت. بە دیوێکی دیکەدا پرۆسەی

گرنگە ریفراندۆم بۆ سەروەریی نەتەوەیی، تێکەڵاوی ریفراندۆم بۆ گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان نەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چەند فۆرمی ریفراندۆم سادە بێت و بژاردەکانی سەر فۆرمەکە ئاسان بن، هێندە پرۆسەکە سەرکەوتووتر دەبێت

**واتە لێرەدا پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە ئایا ریفراندۆمەکە گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە.**

**هاوکات دەکرێت شەش جۆرێ ریفراندۆم پەیوەست بە سەروەرییەوە دەستیشان بکرێت.**

**١. ریفراندۆم پێوەندیدار بە سەربەخۆیی دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە.**

**٢. ریفراندۆم بە ئامانجی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچەناکۆکی لەسەرەکان.**

**٣. ریفراندۆم بۆ بڕیاردان لەبارەی چارەنووسی موستەعمەرەیەکەوە.**

**٤. ریفراندۆم بۆ گواستنەوەی سەروەری بۆ یەکەیەکی خوارنەتەوەیی(شۆڕکردنەوە)، یان یەکەیەکی سەروو نەتەوەیی.**

**٥. ریفراندۆم بۆ ئاسانکاریکردن بۆ جیابوونەوە، یان دەستهەڵگرتن لە خاک.**

**٦. ریفراندۆم بە ئامانجی ئەوەی خاکی زیاتر بخرێتەسەر سنووری وڵاتەکە.**

**لە راستیدا دەکرێت بوترێت سەرجەم ریفراندۆمەکان توخمێکی سەروەرییان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە (بەلای کەمەوە کاتێک پابەندکار دەبن)، لەبەر ئەوە راوێژکردن بە خەڵک لەسەر ئەو بیرۆکەیە بنیادنراوە کە ئەوان، واتە خەڵک، سەرچاوەی باڵای دەسەڵاتن لە هەر پرسێکی دیاریکراودا. هەروەها لەبەر ئەوەی ریفراندۆم میکانیزمێکی دامەزراوەییە بۆ مومارەسەکردنی (سەروەری) لەلایەن خەڵکەوە، ئەوا دەکرێت بڵێین سەرجەم ریفراندۆمە (پابەندکارەکان) وەک ریفراندۆمی پەیوەست بە سەروەرییەوە لێکبدرێنەوە.**

**● توێژینەوەی: ریفراندۆمی سەروەری لە کات و سەردەمی جیاوازدا – زانکۆی زیوریخ**

بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان لای بارزانی، واتە دروستکردنی ئەمری واقیعی ئەو دەوڵەتە، دروستکردنی پاڵپشتی یاسایی بۆ ئەو دەوڵەتە، ئینجا وتووێژکردن بۆ ئیقناع پێکردنی لایەنە پێوەندیدارەکان بە دانپێدانان بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا.

سەبارەت بەم لایەنە دیارە هەموو هێزە نێودەوڵەتییەکان بە یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاوە، هەتا ئێستاش سوورن لەسەر ئەوەی کە نەخشەی سیاسی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و سووریا هەر وەك خۆی بمێنێتەوە، باشترین نموونەش ئەو هەوڵانەیە کە بۆ چارەسەری کێشەی سووریا لە میانەی کۆبوونەوەکانی (ژنێف ١و٢و٣) خراونەتەگەڕ و لەیەك کاتدا سعودیە و ئێران و هەروەها رووسیا و ئەمریکای لەسەر یەك مێزی دانوستاندن کۆکردۆتەوە، بەڵام گرنگیی هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی ئەوەیە لە ناو ئەم کۆدەنگییەی جیهان لەسەر مانەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ و دەوڵەتانی ناوچەکە وەك خۆی، توانیویەتی وتووێژکردن لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بکاتە پرسێکی جیهانیی ئەوتۆ کە هەموو لایەك ئامادەبن وتووێژی لەسەر بکەن، لەمەش گرنگتر سەرۆك بارزانی ئەم پرسەی بردۆتە ناو وتووێژەکانی کوشکی سپی و راستەوخۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستانی باسکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە هەتا ئێستاش سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، هەروەها سیاسەتی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بە شێوەیەکی فەرمی بەرامبەر بە عێراق هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا زۆر ئاساییە کاتێك لەسەر ئاستی فەرمی دیپلۆماتەکانی ئەوروپا و ئەمریکا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەوەی ئەوان لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقن و ئێستا کاتی بڕیاردانی سەربەخۆیی کوردستان نییە، ئەمە شتێکە و ئەوانەی کە لە پرسی سیاسەتی ئەمڕۆی نێودەوڵەتی تێدەگەن، دەزانن بێجگە لە دەربڕینێکی نەریتی دیپلۆماتییانە شتێکی دیکە نییە، بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخ و هەڵوەستەکردنە، ترس و دڵەڕاوکێی عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی ناوچەکەیە کە تێدەگەن پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان گەیشتۆتە چ قۆناخێك، بۆیە هەر کاتێك باسی دەوڵەتی کوردستان دەکرێت، ئەوان شێتگیر دەبن و خۆیان پێ کۆنتڕۆڵ

**گرنگترین هەنگاو لە ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم، شێوازی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە و ئەو بژاردانەیە کە دەخرێنە بەردەم دەنگدەری کوردستان، هەروەها ئەو ژینگە سیاسییەیە کە پرۆسەکەی تێدا بەڕێوەدەچێت**

# باشووری سوودان
# سازشکردنی لەسەر سەربەخۆیی کردە هێڵی سوور

**ریفراندۆمەکەی سوودانی باشوور بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بەردی بناغە و دەرئەنجامی ڕێککەوتنی ئاشتی سەرتاسەری بوو، رەنگە بتوانین بڵێین بۆ باشوورییەکان تاکە بەشی ڕێککەوتنەکە بوو کە بەلایانەوە گفتوگۆهەڵنەگر بێت.**

**ڕێککەوتنی ئاشتی سەرتاسەری کۆتایی بە دووەمین کاولکارترین شەڕی ناوخۆیی سوودان هێنا و دەرئەنجامی دیپلۆماسیەتێکی چڕ و پڕی کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکان(کە بە ترویکا ناوزەد دەکرا) بوو کە ماوەیەکی زۆر بوو بەشداربوون لە هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە لە سوودان – ئەمەریکا و بەریتانیا – نەرویج، بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی هەرێمایەتی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا.**

**لەناو ئەو نەخشەڕێگەیەی سەرۆک بارزانی هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەدات، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆتە پرۆسەیەکی بەردەوام و لەسەرخۆ بۆ ئەوەی هەموو ئەو قۆناخانە ببڕێت کە لە نەخشەی ڕێگەکە دەستنیشانکراوە، لەمەش زیاتر پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە ناو نەخشەڕێگەکەی بارزانی-دا، پرۆسەیەکی ئاشتیخوازانەیە و لە میانەی وتووێژی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، یەکەمجار لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و پاشان دەوڵەتانی دەوروبەر و دواتر لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدایک دەبێت**

ناکرێت. ئەمە مانای ئەوەیە دەوڵەتانی ئیقلیمی و تەنانەت عێراقیش لەو راستییە تێگەیشتوون، ئەگەر قۆناخ بە قۆناخ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی وەك ئەوەی نەخشەی بۆ کێشاوە بەڕێوەبچێت، ئەوا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان حەتمییە، ئەم حاڵەتەی ئێستای دەوڵەتانی ئیقلیمی سەیری واقیعی ناوچەکە و پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانی پێدەکەن، تەواو لەو کاتەی گۆرباچۆف دەچێت کە لە ساڵی ١٩٩١ سەیری ئایندەی یەکێتی سوڤیەتی پێشانی پێدەکرد، گۆرباچۆف بۆ ڕێگرتن لە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بڕیاری دا ریفراندۆم بۆ یەکپارچەیی یەکیتی سۆڤیەت بکات، بەڵام ئەو هەنگاوەی گۆرباچۆف نەك هەر نەیتوانی یەکێتی سۆڤیەت بپارێزێت، بەڵکو جیا لەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەبەریەك هەڵوەشا، لەهەمانکاتدا دەرگای کردەوە بۆ زنجیرەیەك ریفراندۆم کە هەموو کۆمارەکانی یەکێتی پێشوو سەربەخۆییان وەرگرت. ئێستا ئەو هەوڵانەی عێراق و هەندێك لە دەوڵەتانی ئیقلیمی بۆ ئاستەنگ دروستکردن بۆ دەوڵەتی کوردستان هەڵیدەگرن، خۆی دەبێتە دەرگایەك بۆ ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان زووتر دەست پێبکات.

## ● جۆرەکانی ریفراندۆم و ئامانج لە ئەنجامدانیان

ریفراندۆم لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتادا بۆ یەکلاکردنەوەی سەروەریی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی دەرکەتووە، بەڵام لە مێژوودا بۆ چەندین مەبەستی دیکەش پەنای بۆ براوە. هەربۆیە ئەوەی پەیوەست بێت بەو ریفراندۆمانەی بە درێژایی مێژوو و تا رۆژگاری ئێستا ئەنجام دراون، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە هەشت کۆمەڵە ریفراندۆم بکرێت:

١. شۆڕشی فەڕەنسی: دەکرێت ئاماژە بە ١٣ ریفراندۆم بکرێت کە پەیوەستن بە شۆڕشی فەڕەنسییەوە و لە نێوان ساڵانی ١٧٩١ و ١٧٩٩دا ئەنجام دراون. ئەوەی ئاشکرایە، ئەم ریفراندۆمانە لە رووی جوگرافییەوە لە ئەوروپا و لە نزیك فەڕەنسا روویانداوە. یەکەم ریفراندۆم- کە زۆر ئاماژەی پێدەکرێت- بریتیە لە ریفراندۆمی ئەفینیون و کۆمتا ڤەنیسا لە ساڵی ١٩٧١، کە ئەمەی دوایین بووە بەشێك لە فەڕەنسا. کەیسی ئەفینیون وەك یەکەم ریفراندۆم پەیوەست بە سەروەرییەوە باسی لێوەدەکرێت. (ئەگەرچی بە تێڕوانینی ئێمە یەکەم ریفراندۆم پەیوەست بە سەروەرییەوە لە ئەمەریکادا ئەنجام دراوە، کە دواتر لە کۆمەڵەی ٦دا ئاماژەی پێدەکەین). زۆرێك لەم ریفراندۆمانە، ریفراندۆمی گواستنەوە بوون، بەو مانایەی ئاڵوگۆڕی سەروەری تەقلیدی (دەسەڵاتی رەها بەسەر خاکەوە) لەخۆدەگرت لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە، بۆ نموونە، بۆ فەڕەنسا. لۆجێکی سەرەکی ئەم جۆرە ریفراندۆمە ئاوێتەکردن بوو، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڵوگۆڕی دڵسۆزی و چاوەڕوانییەکیان بە ئاڕاستەی سەنتەری نوێ (کە لەم کەیسانەدا بە ئاڕاستەی فەڕەنسا بوون) لەخۆدەگرت.

٢. بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا. لە ناوەڕاست سەدەی نۆزدەدا چەند ریفراندۆمەك بەڕێوەچوون کە ئامانج لێیان بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، ئەوانەش بوونە ساتەوەختی دروستکردنی دەوڵەت لە سویسڕا و ئیتاڵیا لە کۆتایی چلەکان و حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا. ساتەوەختی دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنی سویسڕا بە رەوتێکی خێرا

**ئەو شەڕە ناوخۆییانەی لە سوودان هەڵدەگیرسان، بۆ چەند هۆکارێکی ئاڵۆز دەگەڕانەوە، بەڵام گەوهەریترین هۆکاریان پەیوەست بوون بە هەستی پەراوێزخستن و دوورخستنەوە و بوون بە هاووڵاتی پلە دووەوە کە باشوورییەکان هەستیان پێدەکرد، ئەو باشوورییانەی تووڕەییەکی قووڵیان هەبوو لە ئاست باڵادەستیی سیاسی و ئابووری نوخبەی باکووری وڵاتەکەوە، هەروەها لە ئاست ئەو توندوتیژییەی کە ئەنجامیان دەدا.**

- **سەرچاوە:** Referendum Learning from Sudan’s 2011
- **نووسینی:** Jon Temin and Lawrence Woocher

بەڕێوەچوو، کە دوای شەڕی ناوخۆیی هاتەئاراوە و بە هۆی زنجیرەیەك ریفراندۆمەوە لە ساڵی ١٨٤٨دا بەڕێوەچوو، بەڵام یەکگرتنەوەی ئیتاڵیا پرۆسەیەکی درێژخایەنتر بوو. لە کۆی ٤٣ ریفراندۆم کە لە سەروەختی دروستکردنی دەوڵەتدا ئەنجام دران ٢٢یان پەیوەست بوون بە کەیسی سویسراوە و ٢١یان پەیوەست بوون بە دروستکردنی ئیتاڵیای مۆدێرنەوە.

٣. جەنگی یەکەمی جیهانی. ٢٦ ریفراندۆم ئەنجامدران کە پەیوەست بوون بە دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکانەوە لە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە. پێویستە ئەم ریفراندۆمانە لە سیاقی دوای ڤێرسای و ڕاگەیاندنە بەناوبانگەکەی بنەماکەی سەرۆکی ئەمەریکا -ویلسۆن- لەبارەی مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە، لێیان بڕوانرێت.

٤. رۆژگاری دوای جەنگی دووەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزم. ئەم سەردەمە ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆری ریفراندۆمی بەخۆوە بینی، بە تێکڕای ١٤٣ ریفراندۆم، کە بەراورد بە ریفراندۆمەکانی پێشوو، پتر هەمەڕەنگتر بوون، زۆربەی ئەم ریفراندۆمانەش لە ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتیندا ئەنجام دران. بەپێچەوانەی ریفراندۆمەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، کە بوونە هۆی گۆڕانکاری لە سنوورەکان و زۆربەیان لە چوارچێوەی ئەوروپادا بەڕێوەچوون، ئەوا گۆڕانکاری لە سنوورەکاندا لە رۆژگاری دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا پتر دیاردەیەکی جیهانی بوو. ئەم ریفراندۆمانە پتر گرێدرابوون بە پرسی سەربەخۆییەوە کە لە موستەعمەرە ئەوروپییەکانی پێشوودا ئەنجام دران.

٥. لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و رۆژگاری دواتر. لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، شەپۆلێکی ریفراندۆمی پەیوەست بە سەربەخۆییەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ و ١٩٩٣ دەستی پێکرد، ئەمەش زۆربەی کۆمارەکانی پێشووی ئەو یەکێتیەکەی لە خۆ گرت، وەك: جۆرجیا، ئەرمینیا، ئۆزبەکستان، ئۆکرانیا و تورکمانستان، بە هەمان شێوە وڵاتانی بەڵتیکیشی گرتەوە، وەك ئیستۆنیا، لاتڤیا و لیتوانیا. لە ترۆپکی داڕووخانیدا سەرۆك گۆرباچۆڤ ریفراندۆمێکی رێکخست لە بارەی پاراستنی یەکێتی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٩١دا. کاریگەری داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت بە زەقی لە بەلقان هەستی پێکرا، کە ریفراندۆم لە کۆمارەکانی یۆگسلافیادا ئەنجام درا وەك سلۆڤینیا، کرواتیا، مەقەدۆنیا، بۆسنیا-هێرزۆگوڤینیا، مۆنتینیگرۆ و کۆسۆڤۆ (ئەگەرچی ئەمەی دواییان کۆمار نەبوو).

٦. دروستبوونی ئەمریکا. بەلای ئێمەوە یەکەم ریفراندۆم لە ئەمەریکا ئەنجام درا، ریفراندۆمی ماساشوسێتس لە ساڵی ١٧٧٦دا لە بارەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییەوە. ئەمە یەکەم ریفراندۆمی سەربەخۆیی بوو کە پێوەندی هەبێت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزمەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەمە تەنیا ریفراندۆمێك بوو کە لەسەر خاکی ئەمەریکا ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی پێشتر هیچ ریفراندۆمێکی دیکە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەنجام نەدرابوو.

٧. سەروو نەتەوەیی. ئەم ریفراندۆمانەش سەرجەمیان گرێدراون بەوەی پێی دەوترێت: “pooling of sovereignty” کە پەیوەستن بە پرسی چوونە نێو یەکێتیەکی گەورەتر، یان دەستهەڵگرتن لە هەندێ دەسەڵات، بۆ قەوارەیەکی سەروو نەتەوەیی. ئەمانە لۆجێکی ئاوێتەکردن لەخۆدەگرن لەبەر

**لی کوان یۆی سەرۆکی پێشووی سەنگافورا لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی: «کاتی سەربەخۆیی سەنگافورا (لەبەر ئەوەی مالیزیا بڕیاری دا سنگافورا لە خۆی جیابکاتەوە)، تەنیا لاپەڕەیەکم دەست نەکەوت، کە فێرم بکات چۆن لە جوگرافیایەکی هاوشیوەی سەنگافورا دەوڵەتێک درووست بکەم، بۆیە ناچاربووم خۆم کتێبی بونیادنانی دەوڵەتی سەنگافورا بنووسمەوە.« لە ئێستاشدا سەرۆک بارزانی هیچ سەرچاوەیەکی لەبەر دەست نییە، بۆیە خۆی بە ناچاری کتێبی بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان دەنووسێتەوە**

# سەربەخۆبوونی کەتەلۆنیا خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەورووپا دەکات

**یەکێک لە نیگەرانییەکانی نێو دامەزراوەکانی ئەورووپا لە بارەی پرسی سەربەخۆبوونی کەتەلۆنیاوە، ئەوەیە ئەم پرۆسەیە دەرگای ئاژاوە و ناسەقامگیری دەکاتەوە و دەبێتە هۆی هاندانی هەرێمەکانی دیکە بۆ ئەوەی هەمان هەنگاو هەڵبگرن. لەبەر ئەوە بینیمان کە برۆکسل هەستی بە ئاسوودەیی کرد، کاتێک خەڵکی سکوتلەندا بە –نەخێر– دەنگیان دا لە ریفراندۆمە پابەندکارەکەی ساڵی رابردوودا. هەرچۆنێک بێت، لەبەر چەند هۆکارێک، ناکرێت ئەو پرۆسەیەی لە کەتەلۆنیا بەڕێوەدەچێت، بەراورد بکرێت بە هەر پرۆسەیەکی سیاسیی هاوشێوە، نە لە ئەورووپا و نە لە جیهاندا.**

**لەبەر ئەوە دەکرێت مەزەندەی ئەوە بکرێت کە برۆکسل مەیلی ئەوەی دەبێت لە کۆتاییدا بە ئیجابی لە رووداوەکانی کەتەلۆنیا بڕوانێت. چونکە کەتەلۆنیا کە داوای جیابوونەوە لە ئیسپانیا دەکات، ئەوا دەیەوێت پتر ئەورووپی بێت، نەک کەمتر. وەک دەوڵەت، دەنگی کەتەلۆنیا لە نێو دامەزراوە ئەورووپییەکانیدا بیستراو دەبێت، وەک ئەنجومەنی ئەورووپی، یان ئەنجومەنی وەزیران. پێویستە کەتەلۆنیا وەک ئەندامێکی نوێی گرنگ لە نێو ئەم دامەزراوانەدا لێی بڕوانرێت، واتە دەوڵەتێک کە دەتوانێت بەشدار بێت لە بەهێزکردنی بەرژەوەندییە ئەورووپییە هاوبەشەکاندا لە پرسەکانی پەیوەست بە کەرتەکانی گواستنەوە و وزە و سیاسەتی دەرەکی، یان ئابووریی یەکێتییەکەوە.**

ئەوەی هەمیشە ئەو سەروەرییەی دەستی لێهەڵدەگیرێت، تێکڕای سەرەوەری لە خۆناگرێت، لەبەر ئەوەی سەروەری یاسایی و نێودەوڵەتی لە دەستی دەوڵەتە ئەندامەکانیدایە.

٨. دابەزاندن و جیابوونەوە. بە هەمان شێوە دەکرێت، ریفراندۆم ئەنجام بدرێت کە پرۆسەی بونیادی لەخۆبگرێت و پەیوەست بێت بە دینامیکیەتی خۆبەڕێوبەری و مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە، ئەوانەشی کە لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە بە دواوە ئەنجام دران، بەم چەشنە ریفراندۆمانە هەژمار دەکرێن. بۆ ئەوەی وردبین، ئەوا پێشتریش ریفراندۆمی پەیوەست بە ئۆتۆنۆمی و جیابوونەوە ئەنجام درابوون. بۆ نموونە، پێش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا، گالیسیا و هەرێمی باسك لە ناوەڕاستی ساڵانی سییەکاندا ریفراندۆم لەبارەی ئۆتۆنۆمییەوە ئەنجام دران، یاخود هەوڵی شکستخواردووی جیابوونەوە روویاندا لە ساڵی ١٩٣٣دا لە ئوستراڵیای رۆژئاواو. بە کورتی، ئەم جۆرە ریفراندۆمە بە درێژایی رۆژگارەکان ئەنجام دراون، بەڵام ئەوەی سەرنج دەدرێت لە ساڵانی حەفتاکاندا بەرەو هەڵکشان چوون. لە ئیسپانیا و لە ساڵی ١٩٧٩دا، هەرێمی باسك، هەروەها کەتەلۆنیا ریفراندۆمیان ئەنجامدا بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی زیاتر (ساڵی دواتر گالیسیاش ریفراندۆمی ئەنجام دا).

لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکاندا، پرسی دابەزاندنی دەسەڵات لەوپەڕی گوڕوتینندا بوو کە لە ساڵی ١٩٩٧دا وێڵز و سکۆتلەندا ریفراندۆمیان ئەنجام دا و لە ساڵانی ٢٠٠٠دا دینامیکیەتی بە نامەرکەزیکردن بووە پرۆسەیەکی باڵادەست لە ئەمریکای لاتین، بەتایبەتی لە بۆلیڤیا. هەروەها دەکرێت هاوشان بەم ریفراندۆمە، ریفراندۆمەکانی پەیوەست بە بەدەستهێنانی سەربەخۆییەوە پۆلێن بکەین. خواستی بەدەستهێنانی سەروەری تەقلیدی بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات لە چەند حاڵەتێکیدا، وەك جیابوونەوەی ئەریتریا لە ئەسیوبیا لە ساڵی ١٩٩٣دا، جیابوونەوەی تەیموری رۆژهەڵات لە ئەندەنوسیا لە ساڵی ١٩٩٩ و جیابوونەوەی سوودانی باشوور لە سوودان لە ساڵی ٢٠١١. هەروەها هەوڵە سەرنەکەوتووەکانیش کەیسی بەناوبانگی هەردوو ریفراندۆمەکەی کیوبیەکە لەبارەی سەربەخۆییەوە کە لە ١٩٨٠ و ١٩٩٥دا ئەنجام دران.

**● ئاکامی ریفراندۆم و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ کردنی**

گرنگترین هەنگاو لە ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم، شێوازی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە و ئەو بژاردانەیە کە دەخرێنە بەردەم دەنگدەری کوردستان، هەروەها ئەو

**لە دوای رێککەوتنی لۆزان-ەوە کە بە فەرمی باشووری کوردستان لکێنرا بە دەوڵەتە تازە درووستکراوەکەی عێراقەوە، لەو کاتەوە هەتا ئێستا، هەلێکی لەباری مێژوویی بۆ کورد هەڵنەکەتووە کە بتوانێت بەمشێوەیەی ئێستای باس لە مافی چارەنووس و ئەنجامدانی ریفراندۆم و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بکاتەوە**

ئـەم دەوڵـەتـە نوێیـە رزگار دەبێت لـە کۆت و بەنـدە بونیادییەکانی ئیسپانیا، کە خاوەنی ئابوورییەکە کە بە رادەیەکی گەورە قۆرخکراوە، بـەو پێیـە پێچەوانـە دێتـەوە لەگـەڵ بەرژەوەندییـە ئەورووپییـە هاوبەشـەکاندا. لـەوەش زیاتـر، وەک دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ، کەتەلۆنیـا دەتوانێت ببێتـە کاراکتەرێکـی سـەقامگیر کە ئەورووپاش پێویستی بـە کاراکتەرێکی لەم چەشنە هەیە لە ناوچەی باشووری دەریای سپی ناوەڕاست. لە سەرتاسـەری مێژوویدا کەتەلۆنیـا وەک ناوچەیەکی بەربەست رۆڵـی بینیـوە لـە نێوان فەڕەنسـا و ئیسـپانیادا، هەروەهـا خاوەنـی کەلتوورێکـە کـە چەنـد لـە ئیسـپانیاوە نزیکـە، هێنـدەش لـە فەڕەنسـاوە نزیکە.

بۆ نموونە، پێشبینی دەکرێت کە کەتەلۆنیای سـەربەخۆ هۆکارێک بێت بۆ بەرەوپێشـبردنی ئـەوەی پێـی دەوترێـت –ڕاڕەوی دەریـای سـپی ناوەڕاست– ئـەو پـرۆژە گرنگـەی ژێرخـان کـە لەبـەر هـۆکاری سیاسـی لـە ئەجێنـدای ئیسـپانیادا سڕکراوە، کـە ئەمـەش بۆتـە ئاسـتەنگ لەبـەردەم ئابووریـی وڵاتەکەدا.

- سەرچاوە: Catalonia’s independence will strengthen the European Union, and Spain
- نووسینی: ORIOL MARTÍNEZ

ژینگـە سیاسـییەیە کـە پرۆسـەکەی تێـدا بەڕێوەدەچێـت، بۆیـە زۆر گرنگـە لـە شێوازی ئـەو بژاردانـەی لـە فورمـی ریفراندۆمەکـەدا دەخرێتـە بەردەسـتی دەنگـدەر، پێویسـتە بـژاردەکان زۆر بـە سـادەیی نووسـرابن، هەروەهـا گرنگـە ریفرانـدۆم بـۆ سـەروەریی نەتەوەیـی، تێکـەڵاوی ریفرانـدۆم بـۆ گەڕانـەوەی ناوچـە کوردسـتانییەکان نەکرێـت، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە چەنـد فۆرمـی ریفرانـدۆم سـادە بێـت و بژاردەکانـی سـەر فۆرمەکـە ئاسـان بـن، هێنـدە پرۆسـەکە سـەرکەوتووتر دەبێـت، لایەنێکـی دیکـە کـە زۆر گرنگـە بـۆ پرۆسـەی ریفرانـدۆم، رێگرتنـە لـە تێکدانـی ژینگـەی سیاسـی و ساردکردنەوەی حەماسـی جەمـاوەری بـۆ سەرخسـتنی پرۆسـەی ریفرانـدۆم.

سـەبارەت بـە خاڵـی یەکەمیـان کـە تایبەتـە بـە بژاردەکانـی سـەر فۆرمـی ریفراندۆمەکـە، باشـترە لـە ئێسـتاوە هەمـوو هەوڵـەکان بـەو ئاراسـتەیە بخرێنەگـەڕ کـە ریفرانـدۆم بـۆ سـەروەریی نەتەوەیـی، ریفراندۆمێکـی تایبـەت و سـەربەخۆ بێـت و ئـەو پرسـە شـتی دیکـەی تێکـەڵاو نەکرێـت، لەوانەیـە هەندێـك لـە سیاسـەتمەدارە لۆکاڵەکانـی کوردسـتان بـۆ بازاڕگەرمـی و قۆسـتنەوەی پرۆسـەکە بـۆ موزایـەدەی سیاسـی حزبـی، هەوڵـی زۆر بخەنـە گـەڕ بـۆ ئـەوەی پرۆسـەکە ئاڵـۆز بکـەن، یـان لەگـەڵ پرسـی دیکـە بـە بیانـووی جۆراوجـۆر تێکـەڵاوی بکـەن، بۆیـە پرۆسـەکە چەنـد سـادە و سـەربەخۆ بێـت، هێنـدە ئاکامەکـەی ئەرێنیتـر دەبێـت، دواتریـش باشـتر دەتوانرێـت وەبەرهێنانـی تێـدا بکرێـت و دەسـتکەوتی لەسـەر کۆبکرێتـەوە، سـەبارەت بـە خاڵـی دووەمیشـیان کـە لـە ئێسـتاوە هەندێـك لایەنـی سیاسـی لـە هەوڵـی ئـەوەدان، ژینگـە سیاسـییەکە ئاڵـۆز بکـەن، یـان بـە بیانـووی جۆراوجـۆر ریـژەی بەشـداری خەڵـك لـەم پرۆسـەیە کـەم بکەنـەوە، وەك ئـەوەی ئەمیـری کۆمەڵـی ئیسـلامی راشـکاوانە بانگەشـەی بـۆ دەکات، کـە گوایـە زەمینـە بـۆ ئەنجامدانـی ریفرانـدۆم لەبـار نییـە، ئـەوا پێویسـتە لـە ئێسـتاوە هەڵمەتێکـی چـڕی هۆشـیارکردنەوە سـەبارەت بـە پرسـی ریفرانـدۆم و شـێوازەکانی و پاشـان چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئاکامەکانـی دەسـت پێبکرێـت، لەمـەش گرنگتـر، ئەوەیـە کـە خەڵکـی کوردسـتان لـەو راسـتییە تێبگـەن، کـە زەمینـەی ئاڵـۆز و وەرچەرخـان و شـەڕی گـەورە، زەمینـە بـۆ پرۆسـەی ریفراندۆمـی سـەروەریی نەتەوەیـی دەڕەخسـێنێت، بەپێچەوانـە هیـچ نەتەوەیـەك نەیتوانیـوە زەمینـە بـۆ ریفراندۆمـی سـەروەریی نەتەوەیـی بڕەخسـێنێت، ئەگـەر وەرچەرخـان، یـان رووداو، یـان شـەڕێکی گـەورە ئـەو زەمینـەی نەڕەخسـاندبێت.

**لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە و بەتایبەتی دوای راگەیاندنی کۆتاییهاتنی ئیمپریالیزم ١٤٣ ریفراندۆم ئەنجامدراوە، بەشی هەرە زۆری ئەم پرۆسەیە بۆ سەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەت ئەنجامدراون، لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتیشەوە بەدەیان ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدراون**

مسرور بارزانی
راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# گرنگە ریفراندۆم ببێتە ئەو هۆکارەی یەکڕیزیی ناوماڵی کورد رێکبخاتەوە و دەبێت دەستکەوتە نیشتمانییەکانیش بۆ هەموو لایەک بێت

## چارەسەر کردنی گرفتەکان لەوەوە دەستپێدەکات کە دان بە هەڵەکاندا بنرێت

## گرنگە سیستەمێکی ئابووریی بەهێز لەسەر بنەمایەکی زانستی درووست بکرێت و خەڵک نەک تەنیا ئاگاداربێت، بەڵکو بەشداریش بێت





**لەو کاتەوە تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردۆتە سەر کوردستان کەوا بۆ نزیکەی دووساڵ دەچێت، بەڕێز مسرور بارزانی وەك پێشمەرگەیەك لە بەرەکانی شەڕ هاوشانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لە سەنگەری پێشەوەی شەڕی بەرگریکردنە لە خاکی پیرۆزی کوردستان. ئەو وەك راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە لە شەڕی دژی تیرۆریستان و ئەو سەقامگیری و ئارامییەی کوردستان لەماوەی ساڵانی رابردوو بە خۆیەوە بینیوە، بەرهەمی پلانەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان و رۆڵە قارەمانەکانی ئەو دەزگایەن کە شەو و رۆژیان خستۆتە سەریەك بۆ پاراستنی سەلامەتی و کەرامەتی هاووڵاتیانی کوردستان، لە ماوەی نزیکەی دووساڵی شەڕی داعشیشدا کە هێزی پێشمەرگە لە سەرەتاوە ئەزموونێکی ئەوتۆی لە شەڕی دژی تیرۆریستان نەبوو، بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی راستەوخۆی مسرور بارزانی، توانرا ئەزموون و شارەزایی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی بگوازرێتەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە و تەرازووی هێزی شەڕەکە بۆ بەرژەوەندی پێشمەرگە بگۆڕێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا، مسرور بارزانی دەنگی راستەقینەی پێشمەرگە بووە لە میدیاکانی جیهاندا و توانی زۆر بە سەرکەوتوویی پێداویستییەکانی پێشمەرگە لەناو رای گشتی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش وێنا بکات و سەرنجی میدیاکانی جیهان بۆ سەرکەوتنەکان و پێداویستییەکانی پێشمەرگە رابکێشێت، زیاد لەمەش دوای ئەوەی بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی و فەرماندەیی مسرور بارزانی توانرا بەنداوی مووسڵ و ناوچەی زومار ئازادبکرێت، پەرلەمانی ئەورووپا بەفەرمی بانگهێشتی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کوردستانیان کرد بۆ ئەوەی لەناو پەرلەمانی ئەورووپادا لە زاری ئەوەوە گوێ بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بگرن، دوای ئەوەش لەگەڵ ژمارەیەك لە وەزیرانی بەرگری دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا بەتایبەتی لەسەر ئەم پرسە کۆبوونەوەی ئەنجامدا، لە ئێستاشدا کە بەرنامە و پلانی ئەنجومەنی ئاسایش و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بوونەتە سیمبولی تێکشکاندنی داعش لە ناوچەکە، هێزەکانی دژەتیرۆری ئەنجومەنی ئاسایش توانیویانە گەورەترین ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا لەناو جەرگەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش ئەنجامبدەن، لەسەر زەمینەی ئەم سەرکەوتنە گەورانەی پێشمەرگە، ئێستا کوردستان بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاو هەڵدەگرێت. لە هەمانکاتدا رووبەڕووی چەندین قەیرانی سیاسی و دارایی قورس بۆتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە بە شێوەیەکی گشتی و چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی ئێستا، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز مسرور بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

**پارتی هەمیشە کوردایەتی کردووە و خۆی بە پارێزەری دەستکەوتە نیشتمانییەکان زانیوە و پێویستە لەم قۆناغەشدا هەموو هەوڵێک بدات بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونە و پارێزگاری کردن لە نەتەوە و نیشتمان و هەنگاوی گونجاویش بهاوێژێت بۆ دەستەبەرکردنی دەستکەوتی زیاتر و خوێندەوەیەکی ژیرانەی هەبێت کە لە کام کات و ساتدا چ بڕیارێک بدات و چ هەنگاوێک بهاوێژێت**

*** لە دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان، هەردوو ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ساڵی خۆسەلماندنی کوردستان بوو، بەوەی دەتوانێت خاکی خۆی لە تیرۆریستان بپارێزێت. سوپاس بۆ خوا و سەرکردایەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی و ئیرادەی پێشمەرگەی کوردستان، ئێستا هەموو جیهان دان بەو راستییەدا دەنێت کە کوردستان خۆی سەلماندووە، لەسەر ئەم بنەمایە ئومێدێکی گەورە هەیە کە ساڵی ٢٠١٦ ساڵی کوردستان بێت. ئایا بەڕێزتان دوای تێپەڕاندنی ئەو دوو ساڵە قورسە، خوێندنەوەتان بۆ ٢٠١٦ چییە؟ ئایا ئومێد دەکەن ئەمساڵ ساڵی کوردستان و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بێت؟**

- هیوادارم ئەمساڵ ساڵی سەرکەوتنی کوردستان و گەیشتن بە هەموو مافە رەواکانی گەلەکەمان بێت، بەڵام پێویستە واقیعی بین. هێشتا داعش وەك مەترسییەکی سەرەکی ماوە و پێویستە بەردەوام بین لە شەڕی تیرۆر و پاراستنی هەرێمی کوردستان. هەروەها کوردستان چەندین قەیرانی تری بەخۆوە بینیوە، وەك قەیرانی دارایی و قەیرانی سیاسی، بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانەش کاری جددی پێویستە و هیوادارم هەموویان لە ئەمساڵدا چارەسەر بکرێن.

*** لەوانەیە ئەمە یەکەمین جار بێت ئەو هەلە بۆ کوردستان هاتبێتە پێشەوە، کە سەرۆك بارزانی راستەوخۆ لەگەڵ هەموو سەرۆکەکانی جیهان زۆر بە روونی و راشکاوی باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکات. ئەوەی جێگەی بایەخ و سەرنجیشە جەنابی سەرۆك دەیەوێت پرۆسەی**

**کێشەیەکی سەرەکی ئەوەیە کە خەڵک لە هەموو شت ئاگادار نییە. حکومەت کەمتەرخەم بووە لەوەی بەراشکاوی هەموو کێشە و گرفت و بەرنامەی ئابووری خۆی وەک پێویست بە خەڵک بگەیەنێت. پێویستە حکومەت لە دارشتنی سیاسەتی ئابووری رای خەڵک بە هەند وەربگرێت**

**سەربەخۆیی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ جیهان و دەوڵەتانی ئیقلیمی ئەم پرۆسەیە بەڕێوەبەرێت. ئایا تاچەند دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی ئیقلیمی وەڵامدانەوەی ئیجابییان بۆ ئەم هەوڵانەی سەرۆك بارزانی هەیە؟**

- سەربەخۆیی مافێکی سروشتی گەلەکەمانە و کەس ئەو مافە بە ئێمە نابەخشێت، بەڵکو لێمان سەندراوە و پێویستە هەر کاتێ بۆمان کرا، مومارەسەی ئەو مافە بکەین. ئێستا زۆر لە وڵاتانی دنیا دان بەوەدا دەنێن کە غەدرێکی مێژوویی لە خەڵکی کوردستان کراوە و وەك هەموو گەلانی جیهان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە. جەنابی سەرۆك زۆر بە باشی لە واقعی ئەمڕۆ و جیوپۆلۆتیکی ناوچەکە تێدەگات و تەنیا ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆتایی کێشەکە نابێت، بەڵکو پێویستە بتوانین بە سەرکەوتوویی وڵاتێکی سەربەخۆ بەڕێوە ببەین. بۆ ئەمەش پێویستە دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و زلهێزەکان و بەتایبەتی لەگەڵ عێراق بکەین، بۆ ئەوەی بزانن مادام سیستەمی فیدراڵی و سیستەمەکانی تری حوکمڕانی لە عێراق نەیانتوانیوە چارەسەری کێشەکانمان بکەن، پێویستە بۆ ڕێگرتن لە شەڕ و ماڵوێرانی بیر لەوە بکەینەوە کە وەك دوو دراوسێ و هاوپەیمان لەگەڵ عێراقدا بژین و پێویستە خەڵکی کوردستان بڕیار لەسەر شێوازی حوکمڕانی و مافی چارەنووسی خۆی بدات. لەبەر ئەوەش ئەم باسە زۆر بە چڕی ئێستا لەگەڵ هەموو وڵاتانی دیکەی دنیا باسی لێوە دەکرێت.

*** لەسەر ئاستی ناوخۆیی کوردستان، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هەموو حزبە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان فاکتەری سەرەکییە بۆ سەرخستنی ریفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی، سەرۆك بارزانی لە پەیامەکەی سەری ساڵدا، نەخشەڕێگەیەکی لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ حزبە سیاسییەکان ڕاگەیاند و بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکان پشتگیریان لێکرد. ئایا تاچەند ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان و یەکڕیزی لایەنە سیاسییەکان بۆ پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی گرنگە؟ ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان تاچەند لەسەر ئەم پرسە بەرنامەی هەیە بۆ ئەوەی لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا نەرمیی زیاتر بنوێنێت؟**

- بێگومان یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و گەلی کوردستان بەگشتی گەورەترین فاکتەری سەرکەوتنی گەلەکەمانە. جەنابی سەرۆك ڕایوایە پێویستە خەڵکی حەکەم بن و خۆیان بڕیار لەسەر داهاتووی خۆیان بدەن، بەڵام بەداخەوە هەندێك جار بەرژەوەندیی تەسکی حزبی ڕێگە لەئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان دەگرن. بۆیە حەق وایە هەر لایەنێك بەرژەوەندییە گشتییەکان بکاتە قوربانیی دەستکەوتی تایبەتی، ئەوا بکەوێتە ژێر پرسیاری خەڵك و بەرامبەر بە دەرئەنجامی هەڵوێستەکانی بەرپرسیار بێت. پارتی کە حزبێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە هەمیشە پێیوابووە کە بەرژەوەندییە باڵاکان بخاتە سەرووی بەرژەوەندیی حزبی و ئێستاش ریفراندۆم وەك پرۆسەیەك کە هەموو لایەنێك کۆبکاتەوە، گرنگە ببێتە ئەو هۆکارەی یەکڕیزیی ناوماڵی کورد ڕێکبخاتەوە و دەبێت دەستکەوتە نیشتمانییەکان بۆ هەموو لایەك بێت. پێویستە هەموو بە یەکەوە بڕیار لەسەر ئایندەی خۆمان بدەین، ئەوەش کارتێکی بەهێز دەبێت کە ئەنجامدانی ریفراندۆم و ئەنجامەکانی ریفراندۆم بڕیاری نەتەوەیەکە و داوای مافی سرۆشتی خۆی دەکات و کەس ناتوانێت دژی ئەمە بوەستێت کە گەلێك باس لە هەست و خواست و ویستی خۆی بکات.

*** ئامانج لە پرۆسەی ریفراندۆم وەك باس دەکرێت ئەوەیە، پاش ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆم بە سەرکەتوویی کۆتایی دێت، لە سەر ئاکامی ئەم ریفراندۆمە بڕیارە یەکەمجار لەگەڵ بەغدا وتووێژ بکرێت، ئەوجا لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ. ئایا تاچەند ئاکامی ئەو ریفراندۆمە بەو ئاستە گرنگە کە ببێتە زەمینەیەك بۆ قسەکردن لەگەڵ بەغدا و دەوڵەتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟**

- ئەنجامدانی ریفراندۆم گرنگە بۆ ئەوەی بزانرێت خەڵکی کوردستان چی دەوێت. پێویستە ئەوەشمان لەبیرنەچێت، کە ریفراندۆم دەربڕینی ڕای خەڵکە نەك ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بۆیە زۆر پێم سەیرە هەندێك کەس دەڵێن کات گونجاو نییە بۆ ریفراندۆم. چۆن کات گونجاو نییە بۆ ئەوەی خەڵك بڵێن چییان دەویت؟ ئەنجامی ریفراندۆم باشترین بەڵگە دەبێت بۆ دیارکردنی ویستی خەڵکی کوردستان. ئەمە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە و هەمەلایەنەیە و سەرکردایەتی ملکەچی بڕیاری خەڵك دەبێت و لەسەر بنەمای بڕیاری زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەکرێت باس

**ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان کاریگەرییان لەسەر تێکشکاندنی دوژمن و ڕووخاندنی ورەی دوژمن هەیە. بەڵام لەوەش گرنگتر ئاماژەیە بە توانای هێزە تایبەتییەکانی خۆمان وەک دژەتیرۆر کە لە ئاستێکی زۆر بەرز دەتوانن لە پاڵ هێزە هاوشێوەکانیان لە هێزەکانی ئەمریکا ئۆپەراسیۆنی وا ورد و گرنگ ئەنجام بدەن**

**ئێستا پێداویستیی هەرە سەرەکیی پێشمەرگە مووچە و میزانییەی گونجاوە کە بەداخەوە نەبوونی بودجە کاریگەری کردووەتە سەر دۆخەکە و ئەگەر پێشمەرگەو بیر و باوەڕی بەهێزی نەبێت، هیچ هێزێک بەرگەی ئەو دۆخە نالەبارە ناگرێت**

**پێشمەرگە وەک هێزێکی نیزامی و ڕێکخراو و خاوەن ئەزموون پێویستی بە هەموو چەکێکە کە هێزە مودێڕنەکان هەیانە. تا چەکی باشتر و قورستر و کاریگەرتر لەبەر دەستی پێشمەرگە بێت، پێشمەرگە سەرکەوتووتر دەبێت و زیانی کەمتر دەبن**

**دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان گرنگییەکی زیاتر بە بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی بدەن و تەنیا بیر لە ململانێی سیاسی و فراوانکردنی پێگەی خۆیان نەکەنەوە**

**ئێمە نامانەوێت بە شەڕ و توندوتیژی کێشەکان یەکلایی بکەینەوە، چونکە لەو بڕوایەدا نین هیچ لایەنێکمان لەوەدا سەرکەوتوو بین، بەڵام بە لەیەک تێگەیشتن و قەناعەت بە یەکتر کردن، دەتوانین ئایندەیەکی رووناکتر بۆ خۆمان و بۆ گەلانی دەوروبەریش دەستەبەر بکەین**

لە ئایندە و شێوازی حوکمڕانی و بڕیاری سیاسی بکرێت. ئێمە نامانەوێت بە شەڕ و توندوتیژی کێشەکان یەکلایی بکەینەوە، چونکە لەو بڕوایەدا نین هیچ لایەنێکمان لەوەدا سەرکەوتوو بین، بەڵام بە لەیەک تێگەیشتن و قەناعەت بە یەکتر کردن، دەتوانین ئایندەیەکی رووناکتر بۆ خۆمان و بۆ گەلانی دەوروبەریش دەستەبەر بکەین، بۆ ئەوەش پێویستە لەگەڵ عێراق بە وردی قسەی لەسەر بکەین و لەوە تێبگەن کە مادام ناتوانن کورد وەك هاوبەش و یەکسان ببینن، ئیتر کاتی ئەوەیە رێگەبدەن بە خۆشی و ئاشتییانە لە یەك جیا ببینەوە و ببین بە هاوپەیمانی بەهێز بۆ یەکتر. بە لەیەك گەیشتن و رێککەوتن لەگەڵ عێراق حەساسیەتی وڵاتانی ناوچەکەش کەمتر دەبێت. هەروەها لەگەڵ وڵاتانی دیکەش قسە بکرێت. گرنگ ئەوەیە کە بتوانین وەك گەلێك بە یەك هەڵوێست و یەك بڕیار ئەمە بکەین و بە پێی هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکانیش کەس ناتوانێت بڕیاری گەلێك نادیدە بگرێت و ئۆمێدی سەرکەوتنی گەلەکەمان بە گەیشتن بە ئامانجەکانی زۆر زیاتر دەبێت.

*** هەنگاوهەڵگرتن بۆ چاکسازی سیاسی و حوکمڕانی، پێویستییەکی دیکەی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانە، ئایا تاچەند بایەخ بەم پرسە گرنگە دراوە و تاچەند هەنگاوهەڵگرتن بۆ چاکسازی دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی باشتر خەڵکی کوردستان بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بکات؟**

- سەقامگیری سیاسی لە کوردستان گرنگە بۆ حوکمڕانییەکی تەندروست، بەڵام پێویستە ئەمە لەبەرچاو بگیرێت کە دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان گرنگییەکی زیاتر بە بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی بدەن و تەنیا بیر لە ململانێی سیاسی و فراوانکردنی پێگەی خۆیان نەکەنەوە. سیستەمی حوکمڕانی پێویستە لە سەر بنەمایەکی درووست بێت، نەك لەبەر ئەوەی لایەنێکی سیاسی را و بۆچوونێکی جیاوازی هەیە، لایەنی تر دژی ئەوە هەڵوێست وەربگرێت. با بە قووڵی بیر لەوە بکرێتەوە کە کام سیستەمی حوکمڕانی زیاتر خزمەتی خەڵکی کوردستان دەکات و زیاتر دەرهاوێشتەی حەزی خەڵکی کوردستانە. تا خەڵك زیاتر بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە وەرگرتنی بڕیاردا بەشدار بن، بێگومان کاریگەرییان لە سەر بڕیارەکان زیاتر دەبێت، بەتایبەتی لە بابەتی سەربەخۆیی هیچ ئالتەرناتیڤێك ناتوانێت جێگرەوەی بەشداری راستەوخۆی خەڵك بێت.

*** بەڕێزتان وەك راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان، لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی داعشەوە، وەك پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوە بوون، دیارە ئەمەش وەك باس دەکرێت لەبەر ئەوە بووە، شەڕی تیرۆریستانی داعش بۆ پێشمەرگە شەڕێکی تازە بووە و هێندەی ئەنجومەنی ئاسایش ئەزموونی لە شەڕی دژی تیرۆریستان نەبووە، بەڵام بە ماوەیەکی کورت توانیتان هاوکاری پێشمەرگە بن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم شەڕە راببێن. ئایا تاچەند بۆ ئێوە قورس بوو، هاوشانی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوخۆیی کوردستان، ئەم ئەرکەشتان کەوتە سەرشان؟**

- وەك هەموو پێشمەرگەیەك و هاووڵاتیانی خاوەن هەڵوێست بە ئەرکی خۆمان زانیوە بەشدار بین لە بەرگریکردن لە کوردستان و ئەم ئەرکەمان لەسەر شان بووە، بەڵام بە هاتنی داعش بۆ سنوورەکانی کوردستان وەك پێشمەرگە، زۆر لە کادر و ئەفسەر و کارمەندەکانی دەزگاکانمان بەشدارییەکی راستەوخۆی ئەرکی بەرگریکردنیان کردووە و دەورێکی کاریگەریشمان بینیوە لە هەماهەنگیکردن لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانان و پێشمەرگە و بەتایبەتی لە ئاراستەکردنی هێرشە ئاسمانییەکان بۆ سەر دوژمن و گەیاندنی زانیاری ورد و بەپەلە بە پێشمەرگە لەکاتی خۆیدا کە زۆر جار هۆکاری سەرەکی تێکشکاندنی دوژمن بووە. هەروەها بەردەوام لە هەموو وێستگە و پێوەندییەکانماندا لەگەڵ هاوپەیمانەکان باسمان لە پێداویستی چەك و لۆجستیکی و هاوکاری بۆ پێشمەرگە کردووە و بە شانازییەوە توانیومانە بەرهەمی باشیش بەدەست بێنین.

*** بە حوکمی ئەزموونی دامەزراوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستان، بەشی زۆری میدیاکانی جیهان بۆ پێداویستی چەك و تەقەمەنی پێویست بۆ پێشمەرگە رای ئێوە وەردەگرن، بەڵام ئەوەی لە ئێوە گوێمان لێبووە، هەتا ئێستاش هێزی پێشمەرگە بەو ئاستە پڕچەك نەکراوە کە بەپێی پێویست و بە بەردەوامی ئیدارەی شەڕێکی ئاوا گەورە لەگەڵ تیرۆریستان بکات، ئایا پێداویستی پێشمەرگە لە ئێستادا چین؟**

- پێشمەرگە وەك هێزێکی نیزامی و رێکخراو و خاوەن ئەزموون پێویستی بە هەموو چەکێکە

کە هێزە مودێرنەکان هەیانە. تا چەکی باشتر و قورستر و کاریگەرتر لەبەر دەستی پێشمەرگە بێت، پێشمەرگە سەرکەوتووتر دەبێت و زیانی کەمتر دەبن. لەو چەکانەش تانک و تۆپی دوورهاوێژ و هەلیکۆپتەر و چەکی قورس و زرێپۆش و جلوبەرگی باش و عیتادی هەمەجۆرە. بەڵام ئێستا پێداویستیی هەرە سەرەکیی پێشمەرگە مووچە و میزانییەی گونجاوە کە بەداخەوە نەبوونی بودجە کاریگەری کردووەتە سەر دۆخەکە و ئەگەر پێشمەرگە و بیر و باوەڕی بەهێزی نەبێت، هیچ هێزێک بەرگەی ئەو دۆخە نالەبارە ناگرێت. بۆیە هیوادارم بژێوی ژیانی پێشمەرگە و دابینکردنی مووچە بۆ خۆیان و ماڵ و منداڵیان بە زووترین کات چارەسەر بکرێت.

*** هێزەکانی دژەتیرۆری سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان، توانییان بە سەرکەوتوویی لەگەڵ هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا، بۆ یەکەمین جار لە شەڕی دژی داعش، ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی هاوبەش لە حەویجە ئەنجامبدەن، ئێستاش لە ستراتیژیەتی تازەی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش، باس لە ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ هێزە لۆکاڵەکان دەکرێت بۆ گۆڕینی ئاراستەی شەڕەکە، ئایا ئەو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەی هێزی دژەتیرۆر و هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا، بووە زەمینەیەک بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە ستراتیژیەتی تێکشکاندنی داعش؟**

- بێگومان ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان کاریگەرییان لەسەر تێکشکاندنی دوژمن و رووخاندنی وورەی دوژمن هەیە. بەڵام لەوەش گرنگتر ئاماژەیە بە توانای هێزە تایبەتییەکانی خۆمان وەک دژەتیرۆر کە لە ئاستێکی زۆر بەرز دەتوانن لە پاڵ هێزە هاوشێوەکانیان لە هێزەکانی ئەمریکا ئۆپەراسیۆنی وا ورد و گرنگ ئەنجام بدەن.

*** ئەگەر پرسیارێک سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، دیارە ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان شانی داوەتە بەر ئەرکێکی مێژوویی گەورە و لە بەرامبەر تەحەددییەکانی ناوخۆ و دەرەوە و ئیقلیمی راوەستاوە. ئایا پێویستە پارتی لەم قۆناخەدا چی بکات، بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەم بەرپرسیاریەتییە گەورە و مێژووییەدا بێت؟**

- پارتی هەمیشە کوردایەتی کردووە و خۆی بە پارێزەری دەستکەوتە نیشتمانییەکان زانیوە و پێویستە لەم قۆناغەشدا هەموو هەوڵێک بدات بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونە و پارێزگاری کردن لە نەتەوە و نیشتمان و هەنگاوی گونجاویش بهاوێژێت بۆ دەستەبەرکردنی دەستکەوتی زیاتر و خوێندنەوەیەکی ژیرانەی هەبێت کە لە کام کات و ساتدا چ بڕیارێک بدات و چ هەنگاوێک بهاوێژێت. پارتی هەمیشە سەکۆیەکیش بووە بۆ کۆکردنەوەی هەموو خەڵکی کوردستان و لە یەک نزیک کردنی بیر و بۆچوونی هێزە نیشتمانپەروەرەکان و رێگەی بە سەرکەوتنی پیلانی وێرانکەریش نەداوە و ئێستاش ئەرکی پارتی و هەموو هێزەکانی نیشتمانپەروەرە کە بەیەکەوە بارودۆخی ئێستای هەرێم بەرەو ئارامی و ئاساییکردنەوە ببەن و هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتریش بدەن لە هەموو رووبەکەوە.

*** داواپرسیارمان سەبارەت بە قەیرانی ئابووری و گوزەرانی خەڵکی کوردستانە. ئاشکرایە ماوەی دووساڵە خەڵکی کوردستان قارەمانانە خۆڕاگری خۆیان پیشانداوە لە بەرامبەر ئەم قەیرانە ئابوورییە، هەروەها سەرۆک بارزانی داوای لە حکومەت کردووە هەموو هەوڵێک بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە چارەسەر بکات. پرسیار ئەوەیە ئایا بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە، وێڕای چاکسازییەکانی حکومەت کە دەستی پێکردووە، تا چەند گرنگە دیالۆگێکی راستەوخۆ لە نێوان حکومەت و خەڵک هەبێت، بۆ ئەوەی پێکەوە ئەم قۆناخە سەختە تێپەڕێنین؟**

- نزیکبوونی حکومەت لە خەڵک ئەرکە و پێویستە خەڵک متمانەی بە حکومەت هەبێت و بە هی خۆی بزانێت. پێموایە کێشەیەکی سەرەکی ئەوەیە کە خەڵک لە هەموو شت ئاگادار نییە. حکومەت کەمتەرخەم بووە لەوەی بەراشکاوی هەموو کێشە و گرفت و بەرنامەی ئابووری خۆی وەک پێویست بە خەڵک بگەیەنێت. پێویستە حکومەت لە دارشتنی سیاسەتی ئابووری رای خەڵک بە هەند وەربگرێت. چارەسەرکردنی گرفتەکانیش لەوەوە دەستپێدەکات کە دان بە هەڵەکاندا بنرێن و سیاسەتی ئابووری حکومەتی ئێمە لە سەرەتاوە دەکرا باشتر بێت و تەنیا پشت بە کەرتی نەوت و غاز نەبەستێت و کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازیش پێش بخات و ژێرخانێکی بەهێزی ئابووری دروست کرابا. ئێستاش هاوکات لەگەڵ ئەو هەوڵە چاکسازییانە کە پێویستە بە بنبڕکردنی گەندەڵی دەستی پێبکرێت، زۆر گرنگە کە سیستەمێکی ئابووریی بەهێز لەسەر بنەمایەکی زانستی دروست بکرێت و خەڵک نەک تەنیا ئاگادار بێت، بەڵکو بەشدار بێت.

**جەنابی سەرۆک رایوایە پێویستە خەڵکی حەکەم بن و خۆیان بڕیار لەسەر داهاتووی خۆیان بدەن، بەڵام بەداخەوە هەندێک جار بەرژەوەندیی تەسکی حزبی رێگە لەئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان دەگرن. بۆیە حەق وایە هەر لایەنێک بەرژەوەندییە گشتییەکان بکاتە قوربانیی دەستکەوتی تایبەتی، ئەوا بکەوێتە ژێر پرسیاری خەڵک و بەرامبەر بە دەرئەنجامی هەڵوێستەکانی بەرپرسیار بێت**

**سەربەخۆیی مافێکی سروشتی گەلەکەمانە و کەس ئەو مافە بە ئێمە نابەخشێت، بەڵکو لێمان سەندراوە و پێویستە هەر کاتێ بۆمان کرا، مومارەسەی ئەو مافە بکەین. ئێستا زۆر لە وڵاتانی دنیا دان بەوەدا دەنێن کە غەدرێکی مێژوویی لە خەڵکی کوردستان کراوە و وەک هەموو گەلانی جیهان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە**

**مادام سیستەمی فیدراڵی و سیستەمەکانی تری حوکمڕانی لە عێراق نەیانتوانیوە چارەسەری کێشەکانمان بکەن، پێویستە بۆ رێگرتن لە شەڕ و ماڵوێرانی بیر لەوە بکەینەوە کە وەک دوو دراوسێ و هاوپەیمان لەگەڵ عێراقدا بژین و پێویستە خەڵکی کوردستان بڕیار لەسەر شێوازی حوکمڕانی و مافی چارەنووسی خۆی بدات**

# کوردستانی عێراق ناکۆکیی تفەنگ و سنووری سەنگەر

**مسعود بارزانی بەم دواییە داوای لە جیهان کردبوو کە دان بنێن بە شکستهێنانی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ کە هەردوو وەزیری بەریتانیا و فەرەنسا لە ساڵی ١٩١٦ واژۆیان کردبوو، کە ڕێککەوتننامەیەکی نهێنی بوو بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەڵات، ئەم ڕێککەوتننامەیە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧ ئاشکرا بوو، بارزانی داوای ڕێککەوتنێکی تازەی کرد کە ڕێگە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی خۆش بکات. مسعود بارزانی لە لێدوانێکیدا کە ڕۆژنامەی گاردیان-ی بەریتانی لە کۆتایی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ بڵاوی کردەوە، ڕایگەیاندبوو: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ناکرێ جارێکی دیکە عێراق و سووریا وەك دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری ڕێکبخرێنەوە، لەمەش خراپتر پێکەوەژیانی زۆرەملێی کارێکی هەڵەیە، ڕاشکاوانەش ئاماژەی بەوە کردووە سەردەمی سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە.**



**عەبدولحوسێن شەعبان**
توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

لەسەر پرسی دروستکردنی سەنگەر بە درێژایی شەڕی پێشمەرگە لە دژی داعش, دەمەقاڵێ و کێشمەکێشێکی لە ڕادەبەدەر تا ڕادەی تۆمەتبارکردن هاتەئاراوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە بەنیازە ریفراندۆمێك بۆ دیاریکردنی سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدات، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ کارەکانی لێدانی سەنگەر کە کۆمپانیاگەلێکی ئەمریکی و فەرەنسی جێبەجێی دەکەن. لە هەمان کاتدا پەرچەکردارێکی زۆری لەلایەن هێزە سیاسییە شیعەکانەوە بەدوای خۆیدا هێنا، کە داوایان لە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران کرد، هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەم بابەتە روون بکاتەوە. ئەو هێزانە بێدەنگیی حکومەتی فیدراڵیان بەرامبەر بەم پرسە رەتکردەوە. هەروەها سەرکردەیەکی کوتلەی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشوو سەرۆکایەتی دەکات، هەر بەم شێوەیە هەڵوێستی خۆی راگەیاند.

لەلای خۆیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان رەتی کردەوە کە مەبەست لە لێدانی سەنگەر(نەخشەکێشانی سنووری هەرێم) بێت، لەم بارەوە جەبار یاوەر ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند: لێدانی سەنگەر پێوەندی بە سنووری هەرێمەوە، یان پرسە جوگرافی و سیاسییەکانەوە نییە، یان پەیوەست نییە بەو کێشانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵدا هەیە، بەڵکو تەنیا بۆ خۆپاراستنی پێشمەرگەیە لە هەڕەشەکانی ڕێکخراوی داعش.

شایانی باسە هەڵکەندنی سەنگەر لە ناوچەی رەبیعەوە لەسەر سنووری عێراق — ئێران درێژدەبێتەوە تا دەگاتە قەزای خانەقین لە پارێزگای دیالە لە سەر سنووری عێراق — ئێران، ناوچە کێشە

لەسەرەکانیش دەگرێتەوە، کە تا ئێستا چارەنووسیان بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، بگرە هەر لە کەرکووکەوە کە خاڵی گرژی و تێکچرژانی نێوان عەرەب و کورد و تورکمانە، هەروەها هەموو ئەو ناوچانەش کە دەکەونە ناو ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق، کە دواتر لە مادده ٥٨ی ساڵی ٢٠٠٤ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت (قۆناغی گواستنەوە) بۆ ئەو ماددەیە گواسترایەوە.

داگیرکردنی پارێزگای مووسڵ لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ و ناوچەکانی دیکە بەتایبەتیش لە هەردوو پارێزگای کەرکووك و دیالە لەلایەن داعشەوە، بووە هۆی سەرهەڵدانی خولیا و ترسە بەردەوامەکان تایبەت بە مافی چارەنووسی ئەو ناوچانە، بۆیە ئەمە تەنیا پەیوەست نییە بە رەوشی ئێستا و ئەو نیگەرانییەی لە ئاکامی ململانێی سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ئەو ناوچانە کەوتەوە، بەڵکو سەبارەت بە ئایندەی ناوچەکانە دوای داعش، ئەمەش ترسە راستەقینەکەیە، هاوکات مەترسییە گەورەکە و ئەوەی پەیوەستە بە یەکێتیی عێراق، بەتایبەتیش کە داعش سنووری سایکس پیکۆ-ی تێکشکاند، کاتێ کە شاری رەقە و دێرزوری بە مووسڵ و رۆژئاوای عێراقەوە بەستەوە.

بۆیە ئەگەر داعش زوو، یان درەنگ کۆتایی بێت، لەبەر ئەوەی ئەو رێکخراوە دژی بوونی مرۆڤایەتی و ژیانی خەڵك و گوزەران و بیروباوەڕی بۆماوەییانە، هاوکات داعش دژی تێگەیشتنی نائایدیۆلۆژیی لێبووردەیی خەڵکە لە هەمبەر ئیسلام، ئەوا دوای داعش رەوشێکی دیکەی ململانێ و شەڕوشۆڕی بەدوادا دێت، ئەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین پێشەکیی ئەو رووداوانەیە، چ لە پرۆسەی پاکتاوکردن و توندوتیژی و تیرۆر کە میلیشیا سەرەڕۆکان لە میقدادیە و دیالە و دواتر لە سەلاحەدین و کەرکووك ئەنجامیان داوە، بەتایبەتیش لە حەویجە و خورماتوو، هەروەها ئەوەی لە شنگال رووی دا، ئەمە وێڕای ئەو گومانانەی کە هەڵکەندنی سەنگەر بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە هەموو ئەمانە لە نەبوونی بڕوا و متمانە، یان تایفەگەری لەسەر حیسابی لایەنی دیکە هاتۆتەئاراوە، ئەوە جگە لە هەوڵە حزبییەکان بۆ سەپاندنی دەسەڵات تەنانەت لەنێو یەك توێژیشدا.

پێشتریش مسعود بارزانی داوای لە جیهان کردبوو کە دان بنێن بە شکستهێنانی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ کە هەردوو وەزیری بەریتانیا و فەرەنسا لە ساڵی ١٩١٦ واژۆیان کردبوو، کە رێکەوتننامەیەکی نهێنی بوو بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەڵات. ئەم رێککەوتننامەیە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا لە ساڵی ١٩١٧ ئاشکرا بوو. بارزانی داوای رێککەوتنێکی تازەی کرد کە رێگە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی خۆش بکات. مسعود بارزانی لە لێدوانێکیدا کە رۆژنامەی گاردیان-ی بەریتانی لە کۆتایی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ بڵاوی کردەوە، رایگەیاندبوو: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ناکرێ جارێکی دیکە عێراق و سووریا وەك دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری رێکبخرێنەوە، لەمەش خراپتر پێکەوەژیانی زۆرەملێی کارێکی هەڵەیە، راشکاوانەش ئاماژەی بەوە کردووە سەردەمی سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، جا ئەگەر ئەوان ئەمە بڵێن، یان نا، چونکە، بە گوتەی بارزانی راستییەکە لەسەر زەویی واقیعدا دووپاتی ئەمە دەکاتەوە.

بارزانی دووپاتی کردەوە کە سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لە ئێستادا لە هەموو کاتێك نزیکتر بووە، روونیشی کردەوە کە ئەو دەوڵەتانەی پێشتر ناڕازی بوون بەرامبەر بەمە، ئەمڕۆ خەریکە دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەم جۆرە هەنگاوە زۆر راستە، چونکە سەروەریی کورد بە پێی سنووری ئێستا، روونی و ئاشکراییەك بە دیمەنەکە دەدات، رەنگە مەبەستی ئەو، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بێت بە هۆی گۆڕانکارییە جیۆسیاسییەکان کە لە ناوچەکە روویانداوە، بەتایبەتیش دوای داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە، هەروەها رۆڵی پێشمەرگە لە دوورخستنەوەی داعش لە کەرکووك و لە ئازادکردنی شنگال و لە شەڕی چاوەڕوانکراوی مووسڵدا، کە هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەشداری تێدادەکەن و لە ئێستاشدا مەشق بە ژمارەیەکی زۆری عەشیرەتەکان دەکەن و چەکداریان دەکەن. دیارە واشنتۆن هێزێکی زۆری لە هێزە ئەمریکییەکان رەوانەکردووە بە ناوی شارەزا و راهێنەر، یان سەرباز و ئاسایش و لە ژێر ناونیشانی جیاجیادا، سەرەڕای هێزی پیادەی گواستراوە بە فڕۆکە.

لای هیچ توێژەرێك لە کاروباری کورد شاردراوە نییە کە ئەو خەونەی هەیە بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ، خولیای هەموو کوردێکە

**بزووتنەوەی کورد بە درێژایی ساڵانی رابردوودا بە واقعبینییەکی سیاسییانە هەڵسوکەوتی کردووە، چ بە بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی فیدراڵ، یان چ لە چوارچێوەی فیدراڵییەکی فراواندا، بەشێوەیەک کە هەرێم بەرەکەی دەچنێتەوە**

**رەنگە ئەوەی سەرنجراکێشە ئەوەیە کە هەر قەیرانێک لە هەرێم روودەدات پەرەسەندنێکی دەرەکی بەدواوەیە کە ئاماژەیە بۆ سەربەخۆیی، جا ئەگەر خەونی کورد بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی رەوا بێت، بەڵکو هەندێ عەرەبی عێراقیش پشتگیریی دەکەن، بە تایبەتیش رەوتی چەپ و لیبراڵ، کاتێ کە ژیانی هاوبەش بۆتە شتێکی ئەستەم، بەڵام ئەمە پێویستی بە لێکگەیشتن ورێککەوتنگەل و هێڵی پێوەندی و دامەزراندنی پردی متمانە هەیە**

**داگیرکردنی پارێزگای مووسڵ لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ و ناوچەکانی دیکە بەتایبەتیش لە هەردوو پارێزگای کەرکووک و دیالە لەلایەن داعشەوە، بووە هۆی سەرهەڵدانی خولیا و ترسە بەردەوامەکان تایبەت بە مافی چارەنووسی ئەو ناوچانە، بۆیە ئەمە تەنیا پەیوەست نییە بە رەوشی ئێستا و ئەو نیگەرانییەی لە ئاکامی ململانێی سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ئەو ناوچانە کەوتەوە، بەڵکو سەبارەت بە ئایندەی ناوچەکانە دوای داعش، ئەمەش ترسە راستەقینەکەیە**

**رەنگە کورد یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فرەبناغە بێت، کە دەکرێ چەندین قەوارەی دیکە لە دەوری کۆببنەوە، تا دواتر ئامانج و پلانە کردەییەکان گەڵاڵە بن بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحەدداکان لە بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوە کە لە داهاتوودا دێنەپێش**

لەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەشبوون، - عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا- رەنگە خەونەکە لەوە دوورتر بێت، تا دەگاتە یەکگرتنەوەی هەموو نەتەوەی کوردی بەشبەشکراو، ئەمەش خەونێکی رەوایە وەك هەموو گەلانی دیکە، چونکە ژمارەی دانیشتووانی کورد لە نێوان ٣٠-٤٠ ملیۆن کەسە و رووبەری زەوییەکەشی لە ٤٠٠ هەزار کیلۆمەتر دووجا زیاترە، بەڵام روانین و بەئومێد خواستنی ئەمە شتێکە و واقیعی سەپێندراو شتێکی دیکەیە. رەنگە کورد یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فرەبناغە بێت، کە دەکرێ چەندین قەوارەی دیکە لە دەوری کۆببنەوە، تا دواتر ئامانج و پلانە کردەییەکان گەڵاڵە بن بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحەدداکان لە بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوە کە لە داهاتوودا دێنەپێش.

لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە بزووتنەوەی کوردد دروشمی( دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)ی بەرزکردبۆوە، ئەم دروشمە دوای شکستی رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەتی عێراق و شکستهێنانی جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی، کە حکومەتی بەغدا لە ١٩٧٤ دەری کرد، زیاتر پەرەی سەند و گۆڕا بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی (فیدراڵییەت) وەك شێوازێکی تازەی مافەکانی کورد، بۆیە یەکەمجار پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری(یەکێتی فیدراڵی) دا، کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش لە کاتی خۆیدا پشتگیریی کرد، دواتر بوو بە واقعێك بە پێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٤ی(کاتی) و دەستووری جێبەجێکراوی ساڵی ٢٠٠٥، لەگەڵ ئەوەی ئەم جەختکردنەوەیە تەمومژاوی بوو. هەروەها چەندین ناتێگەیشتن و مینی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە رەنگە لە هەر ساتێکدا بتەقێتەوە، بەتایبەتیش ئەوەی کە پەیوەستە بە ماددەی ١٤٠ و لێکدانەوە و بۆچوون و ئاڵۆزییەکانی، هەروەها تایبەت بە هەردوو ماددەی ١١١ و ١١٢ی پەیوەست بە نەوت و غاز و سامانی سروشتی، هاوکات بە یاسابوون و شەرعییەتی واژۆکردنی رێککەوتننامەگەلی تایبەت لەگەڵ دەوڵەتانی بیانیدا، ئەمە وێڕای وەبەرهێنان و بەبازاڕکردن، هەروەها پێوەندیی پێشمەرگە بە فەرماندەیی سوپای عێراقەوە.

ئەم هەموو شتانە هەستەوەرییەکی زیاتری نایەوە، وەك هەستەوەریی شەڕ و کوشتار لە نێوان حکومەت و بزووتنەوەی کورد، بە شێوەیەك گومانی نێوان بەغدا و هەولێر زیاتر تەشەنەی کرد، تا گەیشتە ئەوەی رەنگدانەوەی هەبێت لەنێوان هەولێر و سلێمانی، لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەك و بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامیی کورد لەلایەکی دیکەوە، هەتا ململانێیەکە زۆر لەوە قووڵتر بوو، بەشێکیان رەهەندی مێژووییان هەبوو، بە شێوەیەك کە گوزارشتیان لە شێوازی ناکۆکیی یاسایی و دەستووری دەکرد، کە پەیوەست بوون بە دیاریکردنی ویلایەت و دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم، دیارە پەرچەکردارەکە زۆر توندوتیژ بوو، تەنانەت بۆشایی لە نێوان سەرکردایەتیی هەرێم و هێزەکانی دیکەی پەرلەمان و وەزارەتەکان قووڵتر بووەوە، ئەویش بە گرتنەبەری رێکاری سەرنجڕاکێش کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بە پەراوێزخستن لە قەڵەمیان دا.

رەنگە ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە هەر قەیرانێك لە هەرێم روودەدات پەرەسەندنێکی دەرەکی بەدواوەیە کە ئاماژەیە بۆ سەربەخۆیی، جا ئەگەر خەونی کورد بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی رەوا بێت، بەڵکو هەندێ عەرەبی عێراقیش پشتگیریی دەکەن، بە تایبەتیش رەوتی چەپ و لیبراڵ، کاتێ کە ژیانی هاوبەش بۆتە شتێکی ئەستەم، بەڵام ئەمە پێویستی بە لێکگەیشتن ورێککەوتنگەل و هێڵی پێوەندی و دامەزراندنی پردی متمانە هەیە.

بەڵام تایبەت بە هەڵوێستی نێودەوڵەتی ئەوا هیچ هەڵوێستێکی ئاشکرا نییە بۆ پشتگیریی سەربەخۆیی کوردستان. سەرۆك مسعود بارزانی لە دوا سەردانیدا بۆ واشنتۆن لە ٣ی ئایاری ٢٠١٥ بیرۆکەی راگەیاندنی سەربەخۆیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، بەڵام ئەوە بەپێی هەواڵەکان پشتگیریی وەك پێویستی لێنەکرا، هەروەها یەکێتیی ئەورووپا لەم قۆناخەی ئێستا دواخستنی پرۆسەکەی پێباشترە، هەر بۆیە هەرێمیشی هان دا تاکو بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسێیە ناکۆکییەکان وتووێژ لەگەڵ بەغدا بکات، لەهەمووی گرنگتر نەوت و قەیرانی دارایی و دەرماڵەی پێشمەرگە، زانراویشە کە یەکێتیی ئەورووپا قەرزێك بە پێنج ملیار دۆلار دەداتە بەغدا، هەولێریش هەوڵدەدات پشکێکی لەو قەرزە هەبێت، ئەمەش دیارە مەرجێکە بۆ هەرێمی کوردستان، هەر ئەوەیان هاوکات بوو لەگەڵ سەردانی شاندی باڵای کورد بۆ بەغدا




بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ تایبەت بەو بابەتانەی پێشتر باسکراون. بەڵام تایبەت بە هەڵوێستی ئیقلیمی، ئەوا دەکرێ بگوترێت کە تا ئێستا رێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نادرێت.

بزووتنەوەی کورد بە درێژایی ساڵانی رابردوودا بە واقعبینییەکی سیاسییانە هەڵسوکەوتی کردووە، چ بە بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی فیدراڵ، یان چ لە چوارچێوەی فیدراڵییەکی فراواندا، بەشێوەیەك کە هەرێم بەرەکەی دەچنێتەوە، ئەمەش لە ئێستادا لە هەموو شێوازێکی دیکە زیاتر سوودی بۆ کورد هەبووە، کە مانای وا نییە هیچ کاریگەرییەك، یان درزێك بخاتە مافی چارەی خۆنووسینەوە، بەڵام ئەم کارە پێویستی بە دیالۆگی زیاتر و قەناعەت پێهێنان و لێکگەیشتن و گرتنەبەری هۆکارە یاسایی و ئاشتییەکان هەبوو، هەروەها چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و سوودە ئاڵوگۆڕکراوەکاندا، کە ئەمەش پوختەی ئەزموونێکی تاڵی عێراقییە لە نێوان حکومەت و کورددا، کە بە تفەنگ یەکلایی نەکرایەوە و بە سەنگەریش چارەسەر نابێت، لە کاتێکدا کە داعشیش خۆی لە بەرامبەر هەمووانیدا دانووساندووە و سەنگەری لێگرتووین.



هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەلماندی تەنیا هێزە لە سەر زەوی کە توانای ئەوەی هەیە هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و تێکیان بشکێنێت. لەم رووەوە پێشمەرگە ئێستا لەسەر زەوی لە بری جیهانی ئازاد لە بەرەی پێشەوەی شەڕ لە دژی تیرۆریستانی داعشە، بۆیە ئەم هێزە پێویستی بە هاوکاری لۆجیستی و سەربازی هەیە، بەتایبەتی کە ئێستا کوردستان بە قەیرانێکی ئابووری سەختدا تێدەپەڕێت و دابەزینی نرخی نەوت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێت بە ئاسانی ئەم قەیرانە تێپەڕێنێت، هەر بۆیە ماوەیەك پێش ئێستا شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەمریکای کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکا ئەم پرسە تاوتوێ بکات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و هەڵوێست و رای گشتی ئەمریکا لە سەر پرسی سەربەخۆیی و ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

## بەیان سامی عەبدولڕەحمان

### نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا بۆ گوڵان:

# لە کۆنگرێس، سیناتۆر جۆن ماکین و لیندزی گراهام سەرقاڵی یاسایەکی بەپەلە و لەناکاون بۆ ئەوەی تەمویل بۆ پێشمەرگە دابین بکەن

*** بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، ئێستا هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانێکی سەخت بۆتەوە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە تەنیا هێزی شەڕکەرە لەسەر زەوی پێویستی بە هاوکاری دارایی هەیە، دیارە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە سەرکردایەتی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەکات، ئاگاداری ئەوەیە پێشمەرگە پێویستی بە هاوکاری داراییە. ئایا ئێوە وەك نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، چ هەوڵێکتان بەم ئاراستەیە داوە و تاچەند هەوڵەکانتان بەرهەمی هەبووە؟**

- ئێمە لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا بەردەوام لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا کۆبوونەوە دەکەین، لەگەڵ کۆنگرێس، کۆشکی سپی، وەزارەتی دەرەوە و ئاژانسی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە مەبەستی گەیاندنی ئەم پەیامانە و پەیامی تریش. ئەمە ئەرکی رۆژانەی ئێمەیە. رۆڵی ئێمە بریتییە لە گەیاندنی پەیامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی کوردستان بە دەستگای درووستکردنی بڕیار لە واشنتۆن. لە دوایین گەشتی بەڕێزان سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، دکتۆر فوئاد حوسێن و بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوە، فەلاح مستەفا، لە کانوونی دووەمدا، لە کۆنگرێس و لە سەرکردایەتیی ئیدارەی ئەمریکا کۆبوونەوەمان لەگەڵ چەندین کەسایەتی گرنگ کرد. هەروەها لەگەڵ ژەنەڕاڵ لۆید ئۆستن لە بارەگای سێنتکۆم (فەرماندەیی ناوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان) کۆبووینەوە. شاندەکە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا لە لایەن دۆستە ئەمریکییەکانەوە، ئەوان لە پەیامەکەی ئێمە تێگەیشتن سەبارەت بە قەیرانی دارایی کوردستان و بە جددی ئەم بابەتەیان وەرگرتووە. ئەگەرچی شتێکی دیاریکراو پێشکەش نەکراوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ئەمریکی پەیمانیان داوە کە بە پەلە لە بابەتەکە بکۆڵنەوە. لە چەندین کۆبوونەوەدا بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکان جەختیان لە هاوبەشیی نێوان هەردوولا کردەوە، هەروەها جەختیان لە سەر پێویستیی پاراستنی سەقامگیریی کوردستان کردەوە. دوابەدوای کۆبوونەوەکانمان لە واشنتۆن و لە تامپا لە فلۆریدا کە بارەگای سێنتکۆمی لێیە، ژەنەڕاڵ ئۆستن گەشتی بۆ هەولێر کرد بۆ ئاخاوتن لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی. باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق ستیوارت جۆنز، کونسوڵی گشتیی ماسیاس میتمان و دیپلۆماتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەولێر لە هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ سەرۆك وەزیران کاك نێچیرڤان بارزانی و جێگری سەرۆك وەزیران کاك قوباد تاڵەبانی کۆبوونەوە بە مەبەستی بەدواداچوونی تاوتوێکردنی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ ئێمە و باسکردنی هەندێك بابەتی دیکە.

لە کۆنگرێس، سیناتۆر جۆن ماکین و لیندزی گراهام سەرقاڵی یاسایەکی بەپەلە و لە ناکاون بۆ ئەوەی تەمویل بۆ پێشمەرگە دابین بکەن.

*** ئاشکرایە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بری تەواوی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، شەڕێکی سەخت و نابەرابەر دەکات. ئایا ئێوە وەك نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند ئەم پرسەتان لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکا باسکردووە، بەوەی پێویستە پێشمەرگە وەك هێزی سەرەکی دژی داعش و وەك هێزێکی نێودەوڵەتی سەیر بکرێت و بودجە و مووچەی لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ دابین بکرێت؟**

- بەشێك لە پەیامی ئێمە بۆ ئەمریکا ئەوە بووە کە پێشمەرگە لە بری جیهانی ئازاد، شەڕی داعش دەکات. هاوڕێ ئەمریکییەکان لەم خاڵە تێدەگەن و سەرچاوەی گەورەیان دابین کردووە بۆ شەڕ. ناتوانم کۆمێنت بدەم لەسەر هەندێك دانوستان کە ئێستا لە ئارادایە، بەڵام دەمەوێت گەلی کوردستان لەوە دڵنیا بکەمەوە کە نوێنەرایەتییەکەتان لە واشنتۆن بە بێ ماندووبوون کار دەکات بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی پێشمەرگە کە شەڕی راماڵینی داعشییەکان دەکەن. ئەمریکییەکان لە کۆبوونەوەکاندا پێزانین و رێزی خۆیان بۆ فیداکاری و ئازایەتی و توانا و ورەی بەرزی پێشمەرگە دەردەبڕن.

*** ئێستا لەسەر ئاستی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە لە ئەمریکا، هەوڵێکی زۆری دیراسات و لێکۆڵینەوە هەیە سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئایا لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەن کە لە سەر پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان رێکدەخرێن؟ ئایا تاچەند ئەم دیراسەت و لێکۆڵینەوانە دەبنە زەمینەخۆشکەرێك و کاریگەری لەسەر رای گشتیی ئەمریکا دروستدەکات؟**

- دەستگا و ناوەندەکانی هزر و لێکۆڵینەوە رۆڵێکی پڕبایەخ دەگێڕن لە سیستمی سیاسیی ئەمریکادا. کەسانی ئەکادیمی و ئەو ناوەندانەش رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ئاگادارکردنەوەی بڕیاربەدەستان و رای گشتی و بۆ هەر بابەتێك بیرۆکەی نوێ دەهێنن. ئەکادیمیا کۆڵەگەیەکی پڕبایەخی داکۆکییە

**دڵنیام کە رۆژێک دێت کوردستان سەربەخۆ دەبێت، تا رۆژێک زیاتر تێدەپەڕێت، ئەو رۆژە زیاتر نزیک دەبێتەوە**

**سەرۆک بارزانی داوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی کردووە لەسەر سەربەخۆیی و بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووس لە ٢٠١٦، من متمانەم هەیە بەوەی ئەم پرۆسەیە هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێت و بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلەکەماندا، ئێمەی گەلی کوردستان، پرسمان پێدەکرێت بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆمان بدەین**

**ئێمە لە نزیکەوە چاودێری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەکەین و خۆشحاڵین بەوەی هەموو کاندیداکان، لە هەردوو پارت، کوردستان وەک پێکهاتەیەکی پڕبایەخ دەناسێنن لە شەڕی دژی داعش**

لە ئەمریکا. وەك نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر جار بەشداری لە بۆنەکانی دەستگا و ناوەندەکانی هزر دەکەم، و نووسینگەکەمان پشتگیری پێشکەشی ئەو ئەکادیمییانە دەکات کە کار لەسەر بابەتەکانی کوردستان دەکەن. پێوەندییەکی باشمان هەیە لەگەڵ هەموو دەستگا سەرەکییەکانی هزر و لێکۆڵینەوە لە واشنتۆن. هەروەها لەگەڵ دەستگا و ناوەند و گرووپی تاوتوێی دیکە لەسەر ئاستی وڵاتەکە، وەك ئەنجومەنی کاروباری جیهانی کە لە زۆربەی شارەکانی ئەمریکا لقی هەیە. سەبارەت پرسی سەربەخۆیی، بایەخپێدانێکی بەرچاو هەیە بەم بابەتە لە هەموو بۆنەیەك لە ئەمریکا کە ئاخافتنی تێدا پێشکەش بکەم، هەموو جارێك ئەم پرسیارەم لێدەکرێت، بێگومان بەرسڤی من ئەوەیە کە بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی چارەنووس مافێکی خۆمانە و ئێمە ئەو مافە پیادە دەکەین، بەڵام دەبێت هۆشیارانە پیادەی بکەین. زانکۆی کۆڵۆمبیا لە مانگی تشرینی یەکەم راپۆرتێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی بنیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراق. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکە، نووسەرەکەی وتی: کوردستان لەسەر ڕێگەی بەرەو سەربەخۆییە و نابێت ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێگەی لێ بگرێت. ئەمە بۆچوونی گرووپێکی ئەکادیمیای بەناوبانگن. بێگومان راپۆرتی لەم جۆرە هاوکارمان دەبێت.

*** وەك ئاگادارن سەرۆك بارزانی بڕیاری داوە لە کوردستان ریفراندۆم ئەنجام بدرێت. ئەم پرۆسەیە رەهەندێکی نێودەوڵەتی هەیە، بەتایبەتی دوای ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، دەکرێت هەرێمی کوردستان لەسەر ئاکامی ئەم ریفراندۆمە قسە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، ئایا ئیدارەی ئەمریکا تاچەند ڕێز لە ئاکامی ئەو ریفراندۆمە دەگرێت کە گەلی کوردستان دەنگی بۆ دەدات؟**

- رەنگە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەی پێ باشتر بێت کە ئێمە ریفراندۆم نەکەین و ئەوەی لەلا پەسەند بێت کە پرسەکە نەهێنینە پێشەوە، بەڵام گومانم هەیە هیچ شتێك بکات بۆ ڕێگری لەم بابەتە. لەبەر ئەوەی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆ، مافێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتییە و ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیموکرات زەحمەتە لە دژی ئیرادەی خەڵك بوەستنەوە. ئێمە دەبێت خواستی خۆمان بەرەوپێش ببەین بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسمان بدەین. ئێمە کە کراوەین و گشتگیرین سەبارەت بەم پرسە، هاوڕێکانمان لە هەنگاوەکانی ئاگادار دەکەینەوە.

*** هەندێك لە پسپۆڕان و تایبەتمەندان کە لەسەر پرسی بوون بە دەوڵەت بە هاوشێوەی کوردستان کاریان کردووە، پێشنیاریان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە لە ژێر بەندی (arria formula)ی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەسەر هەرێمی کوردستان گرێبدات و راشکاوانە پرسی دەوڵەتی کوردستان تاوتوێ بکات. ئایا وەك نوێنەری حکومەتی کوردستان لە ئەمریکا، تاچەند ئەم پێشنیارە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە عەمەلی دەزانیت؟ ئایا دەبێت چۆن زەمینەسازی بۆ کۆبوونەوەیەکی لەوجۆرە بکرێت و تاچەند پێویستی بە پشتگیری ئەمریکا هەیە؟**

- یەکەمین هەنگاو بریتییە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم. سەبارەت ئەنجامەکەی، ئێمە لە کەناڵە دیپلۆماسییەکان و پێوەندیبەستن دەکۆڵینەوە. ئەوەی جێی بایەخە لە هەر کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت، یان پەیوەست بە کوردستان بریتییە لەوەی کە ئێمەی کورد بۆ نوێنەرایەتی گەلی خۆمان دەچین، بۆ ئەوە دەچین کە خۆمان باسی سەرگوزەشتەی خۆمان بکەین نەك کەسێکی دیکە چیرۆکی ئێمە بگێڕێتەوە. بۆیە بە بۆچوونی من کۆبوونەوەی لەو جۆرە سوودبەخشن، بەڵام زیاتر پشت دەبەستێت بەوەی کە ئامادەبووان کێن.

*** پێش شەڕی داعش و داگیرکردنی مووسڵ، ئەمریکا سیاسەتی بەرامبەر بە عێراق یەك سیاسەت بوو، واتە لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرا، بەڵام لە دوای گرتنی مووسڵەوە، ئەمریکا وەك ئەمری واقیع مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات، راستە بە شێوەی فەرمی سیاسەتی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان نەگۆڕیوە، بەڵام ئایا لە رووی واقیعەوە تاچەند سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟ راشکاوانەتر مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەمریکا سیاسەتێکی تایبەتی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان هانی سیاسەتی «یەك عێراق» دەدات، بۆیەش ئیدارەی ئۆباما هەموو چەکەکان لە ڕێگەی بەغداوە دەنێرێت بۆ پێشمەرگە، نەك بە شێوەیەکی راستەوخۆ، بەڵام ئەوە روونە لای هەموو کەس کە پێشمەرگە باشترین هێزی شەڕکەرن لەسەر زەوی لە بەرامبەر داعش و پێشمەرگە و سەرکردەکانی ئێمە شارەزا و ئازان و جێگەی ڕێزی

**پێشمەرگە باشترین هێزی شەڕکەرن لەسەر زەوی لە بەرامبەر داعش و پێشمەرگە و سەرکردەکانی ئێمە شارەزا و ئازان و جێگەی ڕێزی هەموو لایەکن. ئەم توانا و ئازایەتییە، لەگەڵ ئیرادەی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاریی ئاوارەکان و سیاسەتی ئاشتیخوازانە و پێکەوەژیانی ئێمە، بۆتە مایەی پەیداکردنی ڕێزێکی زۆر بۆ کوردستان**

**لە ئێستادا، پێوەندیی ئێمە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان بریتییە لە هاوبەشی و هاوکاری، هەردوو لا دەمانەوێت درێژە بەو پێوەندییە بدەین و بیپارێزین**

**بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆ، مافێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتییە و ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیموکرات زەحمەتە لە دژی ئیرادەی خەڵک بوەستنەوە**



هەموو لایەکن. ئەم توانا و ئازایەتییە، لەگەڵ ئیرادەی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاریی ئاوارەکان و سیاسەتی ئاشتیخوازانە و پێکەوەژیانی ئێمە، بۆتە مایەی پەیداکردنی ڕێزێکی زۆر بۆ کوردستان. لە ئێستادا، پێوەندیی ئێمە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان بریتییە لە هاوبەشی و هاوکاری، هەردوو لا دەمانەوێت درێژە بەو پێوەندییە بدەین و بیپارێزین.

*** ئەوانەی چاودێری سیاسەتی ئەمریکا دەکەن، ئاماژە بەوە دەکەن، لە ساڵی کۆتایی سەرۆکایەتی و دەستپێکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری زۆر گرنگ نادات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەر بڕیارێك بدات کاریگەری لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەبێت، بەڵام ئێستا کورد بۆتە بەشێك لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئایا تاچەند بوونی کارتی کورد لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکادا، زەمینەی ئەوە خۆش دەکات، لە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکادا، پێگەی کورد لە سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردا بێت؟**

- ئێمە لە نزیکەوە چاودێری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەکەین و خۆشحاڵین بەوەی هەموو کاندیداکان، لە هەردوو پارت، کوردستان وەك پێکهاتەیەکی پڕبایەخ دەناسێنن لە شەڕی دژی داعش. ئێمە بەردەوام دەبین لە بنیادنانی پشتگیری بۆ کوردستان لە واشنتۆن، من گەشبینم بەوەی ئیدارەی داهاتوو، وەك ئەوەی ئێستا، ڕۆڵی گەلی کوردستان بەرز دەنرخێنێت.

*** زۆر لە میدیاکانی جیهان ئاماژە بەوە دەکەن، ساڵی ٢٠١٦ ساڵی کورد دەبێت. ئایا وەك خۆت رات لەسەر ئەم بۆچوونە چییە؟ ئایا بە قەناعەتەوە پێتوایە ساڵی ٢٠١٦ ساڵی کۆتایی سایکس پیکۆ و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەبێت؟**

سەرۆك بارزانی داوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی کردووە لەسەر سەربەخۆیی و بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووس لە ٢٠١٦، من متمانەم هەیە بەوەی ئەم پرۆسەیە هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێت و بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلەکەماندا، ئێمەی گەلی کوردستان، پرسمان پێدەکرێت بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆمان بدەین. ئینجا ئەوە بە مانای سەربەخۆیی بێت لە ٢٠١٦، نازانم، بەڵام لەوە دڵنیام کە ڕۆژێك دێت کوردستان سەربەخۆ دەبێت، تا ڕۆژێك زیاتر تێدەپەڕێت، ئەو ڕۆژە زیاتر نزیك دەبێتەوە.

**دەمەوێت گەلی کوردستان لەوە دڵنیا بکەمەوە کە نوێنەرایەتییەکەتان لە واشنتۆن بە بێ ماندووبوون کار دەکات بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی پێشمەرگە کە شەڕی راماڵینی داعشییەکان دەکەن. ئەمریکییەکان لە کۆبوونەوەکاندا پێزانین و رێزی خۆیان بۆ فیداکاری و ئازایەتی و توانا و ورەی بەرزی پێشمەرگە دەردەبڕن**

ئەلیزابێس شاکمان هورد
پسپۆڕی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# سەربەخۆیی کوردستان پێویستی بە گفتوگۆیەکی درێژخایەن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان هەیە

پرۆفیسۆر ئەلیزابێس، وانەبێژە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی نۆرس وێسترێن و پێشتریش بڕوانامەی دکتۆرای لە هەمان بواردا لە زانکۆی جۆنز هۆپکینز بەدەستهێناوەو بایەخ بە کۆمەڵێك بواری گرنگ دەدات لە نێویاندا، پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمەریکا، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆڵی شەڕ لە دروستبوونی دەوڵەت و ئەگەری گۆڕانکاری جیوپۆلەتیکی و پرسی سەربەخۆبوونی کوردستان، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکرد، ئەویش بەم شێوەیە هاتەئاخاوتن.



*** بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەک تێکچووە کەس نازانێت کێ دوژمنی کێیە و کێ هاوپەیمانی کێیە و بە ئاسانی جیا ناکرێتەوە، بەم سنوورانەی ئێستاشەوە مەحاڵە دەوڵەتان بتوانن کێشەکانی ئێستا چارەسەر بکەن. پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیان فاکتەری ئەم کێشە و ناسەقامگیرییانەی ئێستان لە ناوچەکەدا؟**

- بە دڵنیایەوە پێموایە ناتوانین ناسەقامگیری و توندوتیژییەکان لە کاری سەرکردە و دەوڵەتەکان جیابکەینەوە لە ناوچەکەدا و ئەم دووانە زۆر لە نزیکەوە بە یەکەوە گرێدراون، بەداخەوە ئەمە تەنیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵام خراپترین نموونەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینین، کە سیستەمی دەوڵەتی خۆی گونجاوە بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و بەداخەوە هەندێک لەوانە لەمڕۆدا دەبینین، بەتایبەتی لە سووریادا.

*** قسەیەک هەیە دەڵێت: «هەندێک جار دەوڵەت شەڕ درووستدەکات و شەڕیش دەوڵەت درووستدەکات»، بەپێی ئەمە بێت دەوڵەتی مۆدێرن بەرهەمی سی ساڵ شەڕە لە ئەورووپا، بۆیە ئەم شەڕەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانەیە جۆرێکی نوێ لە دەوڵەت درووستبکات، کەواتە ئەگەر شەڕەکان دەوڵەتی نوێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درووست نەکەن، ئەوا چۆن ئەم شەڕانە کۆتایی دێن؟**

- پێموایە ئەگەری زۆر هەیە لە ئەنجامی ئەم توندوتیژی و شەڕانەی ئێستا-کە لەزۆر ئاڕاستەوە بەردەوامن لەم ناوچەکەیەدا- سنووری هەندێک لە دەوڵەتەکان بکێشرێتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەمە پرۆسەیەکی زۆر درێژخایەنە و زۆر گفتوگۆ و نادڵنیایی لەخۆدەگرێت و بە رەوتێکی خاو دەردەکەوێت لە ماوەی چەندین دەیەدا و پرۆسەیەکی لەپڕ نابێت، وەک ئەوەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بینیمان بە سەرهەڵدانی سنوورەکانی دەوڵەتی مۆدێڕن، بۆیە ئەمە بە رەوتێکی زۆر خاو دەبێت، پێشموایە کە سنوورەکان

**ناتوانین ناسەقامگیری و توندوتیژییەکان لە کاری سەرکردە و دەوڵەتەکان جیابکەینەوە لە ناوچەکەدا و ئەم دووانە زۆر لە نزیکەوە بە یەکەوە گرێدراون**

ئێستا زۆر پراکتیکی نین و لە زۆر حاڵەتدا تەنانەت هەر نین و وەک دەزانی کاری خەڵک یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەو سنوورانەی سەد ساڵ لەمەوپێش کێشراون، بەڵام بەداخەوە ناتوانم پێشبینی بکەم، بیست یان سی ساڵی دیکە چی ڕوودەدات.

*** بەپێی پێناسەی دەوڵەتی مۆدێرن بێت، ئەوا دەوڵەت دەبێت بتوانێت ناوچەکانی بپارێزێت و حوکمی یاسا دەستەبەر بکات و دامەزراوەی باشی هەبێت، بەڵام دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستادا هەموو ئەم فاکتەرانەیان نییە، کەواتە پێتوانییە ئێستا دەبێت بیر لە جۆرێکی نوێ لە دەوڵەت بکرێتەوە، بۆ ئەوەی سەقامگیری و ئاسایش بۆ ناوچەکانی دەستەبەر بکات؟**

- پێموایە ئەوەی ئێستا هەمانە بارودۆخێکە کە پارێزگاری سنوورمان نییە بە مانا وێستفالییە کۆنەکە و توندوتیژی و ناسەقامگیری زۆرمان هەیە و بەڕاستی شتێکی جیاوازمان هەیە و پەنجەخستنە سەر ئەوەی ئەمە چییە، زۆر قورسە و پێموایە دەرفەتێکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتی بچووک و نیمچە دەوڵەت، یان جۆرێک لە نیوە دەوڵەت دەربکەون و دەردەکەون، و بەردەوام لەناوچەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام پێویستە بیربکەینەوە لەوەی کە ئاکامەکەی چی دەبێت، لەبەرئەوەی تەنیا ئەگەر سەیری ئەو جۆرە توندوتیژییە بکەین کە بەشار ئەسەد دەیکات دژی هەندێک خەڵک، ئەوا ترس دامدەگرێت لەوەی کە ڕوودەدات پێش ئەوەی کیانێکی شەرعیتر لەناوچەکەدا ببینین.

*** لەکاتی سەرهەڵدانی داعشەوە لە عێراق، جگە لە کوردستان، سوپای عێراق نەیتوانیوە لەسەر زەمین تیرۆریزم تێکبشکێنێت، ئێستا کوردستان دەوڵەت نییە، بەڵام هەوڵ دەدات دەوڵەتێک درووستبکات، ئایا باشتر نییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک مۆدێلێک بۆ تێکشکانی تیرۆریزم لەسەر زەمین پاڵپشتی لە سەرهەڵدانی ئەم دەوڵەتە نوێیە بکات؟**

-ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە، کورد چەندین لایەنی جیاوازن و لە مێژووی کورددا هەوڵێکی زۆر هەبووە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت، یان شێوەیەک لە دەسەڵاتی ناوچەیی کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن. پێموایە ئەم مەسەلەیە پێوەندییەکی زۆری بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە نییە، هێندەی پێوەندی بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە هەیە، وەک عێراق و تورکیا و هەموو ئەوانەی کە بەشێک لە دانیشتووانەکانیان کوردن و دەیانەوێت جیاببنەوە، بۆیە ئەمە پرسیارێکی قورسە، بەڵام بەڕای من پێویستی بە پرۆسەی گفتوگۆیەکی دوور و درێژ هەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەروەها بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ ئەو هێزە هەرێمایەتییانەی کە تێوەگلاون، بە شێوەیەکی بەرچاو وەك توركیا.

*** گۆڕانکاریی سەرەکی کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت لەدەستدانی سەروەریی دەوڵەتی سووریا و عێراقە کە بوونەتە گۆڕەپانی شەڕی سوننە و شیعەکان، بەڵام هێشتا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باس لە یەکپارچەیی ئەم دوو وڵاتە دەکەن، لەکاتێکدا ئەم دوو دەوڵەتە لە ڕووی واقیعەوە لەسەر زەمین نەماون و داعش کردوونی بە دوو پارچەوە، بۆیە پێتوانییە ئەمە چاونووقاندنە لە واقیع و ڕاکردنە لە کێشەکان لەبەر ئەوەی لەسەرەتاوە هیچیان نەکرد بۆ چاککردنی بارودۆخەکە و ئێستاش چەندین کێشەی وەک پەنابەران و کۆچبەران و تیرۆریزم هەیە و دەبێت چارەسەری بکەن؟**

- هاوڕام ئەمە شکستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە کە زۆرجار دووربین نەبوون و گرێدراوە بە پێوەندییەکی تایبەت بە سەرکردە، یان ڕژێمێکی تایبەتەوە، هەروەها بە مێژووی تراژیدیای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە عێراق لە ٢٠٠٣دا و هێشتا ئەنجامەکانی ئەوە کارە دەبینین، بۆیە ئێستا من زۆر خەمبارم بەو واقیعەی کە هەیە و پێمباشە نوێنەرانی خەڵک لە ناوچەکەدا دانیشن و گفتوگۆبکەن لەنێوان خۆیاندا و داوا لە هەموو لایەنە دەرەکییەکان بکەن بچنە دەرەوە.

*** ئایا ئەمە پێوەندی بە بێتوانایی یان نەویستنی ئەمریکاوە هەیە؟**

- پرسیارێکی زۆر جوانە، پێموایە ئاڕاستەیەک هەیە بۆ تێپەڕاندنی دەسەڵاتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و چەندین حاڵەت و بارودۆخ هەیە کە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نییە و کۆمەڵێک شتە بە یەکەوە کاردەکەنە سەر سیاسەتی ئەمریکا. پێموایە بۆچوونێک هەیە لەناو خەڵکی ئەمریکادا سەبارەت بە هێنانی هێزی زەمینی ئەویش ئەوەیە خەڵکی ماندوو بووە لە جەنگی بەردەوام لە ئەفغانستان و ئەو جەنگانەی کراون، وەک وتیشم زۆر قورسە بۆ ئەمریکا بێت و ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت بەتایبەتی لەئێستادا کە بەرەو هەڵبژاردنەکان دەڕۆین لە ئەمریکادا.

*** سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان ڕاتان چییە؟**

هەموو ئە کەسانەی بینیومن گەڕاونەتەوە لەو ناوچەیە باسی جوانی و باشیی خەڵکەکەی دەکەن، بۆیە هیوادارم ڕۆژێک بتوانم بێمە کوردستان خۆم بەچاوی خۆم ببینم چی ڕوودەدات.

**ئەگەری زۆر هەیە لە ئەنجامی ئەم توندوتیژی و شەڕانەی ئێستا-کە لەزۆر ئاڕاستەوە بەردەوامن لەم ناوچەکەیەدا- سنووری هەندێک لە دەوڵەتەکان بکێشرێتەوە**

**دەرفەتێکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتی بچووک و نیمچە دەوڵەت، یان جۆرێک لە نیوە دەوڵەت دەربکەون و دەردەکەون، و بەردەوام لەناوچەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام پێویستە بیربکەینەوە لەوەی کە ئاکامەکەی چی دەبێت**

**بۆچوونێک هەیە لەناو خەڵکی ئەمریکادا سەبارەت بە هێنانی هێزی زەمینی ئەویش ئەوەیە خەڵکی ماندوو بووە لە جەنگی بەردەوام لە ئەفغانستان و ئەو جەنگانەی کراون**



### پاولا هۆلمز ئێبەر
### پسپۆڕ لە سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# مایەی شانازییە کورد توانیویەتی بەر بە داعش بگرێت و دەوڵەتێکی کارای دیفاکتۆ درووست بکات

پاولا هۆلمز ئێبەر توێژەرە لە سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قوتابخانەی جاکسۆن بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی واشنتۆن، نووسەری کتێبی (کەلتوور لە سەروەختی ناکۆکیدا)یە و بۆ هەڵوەستەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو بارە ئاڵۆزەی باڵی کێشاوە بە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها بۆ بەدواداچوون لە بارەی شکستی دەوڵەتانی ئەم ناوچانە بۆ ئەداکردنی ئەرکەکانیان و ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم شکستە، گوڵان بە باشی زانی دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجام بدات، ئەویش بەم شێوەیە خوارەوە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.

*** حاڵی حازر ناسەقامگیری و نائارامی باڵی کێشاوە بە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێتوایە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم دۆخە ناهەموارە چین؟ ئایا دەتوانین بڵێین خودی دەوڵەتەکان خۆیان سەرچاوەی کێشەکەن؟**

- پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە، پێموا نییە ئەمە پێوەندی بە دەوڵەتانەوە هەبێت، بەڵکو پێوەندی بە مێژووی ناوچەکەوە هەیە و ئێوە وەك گۆڤارێکی کوردی دەزانن کە درووستبوونی عێراق و سنوورەکانی لە رووی مێژووییەوە ئەنجامی کۆلۆنیالیزمە، بۆیە سنوورە هەرێمەکییەکان پێوەندی بە کێشەکەوە هەیە، هەر ئەمەش نییە و پێوەندی هەیە بە نایەکسانی و جیاوازەکان لە نێوان خەڵکان لە وڵاتەکاندا و پێموایە تەنانەت ئەگەر سنووری سەقامگیریش هەبوایە، ئەوا هەر کێشەکان درووست دەبوون، کەواتە چەندین فاکتەر هەن بۆیە ناتوانرێت بە ئاسانی چارەسەر بکرێن.

*** راتان چیە دەربارەی دووانەی شەڕ و دەوڵەت، کە دەوترێت دەوڵەتان لە ئەنجامی شەڕەوە درووست دەبن و دواتریش دەوڵەتان خۆیان شەڕ بەرپا دەکەن. بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت شەڕەکان بە گەیشتن بە چارەسەری سیاسی و درووستبوونی دەوڵەتی نوێ کۆتاییان دێت، هەروەها ئەوەی لە شەڕی سێ ساڵەی ئایینی لە ئەورووپادا بەدیمان کرد، ئایا ئەمانە بەسەر شەڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا جێبەجێ دەبن؟**

- راست دەکەی دەوڵەتان داهێنانی نوێی ئەوروپان، پێش ئەوە لە جیهاندا ئیمپراتۆریەتەکان هەبوون، وەك ئیمپراتۆریەتی ئیسلام و رۆم و مەغۆل، دەوڵەت شتێکی نوێیە لە مێژوودا، پێموا نییە دەوڵەتان شەڕ درووست بکەن لە بەر ئەوەی جەنگەکان ئەنجامی درووستکردنی ئیمپراتۆریەتەکانن، پێموانییە دەوڵەتان هۆکاری شەڕ بن، بەڵکو رێگەیەکن بۆ پاراستنی خەڵك و رێکخستنی خەڵك لەو ناوچەیەدا.

*** دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانن ئەرکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت جێبەجێ بکەن، بۆ نموونە ناتوانن خاکی خۆیان بپارێزن و ئاسایش و ئارامی بۆ هاووڵاتیەکانیان دەستەبەر بکەن. ئایا دەکرێت بڵێین چیتر ئەو فۆرمەی ئێستای دەوڵەت لەم ناوچەیەدا ناتوانێت درێژەبکێشێت و دەبێت بیر لە فۆرمی نوێی دەوڵەت بکرێتەوە؟**

- دەزانم ئێوە گۆڤارێکی کوردین و بە تەواوی لە بایەخەکانتان تێدەگەم، بۆیە درووستکردنی هەرێمەکی سنوورەکان کێشەی زۆری بۆ خەڵکی کوردستان درووست کردووە لەمێژوودا. لەبەر ئەوەی من زانایەکی سیاسی نیم، بۆیە شارەزاییەکانم لەسەر درووستکردنی دەوڵەت نییە، بەڵام دەڵێم وادەردەکەوێت لەجیهاندا شتێك هەبێت لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا وا بیرمان دەکردەوە کە ناسیۆنالیزم لەگەڵ پەیدابوونی وڵاتان بە یەکەوە وەستابن لە درووستکردنی سنوور و چەندین گرووپ بە یەکەوە کۆبوونەوە و یەکیان گرت، وەك یەکێتی ئەرووپا، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر سەیری یوگۆسلاڤیا بکەین، دەبینین دابەش بوو بۆ چەندین دەوڵەتی بچووك و هەریەك ناسنامەی ئایینی و نەژادی خۆی درووستکرد، بۆیە گرووپەکان ناسنامەی ئایینی و نەژادییان لە ناوچەی زۆر بچووکدا درووستکرد لە جیاتی دەوڵەت و قەوارەی گەورەی وەك یەکێتی ئەوروپا، بۆیە پێموایە ئەمە گرفتە و نازانم چارەسەر چییە، بەڵام دەزانم شێوەکان چین بۆ ئەوەی گرووپێك بانگەشەی ناسنامەی ئایینی و نەژادی خۆی بکات، بۆیە تا چەند لە سەربنەمای ناسنامەی نەژادی پێکەوە بمێنینەوە، ئەوا ئەوەندە خەڵك رۆڵی کەمتر دەبینن.

*** ئەوەی سەرنج دەدرێت حاڵی حازر دابەشبوونی تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننەدا بووەتە بنەمای ناکۆکییەکان، کە بەم دواییە ئەو بارگرژی و ناکۆکییانەش لە نێوان سعودیە و ئێراندا بەرەو هەڵکشانی زیاتر چوو، ئاشکراشە کە ئێران دەستڕۆیشتوییەکی زۆری لە لوبنان و سووریادا هەیە و ئەم دوو وڵاتەش هاوسنوورن لەگەڵ ئیسرائیل، ئایا لەو باوەڕەدا نین، کە ئیسرائیل بە جۆرێك لە جۆرەکان کاردانەوەی هەبێت؟**

- ئەوەی لە ئارادایە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشە، ئەگەر سەیری مێژووی ئیسلام بکەین، دەبینین قۆناغ هەیە سوننە و شیعەکان پێکەوە بە ئاشتی ژیاون، بەڵام بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا ناسنامەی سوننە و شیعە بە سیاسەتەوە گرێدراوە و جەنگێکی بەوەکالەت لەناوچەکەدا هەیە، بەوەی ئێران بانگەشە بۆ دانیشتووانی شیعەکان دەکات، پێشموایە ئەوەی کە لە سووریادا روودەدات شەڕێکی بەوەکالەتە و سعودیە لەلایەك و ئێران لەلایەکی تر و وڵاتانی نێوانیشیان دەبێت لەگەڵی بڕۆن، ئەوەشی شێتانەیە ئەوەیە کە عێراق لە هەر دوو دانیشتووانەکەی هەیە و بەشێکی لەگەڵ ئێران و بەشێکی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداون، پێموایە دەبێت فێربن چۆن پێکەوە دەژین. وەك دەزانی لە ئێرلانداش بۆ ماوەیەکی درێژ ناکۆکی هەبوو لە نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانەکان، بۆیە خەڵك دەبێت فێربێت چۆن پێکەوە بژین، بۆیە زۆر ناخۆشە خەڵکانێك هەمان ئایینیان هەیە، بەڵام ناتوانن پێکەوە بژین. بۆیە شەڕێکی گەورەی بەوەکالەت بەڕێوەدەچێت و پێموایە ئەوە بۆ هەر دوو لا زۆر مەترسیدارە، بەتایبەتی بۆ کورد کە لە ئێران

**جۆرێک لە هاوپەیمانی ئەورووپی و ئەمەریکی هەیە دژی رووسیا و بێگومان چەندین جۆر لە شەڕی بەوەکالەت لەناوچەکەدا دەکرێن، داعشیش بۆ ئەجێندای خۆی وڵاتە لاوازەکان بەکاردەهێنێت**

**ئەگەر سەیری مێژووی ئیسلام بکەین، دەبینین قۆناغ هەیە سوننە و شیعەکان پێکەوە بە ئاشتی ژیاون، بەڵام بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا ناسنامەی سوننە و شیعە بە سیاسەتەوە گرێدراوە و جەنگێکی بەوەکالەت لەناوچەکەدا هەیە**

و عێراق و تورکیا هەن، ئەوەی دەبێت وریا بێت کوردە.

*** تا چەند هاوڕان لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کە کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆشاییەکی درووست کردووە کە بووە هۆی ئەوەی وڵاتێکی وەك ڕووسیا هەوڵ بدات پتر دەستێوەردان بکات لەم ناوچەیەدا و ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕێت؟ ئایا دووبارە بارودۆخەکە بەرەو جەمسەربەندی دەڕوات؟**

- کێشەی سووریا ئەوە بوو ڕووسیا ئامادە نەبوو بەشدار بێت لە سزاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دژی ئەسەد، بۆیە پێی باش بوو پاڵپشتی بکات بۆ ئەوەی ئەجێندای خۆی بەردەوام بێت و ڕووسیا لە سووریاوە تێوەگلا. بەڵێ جۆرێك لە هاوپەیمانی ئەورووپی و ئەمەریکی هەیە دژی ڕووسیا و بێگومان چەندین جۆر لە شەڕی بەوەکالەت لەناوچەکەدا دەکرێن، داعشیش بۆ ئەجێندای خۆی وڵاتە لاوازەکان بەکاردەهێنێت، واتە چەندین یاریزان لە ناوچەکەدا هەن و کەسیش بایەخ بەخەڵکی ناوچەکە نادات. بەڵام ئایا پێویستە ئەمەریکا تێوەبگلێت، ئەوەیان نازانم، پێموایە هەرکاتێك ئەمەریکا تێوەبگلێت، ئەوا مەرج نییە باشتر بێت، لەبەرئەوەی بە تەواوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێنەگەیشتوون و نازانن کێشەکان چین، لەوانەیە زۆر بەهێزبێت، بەڵام بێ ئەو تێگەیشتنە، ناتوانێت یارمەتیدەر بێت.

*** تاوەکو ئێستا تەنیا کورد توانیویەتی بە شێوەیەکی کارا ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش ببێتەوە، ئێستاش کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە ڕێگای سەربەخۆیی بگرێتەبەر، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە پشتیوانی لە درووستبوونی ئەم دەوڵەتە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت باشتر تیرۆریستان تێکبشکێنێت؟**

- ئێوە زۆر بەباشی کاردەکەن و هەمووان پشتیان پێبەستوون و پێموایە دەبێت شانازی زۆر بەوەوە بکەن چۆن توانیوتانە نەك هەر بەر بەداعش بگرن، بەڵکو دەوڵەتێکی کارای دیفاکتۆ درووست بکەن لە عێراق بۆ خۆتان و ئاگاتان لە گەلەکەتان بێت و لەو کاتەوەی ئەمەریکا عێراقی بەجێهێشتووە، ئێوە توانیوتانە بەباشی خۆتان بەڕێوەبەرن، بەڵام زۆر ناخۆشە بۆ خەڵکی کوردستان دەوڵەت بێت، بەڵام بەبێ ئیعترافی نێودەوڵەتی، نازانم ئەگەر ئەنجامی ئاڵۆزیی سیاسی زۆر هەبێت، ئەگەر نەوتتان هەبێت، پێموایە سەرجەم عێراق لە ڕووی ئابوورییەوە زیانی پێدەگات ئەگەر کورد لە عێراق جیاببنەوە، بەڵام پێموایە ئەوە ئیشی ئەمەریکا نییە بڕیاربدات لەسەر ئێوە و ناسنامەتان و پێموایە لە نێوان ئێوە کورد و عەرەب دەبێت بڕیاری خۆتان بدەن و پێموایە هەر بڕیارێك، یان ناسنامەیەکی دەرەکی بۆ ئەوەی کێ ببێت بەدەوڵەت سەرناگرێت، دەبێت بڕیارێك بێت لەنێو خەڵك خۆیدا هەڵبژێردرێت و ئەگەر توانیتان سەرکەوتووانە دەوڵەت ڕاگەیەنن و لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق نەکەونە شەڕەوە، ئەوا لەوانەیە زۆر باشتر بێت بۆ کوردستان، بۆیە هیوادارم بتوانن ئەو سەروەرییە ڕاگەیەنن کە دەتانەوێت، بەڵام پێمواننییە ئیشی ئێمە بێت بڵێین بەڵێ، یان نەخێر و ئەوە باشتر و گونجاوترە.

*** زۆرجار لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێداگیری لە سەر یەکپارچەیی وڵاتگەلێکی وەك عێراق و سووریا دەکەن، لە کاتێکدا ئەم دوو دەوڵەتە شکستخواردوون، بە ئەندازەیەك کە شکستی ئەم وڵاتانە بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش کە دواتر نەشیانتوانی بەرەنگاری ببنەوە، لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

-نازانم نەمانی عێراق و سووریا چارەسەری کێشەکە دەکات، یان نا، بەڵام پێموایە خەڵکی ناوچەکە دەبێت خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش دەبێت لە ڕووی مرۆییەوە کار بکات لە ناوچەکەدا، واتە ڕەوا نییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیار بدات لەجیاتی خەڵکی ئەو وڵاتانە و ئەوە ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو پاڵپشتیکردنی ئەوەیە کە خەڵك دەیەوێت، بۆ نموونە ئەگەر خەڵکی سووریا دەیەوێت سووری بێت، یان خەڵکی عێراق دەیەوێت عێراقی بێت، ئەوە دەبێت بڕیارەکە بێت، ئەمە بیرۆکەی دیموکراسییە لە ویلاتە یەکگرتووەکان کە خەڵك خۆیان بڕیار دەدەن، هەرچەندە مۆدێلێکی بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام پێموایە هەڵبژاردەیەکی باشترە. بۆیە پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە پاڵپشتی و یارمەتی دابین بکات وەك یارمەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تاوانکارەکانی وەك داعش، بەڵام نەك لەجیاتی ئەوان بڕیار بدات سنوورەکان چۆن بن، پێمواننییە ئەمە ئیشی ئەمەریکا و ئەورووپا بێت. من زانایەکی سیاسی نیم، بۆیە بۆچوونەکانم لەگۆشەنیگای خەڵکەوەیە، نەك لە ڕوانگەی سەرکردایەتی سیاسییەوە، بۆیە بەڕای من بڕیاری درووستکردنی دەوڵەت و داهاتوی ژیانی خەڵك پێویستە لە دەستی سەرکردە سیاسیەکان بێت و کاتێك ئەو بڕیارانە دەدەن، پێموایە لە کۆتاییدا پێویستە لەلایەن ئەو خەڵکەوە بێت کە لەسەر زەمینەکە دەژین و سەرکردایەتیی سیاسی پێویستە نوێنەرایەتی ئەوان بکات و ڕەنگدانەوەی ئەوان بێت و ڕێزی ئەو بڕیارە بگرێت نەك بە پێچەوانەوە.

**درووستبوونی عێراق و سنوورەکانی لە ڕووی مێژووییەوە ئەنجامی کۆلۆنیالیزمە، بۆیە سنوورە هەرەمەکییەکان پێوەندی بە کێشەکەوە هەیە**



**بەختیار کەریم** مامۆستای بەشی فەلسەفە بۆ گوڵان:

# ئەگەرچی پێگەی کورد لە سەر ئاستی ناوچەکە و جیهان بەهێزە، بەڵام یەکڕیزیی کورد بۆ چێکردنی دەوڵەتێک بە ئاستی ئیرادەی نەتەوەیەک نییە

**هەمـوو جیهـان بـاس لـەوە دەکات ڕێککەوتنـی سـایکس پیکۆ بـەرەو کۆتایـی دەچێت و چیدیکـە ناتوانرێت ناوچەکـە لەسـەر ئـەو نەخشـە کۆنـە یەکبگرێتـەوە. لـەم سـەروبەندەدا کـورد بـە گەشـبینییەوە سـەیری ئاینـدە و دامەزراندنـی دەوڵـەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان دەکات، بـەڵام مخابـن ئاسـتی یەکرێـزی و یەکهەڵوێسـتیی نەتەوەیـی کـورد لـە ئاسـتی ئیـرادەی نەتەوەیـی بـۆ چێکردنـی ئـەو دەوڵـەتـەی بەرجەسـتە نەکـردووە؟ بـۆ قسـەکردن لەسـەر پێگـەی کوردسـتان لـە ئەگـەری گۆڕانکارییـە چاوەڕوانکراوەکانـی ناوچەکـە و هەروەهـا ئامادەباشـی کـورد بـۆ قۆسـتنەوەی ئـەم دەرفەتـە مێژووییـە، ئـەم دیمانەیەمـان لەگـەڵ بەختیـار کەریـم مامۆسـتای بەشـی فەلسـەفە لـە زانکـۆی سـەلاحەدین- هەولێـر ئەنجامـداوە و بەمجـۆرە بیروبۆچوونەکانـی خـۆی بـۆ گـوڵان خسـتەڕوو.**

*** دوای ١٠٠ سـاڵ بـە سـەر ڕێککەوتنـی سـایکس پیکـۆ، ئێسـتا ناوچەکـە لـە سـەر دووڕیانـی وەرچەرخانێکـی گەورەیـە، بـاس لـەوە دەکرێـت ئـەو ڕێککەوتنـە کۆتایـی هاتـووە، ئایـا چـۆن سـەیری واقیعـی ئێسـتا دەکەیـت؟**

- کـۆی دەوڵەتەکانـی جیهـان لـە سـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی تایبـەت مامەڵـە لەگـەڵ واقیعـە تـازەکان دەکـەن. ڕێککەوتنـی سـایکس-پیکۆ و ڕێککەوتنەکانـی دوای ئـەو کـە بوونـە هـۆی دابەشـبوونی کوردسـتان، بەرژەوەندیـی دەوڵـەتـە براوەکانـی جەنگـی یەکەمـی جیهـان بەرجەسـتەی دەکـەن. تائێسـتا ئاوڕدانەوەیەکـی ڕەخنەییمـان نییـە لـەو ڕێککەوتنـە نێودەوڵەتییانـە، تـا بزانیـن ڕۆڵ و کەمتەرخەمییەکانـی خۆمـان چـی بـووە و چـی بکـەن بـۆ ئـەوەی هەمـان زوڵمـی مێژوویـی دووبـارە نەبێتـەوە. لـە ڕاسـتیدا پەرتەوازەیـی سیاسـی و نەبوونـی گوتارێکـی نەتەوەیـی یەکگرتـوو هـۆکار بـوون بـۆ بێبەشـکردنی کـورد لـە مافـی دەوڵـەتـی نەتەوەیـی. ئێسـتاش پاش سـەدەیەك، هەمـان ئەزموونـی پەرتەوازەیـی دووبـارە دەکەینـەوە، ئەگەرچـی پێگـەی کـورد بەهێزتـرە لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـە و جیهـان. ئـەوەی نائامادەیـە یەکڕیزییـە کـە بەرجەسـتەی ئیـرادەی گشـتیی و هاوبەشـی نەتەوەیـەك بکاتـەوە بـۆ چێکردنـی دەوڵـەت.

لەپـاش هاتنـی داعـش، ناوچەکـە و جیهـان لەگـەڵ واقیعێکـی تـازە ڕووبەڕووە، بەڵام لە ئێستادا ڕوون نییە ئەدگارەکانی ئەم ناوچەیە چۆن دەبن لەپاش داعش. لـەم قۆناغـەدا کە داعش ڕێز لە سنوورەکان ناگرێت و چەمکی سـەروەریی دەوڵـەت کەوتۆتـە ژێر گومانێکـی زۆرە، هێشـتا دەوڵـەتـە گـەورە و کاریگـەرەکانـی جیهـان و ناوچەکـە سـتراتیژ و سیاسـەتێکی ڕوونیـان نییـە بـۆ جیهانـی پـاش داعـش. لێـرەدا ئیـرادەی نەتەوەکانـی ئـەم ناوچەیـە، لـە هەمـوو ئیـرادەکان گەورەتـر و کاریگەرتـرە. کـورد وەك بکەرێکـی گرنگـی جەنگـی داعـش، وەك نەتەوەیەکـی گـەورەی ناوچەکـە، لـە ڕێگـەی یەکخسـتن و بەرجەسـتەکردنی ئیرادەیەکـی پتـەوەوە، دەتوانێـت پاڵپشـتی نێودەوڵەتیـی بـۆ دەوڵـەتـی کوردستان مسـۆگەر بکات. لە قۆناغـی پاش داعشدا، هەمـوو ئەگـەرەکان کـراوەن، وەك گەڕانـەوە بـۆ دۆخـی پێشـتر، نەخشەکێشـانەوەی سـنووری دەوڵەتـەکان و درووسـتبوونی دەوڵەتـی نـوێ. ئەگـەری درووسـتبوونی دەوڵەتـی کوردسـتان، یەکێکـە لـەم ئەگـەرە کراوانـە. بـەڵام وەك چـۆن لەپـاش ڕێککەوتنـی (سـایکس-پیکـۆ)، بەهـۆی نەبوونـی ئیرادەیەکـی یەکگرتوویـی کوردانـەوە، کورد بێبـەش کرا لـە دەوڵەتێکی نەتەوەیی، دووبارەبوونـەوەی ئەمـە ئەگەرێکـە و دەبێت لەبەرچاوی بگریـن. نەبوونـی ئیردایەکـی یەکگرتـوو لەسـەر ئاسـتی باشـووری کوردسـتان، لەنێـوان باشـوور و ڕۆژئـاوا، لەوانەیـە هـۆکاری شکسـتخواردنی هەوڵەکانـی کـورد بێـت بـۆ درووسـتبوونی دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی. بەرژەوەندیـی دەوڵـەتـە زلهێـزەکان لـەم قۆناغـەدا دژی درووسـتبوونی دەوڵەتێـك نییـە لـە کوردسـتان، بـەڵام ئـەوەی دژی درووسـتبوونی ئـەم دەوڵەتەیـە ئـەو پەرتبوونـە سیاسـییەیە کـە ئێمـە ئەزموونـی دەکەیـن، ئـەوەی دژی ئـەم دەوڵەتەیـە نەبوونـی هاوسـۆزیی نێودەوڵەتیـی نییـە، بەڵکـو دابەشـبوونی ڕۆشـنبیری و سیاسـییە بەسـەر چەنـد کەمپێکـی وێناکـراودا. ئـەوەی دژی درووسـتبوونی دەوڵەتـە لـەم قۆناغـەدا، هەوڵـی هەندێـك کـەس و لایەنـە بـۆ لێدان لـە ئیـرادەی نەتەوەیـەك کـە هەسـت دەکات، دەوڵەتێـك بەشـێکی زۆر لـە کێشـەکانی چارەسـەر دەکات. ئـەم پەرتبوونـە سیاسـییە، ئـەم دابەشـبوونە لـە گوتـاری نەتەوەییمانـدا، گەورەتریـن زەبـر لـە ئەگـەری درووسـتبوونی دەوڵـەت دەدات.

**ئەگەر سایکس-پیکۆی داهاتوو، لە زیانی کورد گەڵاڵەکرا، ئەمجارە جگە لە خۆمان نابێت لۆمەی کەسی دیکە بکەین**

**هێزەکانی پێشمەرگە نوێنەری توێژی لاوانی ئەم وڵاتەن، کە ڕۆژانە وانەی گەورەمان پێدەڵێنەوە لەسەر نەبەردی، خۆنەویستی و خۆشەویستیی نیشتمان**

*** ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە بە شێوەیەكی فراوانتر رای گشتی رۆژئاوا لەو غەدرە ئاگادار بكەینەوە كە لە میانەی سایكس پیكۆ لە كورد كراون؟ ئایا تاچەند ئەمە كاریگەری دەبێت و خۆمان چیمان پێدەكرێت؟**

- تواناكانی ئێمە بۆ دادگاییكردنێكی ویژدانیی خۆرئاوا و دەوڵەتە زلهێزەكان زۆر سنووردارە. بەگشتی سیاسەتی ئەمریكا و دەوڵەتانی ئەورووپا سیاسەتێكی بەرژەوەندیخوازانەیە. لەم قۆناغەدا لەبەر ئەوەی درووستبوونی دەوڵەتێك لە كوردستان نابێتە هەڕەشە لەسەر هاوسەنگیی هێز و بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا و خۆرئاوا، ئەوان دژی ناوەستنەوە، بەڵام مەرج نییە پاڵپشتیی بكەن. دەوڵەتێك لە كوردستان، لەم ناوچە قەیراناوییە، پێویستی بە پاڵپشتیی ئەمریكا و خۆرئاوا دەبێت، بۆ بەدەستهێنانی ئەم پاڵپشتییە تەنیا تۆخكردنەوەی بەها هاوبەشەكان لەگەڵ خۆرئاوا زامنی راستەقینە دەبێت. واتا پتەوكردنی بنەماكانی دیموكراسی، حوكمڕانیی باش، سەروەریی یاسا و ریزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ، دەتوانن پاڵپشتی خۆرئاوا بۆ دەوڵەتی كوردستان بەدەستبهێنن. هەموو بابەتەكانی دیكە كە ئێستا بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە نێوان هەرێمی كوردستان و ئەم دەوڵەتانەدا درووستكردوە، وەك نەوتی كوردستان و جەنگی دژەتیرۆر، بابەتی كاتیی و تەمەنكورتن، بەڵام ئەم بەها گەردوونییانە تەمەندرێژن و دەتوانین لە رێگەی زەقكردنەوەی ئەم بەهایانەوە لەگەڵ خۆرئاوا باس لە گرنگیی پاڵپشتیی ئەزموونی كوردستان بكەین.

*** لە كۆمەڵگەی دیموكراتیدا هەموو سیاسەتێك لە هەلومەرجی ناوخۆییەوە دەست پێدەكات، بەڵام لە ئێستادا هەلومەرجی سیاسی بەو ئاستە لەبار نییە كە بڵێین هیچ كێشەیەك لەنێوان لایەنە سیاسییەكاندا بوونی نییە، ئەمە فەرزی دەكات لە سەرمان كە هەنگاوی یەكەم بۆ هەر بڕیار و هەنگاوێك، رێكخستنەوەی نێوماڵی كوردە، ئایا چی بكەین بۆ ئەوەی زەمینەی سیاسیی ناوخۆی كوردستان بۆ بڕیارێكی چارەنووسسازی لەو جۆرە لەبار بكەین؟**

- ئەم هەلومەرجە ناوخۆییەی كە لە ململانێیەكی ناتەندرووستدا خۆی نمایش دەكات، زادەی لووتبەرزی و كورتبینیی سیاسییە. تائێستاش كەلتووری سیاسیی حزبەكانی ئێمە كەلتووری قۆرخكاریی و سەپاندنی ئەجێندای تایبەت بەخۆیانە، لەجیاتی گردبوونەوە لە دەوری گوتارێك و ئەجێندایەكی نەتەوەیی. یەكێك لە هۆكارەكانی زاڵبوونی ئەم كەلتوورە سیاسییە، نەبوونی دەوڵەتە وەك چوارچێوەیەك بۆ دیاریكردنی هێڵەكانی بەژرەوەندیی نیشتمانی و ئەرك و بەرپرسیارێتییەكانی حزبە سیاسییەكان. نەبوونی دەوڵەت هۆكارە بۆ ئەوەی هەموو حزبێك خۆی وەك دەوڵەتۆكەیەك ببینێت، كە فەرمانڕەوا و دامەزراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، پێوەندییەكانی دەرەوەش لە كەناڵەكانی حزبەوە ئەنجام دەدرێن. ئەم كەلتوورە رێگرە لەوەی حزبەكان بتوانن گفتوگۆی راستەقینە لە نێوان خۆیاندا بكەن، چونكە تائێستا كۆك نین لەسەر هیچ بنەمایەكی نەتەوەیی و نیشتمانی. لەم هەلومەرجەدا لەبەر گرنگی كۆدەنگی و یەكریزی بۆ چارەنووسی كوردستان، پێویستە هاوكات لەگەڵ قسەكردن لەسەر درووستبوونی دەوڵەتی كوردستان، گفتوگۆیەكی راستەقینە هەبێت بۆ یەكخستنی گوتاری ناوخۆیی لەسەر پرسە گرنگەكان. بەڕای من باشترین هەنگاو لەم كاتەدا كە دەسەڵاتدارانی هەرێم بینێن ئەوەیە كە دەستبەرداری بەرژەوەندییە كورتمەوداكان ببن و لەسەر دوو ستراتیژ كاربكەن:

یەكەم: ستراتیژی ناوخۆیی بۆ یەكخستنی هێزە سیاسییەكان و رێككەوتن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، چارەسەركردنی قەیرانە ئابوورییەكان، بە دامەزراوەییكردنی حكومەت و بڕینی دەستی حزب لەناو هەناوی دامەزراوە حكوومییەكاندا.

دووەم: ستراتیژی دەرەكی، كە پێویستە بە بەشداریپێكردنی راستەقینەی كۆی هێزە سیاسییەكانی كوردستان دابڕێژرێت و كۆی بڕیارەكان هاوبەش بن كە پەیوەستن بە بابەتی راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان.

ئەم دوو ستراتیژە پێكەوەبەستراون و یەك بێ ئەوی تر سەركەوتوو نابێت. هەر حزبێكی سیاسی كە بانگەشەی كاركردن دەكات بۆ بەرژەوەندیی گشتی، پێویستە بەرژەوەندییە تایبەت و تاكەكەسییەكان هەڵبواسێت و بۆ سەرخستنی ئەم دوو ئامانجە كار بكات.

*** ئایا پرۆسەی گۆڕانكاری و چاكسازی وەك توخمێك لە نەخشەڕێگە تاچەند بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی گرنگە و تاچەند پێویستی بە ئیرادە و بڕیاری بوێرانە هەیە؟**

- یەكێك لە پایەكانی دەوڵەت توانای خۆبەڕێوەبردن و ئیدارەدانی سەركەوتووە. ئەزموونی هەرێمی كوردستان، لە هەندێك قۆناغدا موژدەبەخش بوو،

**كورد كوردە پێش ئەوەی سوننە، یان شیعە بێت. لەبەر ئەوە هەموو هەوڵێک بۆ گۆڕینی جەنگی كورد لە دژی داعش و هاوشێوەكانی، لە جەنگێكی نەتەوەییەوە بۆ جەنگێكی مەزهەبی، هەوڵێكی سامناكە و پێویستە هەموومان لە دژی بوەستینەوە**

**پەرتەوازەیی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی، باڵادەستبوونی عەقڵییەتی حزبیی و بەرژەوەندیی تایبەت هۆكارن لە پشت پەرتەوازەیی گوتاری میدیاییەوە**

**دەوڵەتانی ناوچەكە بەشدارن لە جەنگێكدا كە نێوەندەكانی توێژینەوە لە ئەمریكا بە «جەنگی درێژ» ناوی دەبەن. ئەم جەنگە درێژە جەنگێكی (ئایدیۆلۆژیی-ئایینی)یە و تیرۆر وەک ئامرازێكی كاریگەر بەكاردەهێندرێت. داعش و هێزە تیرۆریستییەكانی دیكە ئەكتەری كارای ئەم جەنگەن و دەوڵەتەكانی ناوچەكە وەک دەستكەلا بەكاریان دەهێنن**

تەنانەت لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، کوردستان وەك نموونەیەکی رۆشنی رۆهەڵاتی ناوەڕاست باس دەکرا. بەڵام لەم چەند ساڵەدا لە پرۆسەی خۆبەڕێوەبردندا ئەزموونی پاشەکشێیەکی سامناك دەکرێت. گەندەڵیی شێرپەنجەیەکی راستەقینەیە لە جەستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەوانەی دڵسۆزی ئەم ئەزموونەن، دەبێت بەم ئیعتیرافە دەستپێبکەن و کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم دەردە کوشندەیە. سیستەمی حوکمڕانی پێویستی بە گۆڕانکاری و چاکسازیی ریشەیی و رادیکاڵ هەیە، ئەمەش لە هەلومەرجێکدا کە زۆربەی بڕیارەکان لە سۆنگەی بەرژەوەندی حزبییەوە دەدرێن، ئاسان نابێت. دەبێت حزبە سیاسییەکانی ئێمە لەوە تێبگەن، کە شکستی ئەم ئەزموونە ماڵوێرانییەکی گەورەیە بۆ هەموومان، پێویستە لە گرنگیی حکومەتی دامەزراوەیی تێبگەن و بزانن کە حکومەتی دامەزراوەیی هەرگیز بەدینایەت ئەگەر حزب بەم عەقڵیەتەی ئێستاوە بەردەوام بێت لە تێڕوانین لە حکومەت وەك درێژکراوەی سێبەرەکەی خۆی. ئەم کارەش پێویستی بە هەنگاوی بوێرانە و رێککاری رادیکاڵ هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە حکومەت دەستکراوە بێت بۆ گێڕانەوەی موڵك و سامانی داگیرکراوی حکومەت و رێگرتن لە کۆمپانیا تایبەتەکان بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە لەسەر حسابی خەڵك و حکومەت. هاوشان لەگەڵ ئەمەدا حکومەت دەتوانێت لە رێگەی چاکسازیی یاسایی و ئیدارییەوە کەرتی تایبەت توانادار بکات بۆ ئەوەی ئەرکی پەرەپێدانی ئابووری لەئەستۆ بگرێت. بەبێ لێدان لەو گرووپە بچووکەی لە رێگەی فۆرمە جیاوازەکانی گەندەڵییەوە بوونەتە سەرمایەداری گەورە و ئامادەن هەموو بەهایەك بخنە ژێرپێ لەپێناوی کەڵەکەکردنی سەرمایەی زیاتردا، بەبێ لێدان لەو گرووپە کە جگە لە بەرژەوەندیی ماددیی هیچ شتێکی تر بە کوردستانیانەوە نابەستێتەوە، هەموو هەوڵەکانی چاکسازی لەئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان و ئەوانەدا نابن کە لەپێناوی دەوڵەتی کوردستاندا خوێنی خۆیان دەبەخشن.

*** لەناو ئەم قۆناخە هەستیارەدا هەست دەکەین پاشەگەردانییەك لە خیتابی راگەیاندنی کوردستاندا هەیە. ئایا ئەم پاشەگەردانییە تاچەند زیان لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەدات؟**

- پەرتەوازەیی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی، باڵادەستبوونی عەقڵییەتی حزبیی و بەرژەوەندیی تایبەت هۆکارن لەپشت پەرتەوازەیی گوتاری میدیاییەوە. لە کوردستان حزبەکان میدیای تایبەت بەخۆیان هەیە و هیچ میدیایەکی سەربەخۆ نییە، لەبەرئەوە سەیر نییە کاتێك ئەم میدیا جیاوازانە دەبنە ئاوێنەی ئەجێندای حزبەکانیان. کاتێك حزبە سیاسییەکان، وەك گرنگترین و کاراترین بکەری سیاسیی ئەم وڵاتە، نەتوانن لەسەر ستراتیژێکی نەتەوەیی رێکبکەون، نەتوانن هێڵە گشتییەکانی بەرژەوەندیی گستیی دیاری بکەن، هەڵەیە چاوەڕوانی ئەوە لە میدیا بکەین بەم رۆڵە هەستێت. لەوانەیە لەم قۆناغەدا باشترین خزمەتێك کە حزبە سیاسییەکان بە خۆیان و بە دۆزی نەتەوەییمانی بکەن، داخستنی بەشێك لە میدیا حیزبییەکان بێت. هاوکات پێویستە کاربکرێت بۆ درووستبوونی راگەیاندنی سەربەخۆ و راهێنانی حزبی سیاسیی لەسەر قبووڵکردنی ئەم راگەیاندنە سەربەخۆیە وەك فاکتەرێکی گرنگ بۆ یەکخستنی گوتارێکی نەتەوەیی.

*** هاوکات جەمسەربەندییەکی ئیقلیمی و شەڕێکی بەوەکالەتی فراوان دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بوونی هەیە، ئایا چۆن دەتوانین لەنێو ئەم جەمسەربەندییە پرۆسەی سەربەخۆیی رزگار بکەین؟**

- بێگومان دەوڵەتانی ناوچەکە بەشدارن لە جەنگێکدا کە نێوەندەکانی توێژینەوە لە ئەمریکا بە «جەنگی درێژ» ناوی دەبەن. ئەم جەنگە درێژە جەنگێکی (ئایدیۆلۆژیی-ئایینی)یە و تیرۆر وەك ئامرازێکی کاریگەر بەکاردەهێندرێت. داعش و هێزە تیرۆریستییەکانی دیکە ئەکتەری کارای ئەم جەنگەن و دەوڵەتەکانی ناوچەکە وەك دەستکەلا بەکاریان دەهێنن. واتا جەنگی درێژ جەنگی نەریتیی نێوان دوو سوپا، یان چەند سوپایەك نییە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، بەڵکو جەنگێکی فرەئەکتەر، فرەمەیدان و فرەڕهەەندە. چاوەڕوان ناکرێت ئەم جەنگە بەم نزیکانە کۆتایی بێت، چونکە رەهەندێکی مێژوویی و ئایینیی قووڵیی هەیە. دەوڵەتەکانی ناوچەکە کە بزوێنەری ئەم جەنگەن، نازانن لەگەڵ یەکتردا بدوێن و کێشە ئایدیۆلۆژییەکانیان بە دیالۆگ چارەسەر بکەن، لەبەرئەوە پەنادەبەن بۆ بەکارهێنانی هێزی دەستکەلا لە دژی یەکتر. هەردوو بەرەی ئەم جەنگە، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ تێوەگلانی کوردی هەموو ناوچەکان بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەم جەنگە. ئەوەی تائێستا کورد و ئەزموونی هەرێمی

**لەوانەیە لەم قۆناغەدا باشترین خزمەتێك کە حزبە سیاسییەکان بە خۆیان و بە دۆزی نەتەوەییمانی بکەن، داخستنی بەشێك لە میدیا حیزبییەکان بێت. هاوکات پێویستە کاربکرێت بۆ درووستبوونی راگەیاندنی سەربەخۆ و راهێنانی حزبی سیاسیی لەسەر قبووڵکردنی ئەم راگەیاندنە سەربەخۆیە وەك فاکتەرێکی گرنگ بۆ یەکخستنی گوتارێکی نەتەوەیی**

**نەبوونی دەوڵەت هۆکارە بۆ ئەوەی هەموو حزبێك خۆی وەك دەوڵەتۆکەیەك ببینێت، کە فەرمانڕەوا و دامەزراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، پێوەندییەکانی دەرەوەش لە کەناڵەکانی حزبەوە ئەنجام دەدرێن**

**ئەزموونی هەرێمی کوردستان، لە هەندێك قۆناغدا موژدەبەخش بوو، تەنانەت لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، کوردستان وەك نموونەیەکی رۆشنی رۆهەڵاتی ناوەڕاست باس دەکرا. بەڵام لەم چەند ساڵەدا لە پرۆسەی خۆبەڕێوەبردندا ئەزموونی پاشەکشێیەکی سامناك دەکرێت**

**ئەم هەلومەرجە ناوخۆییەی کە لە ململانێیەکی ناتەندرووستدا خۆی نمایش دەکات، زادەی لووتبەرزی و کورتبینیی سیاسییە. تائێستاش کەلتووری سیاسیی حزبەکانی ئێمە کەلتووری قۆرخکاریی و سەپاندنی ئەجێندای تایبەت بەخۆیانە**

**پەرتەوازەیی سیاسی و نەبوونی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو هۆکار بوون بۆ بێبەشکردنی کورد لە مافی دەوڵەتی نەتەوەیی. ئێستاش پاش سەدەیەک، هەمان ئەزموونی پەرتەوازەیی دووبارە دەکەینەوە**

**تائێستا ئاوڕدانەوەیەکی رەخنەییمان نییە لەو رێککەوتنە نێودەوڵەتییانە، تا بزانین رۆڵ و کەمتەرخەمییەکانی خۆمان چی بووە و چی بکەن بۆ ئەوەی هەمان زوڵمی مێژوویی دووبارە نەبێتەوە**

کوردستانی پاراستووە، تێوەنەگلانە لەم جەنگە. ئەگەرچی کوردستان ئێستا لە جەنگێکی رەوادایە لە دژی داعش، بەڵام ئەم جەنگە بۆ کوردستان جەنگێکی نەتەوەییە نەك ئایدیۆلۆژی. کورد کوردە پێش ئەوەی سوننە، یان شیعە بێت. لەبەر ئەوە هەموو هەوڵێك بۆ گۆڕینی جەنگی کورد لە دژی داعش و هاوشێوەکانی، لە جەنگێکی نەتەوەییەوە بۆ جەنگێکی مەزهەبی، هەوڵێکی سامناکە و پێویستە هەموومان لە دژی بوەستینەوە. کورد لە ئێستادا کە پاڵپشتیی نێودەوڵەتیی هەیە، دەبێت روونتر بە جیهان و دراوسێکانی بڵێت، ئێمە نابینە دەستکەلا لە شەڕی مەزهەبیی وڵاتانی ناوچەکە، بەڵکو دەمانەوێت ببینە هۆی درووستبوونی ئەگەری پێکەوەژیانی ئاشتییانەی هەموو نەتەوە، ئایین و مەزهەبەکان و درووستکردنی دەوڵەتی کوردستانیش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیە. ئەم گوتارەش گوتارێکی بێبنەما نییە، چونکە لە کوردستان سیماکانی ئەو پێکەوەژیانە بە روونی دەبیندرێت. بەڵام گرنگە رێگری بکەین لە هەموو ئەوانەی بە ناوی گوتاری نەتەوە، یان ئایینی سەردەستەوە هەوڵی تێکدانی ئەم سیما گرنگە دەدەن. پاراستنی ئەم ئەزموونی پێکەوەژیانە و تۆخکردنەوەی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی لەگەڵ کەموڕییەکانی دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

*** لایەنێکی دیکە لەم پرۆسەیە گرنگیدانە بە لاوەکانی کوردستان، لە بەر ئەوەی لە پرۆسەی سەربەخۆییدا دەبنە فاکتەری سەرەکی و رۆڵێکی کارا لە ریزەکانی پێشمەرگە دەگێڕن، لەبەرامبەردا کۆمەڵێك لاویش کۆچ دەکەن و وڵات بە جێدەهێڵن، ئایا چۆن لەم لایەنەوە سەیری رۆڵی لاوانی کوردستان دەکەیت؟**

- هێزەکانی پێشمەرگە نوێنەری توێژی لاوانی ئەم وڵاتەن، کە رۆژانە وانەی گەورەمان پێدەڵێنەوە لەسەر نەبەردی، خۆنەویستی و خۆشەویستیی نیشتمان. ئەم لاوانە گەورەترین مامۆستای ئەم قۆناغەن، هەرکەس حەزی لە فێربوونە، هەر لە سەرکردەکانمانەوە تا منداڵەکانمان، دەتوانن گرنگترین وانەکانی ژیان لەم لاوانەوە فێرببن. بەڕای من لاوانی کوردستان، ئەوانەی پێشمەرگەن و ئەوانەش کە لە زانکۆکان دەخوێنن، یان لە بازاڕەکاندا کاردەکەن، نمایشی ئاستێکی بەرز لە نیشتمانپەروەری دەکەن. کێشەکە لە خودی لاواندا نییە، دەبێت لە جێگەیەکی دیکەوە بەدوای هۆکارەکانی دیاردەی کۆچدا بگەڕێین. بە کورتی هۆکارەکانی کۆچ فرەن، بەڵام گرنگترینیان ئەو هەلومەرجەیە کە بزوێنەری بێئومێدییە لەناوی لاواندا. سەرەڕای ئەمانە، لاوانی ئێمە دەبێت بزانن کە ئەوان لە دووڕیانێکی مێژوویی‌دان و پێویستە بەرپرسیارێتی قورستر لە پێویست لەئەستۆ بگرن. هاوکات پێویستە دەسەڵاتدارانی ئێمە بیر لە تواناداركردنی راستەقینەی لاوان بکەنەوە، بیر لەوە بکەنەوە کە سیستەمی پەروەردەی ئێمە پڕە لە کەلێن، زانکۆکانی ئێمە لەجیاتی ورووژاندنی بەهرە و توناکانی داهێنان لە لاواندا، هەموو ئەگەرەکانی گەشەیان تێدا دەکوژێت. چاکسازی لە ژێرخانی ئابووری چەندە گرنگە، لە سەرخانی کۆمەڵایەتی دە هێندە گرنگە.

*** ئایا وەك روشنبیرێك داهاتووی کوردستان چۆن دەبینیت، جیا لەوەی کە بە رەشبینی، یان بە گەشبینی رای خۆت دەردەبڕیت، بەڵام ئەو هۆکارانە چین کە ئەم تێڕوانیەت لەسەر بونیاد ناوە؟**

- کوردستان ئێستا لە بەردەم دەرفەتێکی مێژوویی گرنگدایە کە بە درێژایی مێژووی مۆدێرن وێنەی نەبووە. یەکێك لە ئەگەرەکان، کە تادێت کاڵتر دەبێتەوە درووستبوونی دەوڵەتێکی هاوبەشە لەنێوان باشوور و رۆژئاوا، کە بەشێکی زۆر لە کێشەکانی گیرخواردنی جوگرافیمان ناهێڵێت. ئەگەرێکی دیکە درووستبوونی دەوڵەتێکە لە باشوور، کە دەکرێت دەوڵەتێکی بەهێز و دەوڵەمەند بێت ئەگەر ئیرادەی ناوخۆ یەکبخرێت. قسەکردنی ئێمە نابێت لەسەر رەشبینی و گەشبینی بێت، بەڵکو دەبێت لەسەر توانا و دانایی سەرکردایەتی کوردستان بێت بۆ قۆستنەوەی ئەم هەلە زێڕینە، بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان، بە بێ ترس لە خیانەتی ئەم زلهێز، یان ئەو دەوڵەتی هەرێمی. ئێمە ئێستا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا دەروازەی مێژوو بەڕووماندا کراوەتەوە، دەچێن، یان ناچینە ناو مێژووەوە پەیوەستە بە توانای ئێمەوە بۆ درووستکردنی رووداوی سیاسیی گەورە. کورد دەتوانێت جێدەستی دیار بێت لەو گۆڕانکارییانەی ناوچەکە چاوەڕێی دەکات. بەڵام یەك هۆشداری زۆر گرنگ هەیە لێرەدا، ئەگەر سایکس-پیکۆی داهاتوو، لە زیانی کورد گەڵاڵەکرا، ئەمجارە جگە لە خۆمان نابێت لۆمەی کەسی دیکە بکەین.



### نەوزاد جەمال نووسەر و ڕۆشنبیر بۆ گوڵان:

# پێشمەرگە لە جۆرە موعجیزەیەک دەچێت وێڕای سەرما و گەرما و بێ مووچەیی هێشتا بە خۆڕاگری ماونەتەوە

**بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان و ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی لە ناوچەکەدا بەڕێوە دەچێت، پرسی کوردی خستۆتە دووڕیانێکی ڕەشبینی و گەشبینییەوە، بۆچوونەکان سەبارەت بە پێگەی کورد لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا هەمەجۆرن، بەڵام لەنێو ئەم جیاوازییانەدا خاڵی هاوبەشی هەموو لایەك بڕوابوونە بە ئیرادەی نەتەوەییمان کە ئیرادەیەکی پۆڵایینە، ڕەخنەکان لەسەر واقیعی سیاسیی کوردستان زۆرن، ڕەخنەی سەرەکی کە ئەویش جۆرێك لە هاودەنگی دروستکردووە، ڕەخنەگرتنە لەئەدای حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە، ئەو وتووێژەمان لەگەڵ نەوزاد جەمال مامۆستای زانکۆ و نووسەر و ڕۆشنبیر ئەنجامداو بەمجۆرە سەرنجەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** لە ئێستادا ناوچەکە بەرەو وەرچەرخانێکی گەورە هەنگاو هەڵدەگرێت، ئایا لەناو ئەم وەرچەرخانەدا چۆن سەیری پێگەی کورد دەکەیت لەکاتێکدا هاوسۆزییەکی گەورە بۆ پرسی کورد هەیە؟**

- پرسیارەکەت پڕە لە نائومێدی و هاوکات چاوەڕوانی. پێموایە ئێمە شتێکمان لا روون نییە، هاوسۆزی بەشێکە لە ڕەهەندە هیومانیستەکەی ئەقڵی خۆرئاوایی. ئەوان هاوسۆزن لەبەر ئەوەی بەشێکی بەرژەوەندی و بەشێکی ئەو بەهایە لە پشتی گوتاری هاوسۆزییەوەیە. ئەوە کورد خۆیەتی کە داواکارییەکانی بێ ستراتیژییەت و ناڕوونن. کورد لەماوەی ئەو سەدەیەدا مەبەستم لە سەرکردەو سیاسیەکانیەتی، هەمیشە لەگەڵ تاکتیکدا سەروکاریان هەبووە، نەك ستراتیژیەتی دوورمەودا. لەهەموو سەرکردە و سیاسییەك بپرسە، نازانێت سبەی چی دەبێت و چۆن و بەچی خۆی بۆ پێشهاتەکان ئامادەکردووە. لە کاتێکدا ستراتیژیەت واتە سیاسەتی دوورمەودا و نزیکمەودا. بۆیە،

کورد دەبێت لە خۆی بپرسێت بۆ غەدرەکەی قبووڵە؟ چۆن بەرەوڕووی دەبێتەوە و ئەلتەرناتیڤەکانی چین؟ هەر بۆیە من گۆڕانکارییەکی جەوهەری نابینم. پاش سەدەیەك لەتەنگژە و قەیران، ڕووداو و پێشهاتەکان بە نەگۆڕی ماونەتەوە و ئەو پرسیارەم لا دەورووژێنیت: ئایا جەنگ چۆن دەبێتە مێژووی مرۆڤگەلێك؟ ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەڕۆن، دووبارەبوونەوە، یا پەرەسەندن و بازدان لە چەقبەستووییەوە بۆ قۆناخێکی پێشکەوتووتر؟ ژێدەرەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە زۆربەی ڕووداوەکان، کارەسات وماڵوێرانەکان خۆیان بۆ دووبارەبوونەوەیەکی کۆمیدی ئامادەکردووە. لێرەدا، پێم خۆشە پرسی کورد ببەمە ئاستێکی فەلسەفی و لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی مێژوودا مەبەستەکەم ڕوون بکەمەوە. لەو سۆنگەوە ‹هیگڵ› پێیوایە «هەموو فاکتە مێژووی و کەسێتییە مەزنەکان دووجار سەرهەڵدەدەنەوە». بەڵام، ‹مارکس› پێیوایە دەبوایە ‹هیگڵ› ئەوەشی لەبۆچوونەکەیدا زیادکردبایە کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە: جارێك بە شێوەیەکی تراژیدی و جارێکیش گاڵتەجاڕی›. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە بۆ تێگەیشتن لەلایەنێکی سەرەکیی کێشەکان، دەبێت بۆ بکەرێك بگەڕێین کە ئەویش کورد خۆیەتی. پێموانییە سەرەتای کێشەکانی نەتەوەی کورد لەبنەڕەتدا ببەسترێتەوە بەمێژووی ساڵێکەوە، بەڵکو بەندە بەتواناو لێهاتوویی خۆی. ناکرێت چیتر ڕوانگەی مێژوویی وەك پاساوێك بۆ دەرنەکەوتنی وەك بکەرێکی سیاسی و شارستانی و ئابووری بهێنرێتەوە. پێویستە، ئێمە هەر بە تەنیا پرسیارە مێژووییەکان لەمەڕ تێگەیشتن لە ئایندە و چارەنووسی ئەم مرۆڤگەلە نەورووژێنین، بەڵکو قسەش لەبارەی ئەو بکەرەوە بکەین کە کورد خۆیەتی.

*** ئایا ئەگەر هەنگاوێکی لەمجۆرە دەست پێبکەین، تاچەند دەتوانین کاریگەری لەسەر حکومەتەکان و رای گشتی ڕۆژئاوا بکەین؟ ئایا تاچەند لە هەلومەرجێکی وەك هەلومەرجی ئێستادا لە پرۆسەیەکی لەوجۆرەدا سەرکەوتوو دەبین؟**

- ئەوەندەی لە ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕە نوێیەکانی ناوچەکە تێگەیشتبێتم، هەستدەکەم گۆڕانکارییەك هەیە لە جیۆپۆلیتکی ناوچەکەدا. بەڵام ئەوە هیچ مسۆگەری ئەوە ناکات کە بە ویست و خواستی کورد دابڕیژرێتەوە، نەخێر، بنەمای سەرلەنوێ دارشتنەوەکە بەپێوەری سەرچاوەکانی وزەو پاساوەنەکانییەتی. جەنگێکی گەورە بەرپاکرا تا ئەوپەڕی نەوت نابووت بوو لەجیهاندا. چۆنییەتی کاری کورد بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ لۆبیکردن لەسەر ئاستی جیهانی. ئێمە ملیۆنەها کوردی ئاوارەمان لە هەندەران هەیە و خەڵکانی بەتوانایان هەیە، بەڵام بێکەس لە وڵاتاندا و خۆشیان نازانن چیبکەن لەبەر ئەوەی حکومەت لە دەرەوەی حزبایەتی بەرنامەیەکی سوودوەرگرتنی لەو هێزە مرۆییە نەبووە. لەئاستی ناوخۆدا دەبێت ئەو متمانەیەی کە هەرێم وەك بکەرێك لە ناوچەیەکی نائۆقرەدا هەیبووە، بگێڕدرێتەوە. چونکە نەبوونی تەبایی ناوخۆیی ئاماژەیەکی ترسناکە کە ناکرێت گرەو لەسەر کورد بکرێت و پشتی پێببەسترێت.

ئەوەتەی لە هەندەران گەڕاومەتەوە و هاتوومەتە ناو زانکۆ ڕۆژانە ئەو ڕاستییەم لا دەچەسپێت کە توانای گەنجان گەورەترین و زۆرترین سەرمایەی مرۆیی ئێمەیە. بەبڕوای من لە نەوت و گاز و سەرچاوەکانی دیکە زۆرتر و بەردەستترن

*** بێگومان هەلومەرجی سیاسی بەو ئاستە لەبار نییە کە بڵێین هیچ کێشەیەك لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا بوونی نییە، ئەمە فەرزی دەکات لەسەرمان کە هەنگاوی یەکەم بۆ هەر بڕیار و هەنگاوێك، ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردە، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی زەمینەی سیاسیی ناوخۆی کوردستان بۆ بڕیارێکی چارەنووسسازی لەو جۆرە لەبار بکەین؟**

- لەوەدا هاوڕام، دەبێت زەمینەی دیموکراسی بەهێزتر بکرێت، چونکە دیموکراسی کەلتوورە. بەم پێیە دەرکەوتنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی نەبووە. بەڵام لەماوەی دوو دەیەدا ویستی بەجۆرێك وێنەیەکی دیموکراسی لەناوچەکدا دروستبکات و بەجۆرێك نێوماڵی خۆی پێ بەڕێوەبەرێت. لەکاتێکدا ئەو دیموکراسییە ناوەڕۆکێکی ڕوون و پێناسەکراوی نەبووە. ئەو ساتەوەختەی کە خەریك بوو دیموکراسی دەبووە ئەزموونێکی کردەیی لەنێو ژیانی پەرلەمانیدا بەهەبوونی ئۆپۆزسیۆن، وردە وردە جیاوازییەکان نەبوونە نزیکبوونە، بەڵکو لێکترازان. ئەوەتا چەند مانگێکە سیاسەتی دیموکراسییانە پشتگوێ خراوە. ئەگەر پەرلەمان لە ڕووی دامەزراوەییەوە بکەینە چەقی ئەو دیموکراسییە، دەبینین شتێك نەماوە بەناوی پەرلەمان جگە لە کۆمەڵێك مووچەخۆر لە هەموو حزبەکان، بەداخەوە ئەوەش بەشێکە لەقەیرانی ستراتیژیەتی نیشتمانی کە نەبوونی دەوڵەتە. حزب وەك فۆرمێك لە حکومەت مامەڵەدەکات. لەکاتێکدا کە بنەماو هێڵە سەرەکییەکانی بەرژەوەندیی نیشتمانی دیاریکراو نییە، هەرکەس لە بەرژەوەندیی خۆیەوە ئامانج و تاکتیکەکان دادەڕێژێت. بێسەروبەری لە دۆخێکی هۆبزی دەچێت و دابەشبوونی ناوخۆیی دەبێتە درێژبوونەوەی، دابەشبوون و پێکدادانی بەرژەوەندیی دەوڵەتە گەورەکان. وەك پێشتر وتم، نەبوونی پلانی درێژخایەن وای کرد هەموو دەستکەوتەکان لەسەر زەوییەکی فشۆڵ دابکەون، دواجار وەك لمی بیابان بەشنەبایەك پەرت بن. بەڕای من، ئیتر قۆناخی چاکسازی و گۆڕانکاریمان تێپەڕاند. کێشەو گرفتەکان بە ئاراستەیەکدا چوون، لە چاکسازی دەرچوون.

*** ئایا چۆن سەیری خیتابی ئیعلامی کوردستان دەکەیت؟ یاخود ئایا نەبوونی خیتابێکی یەکگرتوو بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان چ زیانێك لە ئایندەمان دەدات؟**

- بەداخەوە، هەمیشە لە گوتاری سیاسیی کوردیدا یەکڕیزی دەکرێتە مەرجێکی ژیانی سیاسی، لەکاتێکدا کەس پێوەی پابەند نابێت. ڕەنگە حزبەکان هەڵگری فۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بن، وەك چۆن هۆز و خێڵ جێگەی

نەتەوە و کۆمەڵگەیەکی یەکانگیر دەگرنەوە، حزبەکانیش هەر یەک خۆی بە حکومەتێک دەزانێت. هێشتا ئێمە لە قۆناخی حزبەوە نەڕۆیشتووینەتە حکومەت. ئەوەی ناوی حکومەتە، واتە حزب بەدەستکراوەیی. ئاخر، سەرپشک بە و بپرسە حزبەکان چەند کەناڵیان هەیە؟ بەڵام ئایا حکومەت میدیایەکی پیشەیی هەیە؟ جەنگی حزبی گۆڕاوە بەجەنگی میدیایی، بەڵام خۆشبەختانە وردە وردە خەڵکی لە کەناڵەکان دەتەکێنەوەو درك بەو گەمە دەکەن کە بەهەست و هۆش و تەندروستییان دەکرێت. ئیتر کەناڵەکان بەرەو مایەپووچی دەڕۆن. چونکە هیچی وەهایان پێ نەماوە کە ژیانی خەڵکی ئاسایی پێ باشتر بکەن، جگە لە بڵاوکردنەوەی توندوتیژی، رق و کینە، تووڕەیی و نائومێدیی. سوپاسی قەیرانی دارایی کە ئیتر تەمەنی زۆر کەناڵ و سەکۆی کورت کردەوە. لەم سەروبەندەدا من وێنەی کورد لە نموونەی میرنشینێکی سەدەیەك لەمەوبەر زیاتر نابینم. هەریەك بەجۆرێك لە حەوشەی ماڵی زلهێزێکدا گەمەی پێدەکرێت. کورد هێشتا نەبۆتە بکەرێکی نێودەوڵەتی، بەڵکو خەریکی خۆگونجاندنە لەبەرئەوەی لەخۆیدا تەبا نییە. ئەوەندەی من تێگەیشتبێتم، کورد وەك کۆمەڵگە قوربانی کۆمەڵێك چینە کە رێگرە لەبەرەوپێشچوونی، بەگشتی سیاسییەکان یەکێکن لەو چینانە.

*** ئەگەر لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسەر لاوەکانمان بکەین، ئایا لاوانی کوردستان وەك سەرمایەکی گرنگ بۆ وڵاتەکەمان چۆن لەم قۆناخە ناسکەدا دەتوانرێت رێکبخرێن و ببنە داینەمۆی پرۆسەی سەربەخۆیی کە بەبێ هێز و توانای ئەوان ئەم پرۆسەیە سەربەخۆ نایێت؟**

- بەڕاستی پێشمەرگەکان لە جۆرە موعجیزەیەك دەچن. چونکە لەگەڵ سەرما و گەرما، بێ مووچە و خراپیی داهاتیان، سەرباری ترس و دڵەڕاوکێ و شەڕ و ناتەبایی نێو هێزە سیاسییەکان، هێشتا بە خۆڕاگری ماونەتەوە. لەبەرئەوە دەبێت لەو چینە بەتایبەت رێزی لێبگیرێت و پشتیوانیی دەروون و ماڵی بکرێت. هەڵبەت، لەبەرامبەردا وێنەیەکی دیکەمان هەیە، ئەویش چینی گەنجە کە رووەدەکەنە دەرەوەی وڵات. نەبوونی پلانێك کە بۆ نموونە ساڵانە هەزارەها قوتابی لەزانکۆو پەیمانگەکان دەردەچن. بەڵام هێشتا ئامادەنین و ئامادەنەکراون بچنە نێو ژیانی کارو کۆمەڵگەوە. لەبەرئەوەی ئەزموونی جەستەیی و دەروونییان گەشەی نەکردووەو باش رانەهێنراون. بۆ دەبێت ئەو هەموو گەنجە رووبکاتە زانکۆکان؟ پاڵنەرەکە چییە؟ بێگومان زانست نییە، بەڵکو بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکە بۆ کاردەستخستن. لەکاتێکدا کەرت و بوارەکانی دیکە گرنگ و پێویستن، بەڵام، هاندان نییە. جگە لەوەی بۆ راهێنانی سەربازی نەبۆتە بەشێك لەپەرەپێدانی گەنجان؟ لەکۆمەڵگەیەکدا کە پێویستی بەهێزی بەرگری هەیە بیرلەوە نەکراوەتەوە؟ گەنجەکانی ئێمە وزەیەکی مرۆیی هێندە گەورەن کە بە فەرامۆشکراویی و سوود لێ وەرنەگرتن بە جۆرێك پەککەوتە بوون. ئەوەتەی لە هەندەران گەڕاومەتەوە و هاتوومەتە ناو زانکۆ رۆژانە ئەو راستییەم لا دەچەسپێت کە توانای گەنجان گەورەترین و زۆرترین سەرمایەی مرۆیی ئێمەیە. بە بڕوای من لە نەوت و گاز و سەرچاوەکانی دیکە زۆرتر و بەردەستترن. بەڵام داخەکەم درك بە پۆتێنسیاڵە(توانا) ناکۆتاییە ناکرێت. لەو ماوەیەدا، لەگەڵ راهێنەرێکی یۆگادا باسی لایەنە دەوڵەمەندەکانی کوردستانمان کرد. ئەو وتی: کوردستان زۆر جوانە لەبەرئەوەی وزەی زۆری تێدایە. زۆر راستە، کوردستان لێوانلێوە لە وزەو توانا نەك هەر سەرچاوە سروشتییەکان، بەڵکو وزەی لاوان وەك دەریایەك شەپۆل دەدات، بەڵام کەس نایبینێت، منیش وتم: کە وزە زۆر بوو، بەکارنەهات، پەکی دەکەوێت یا بە دوای دەریچەی دیکەدا دەگەڕێت تا لەوێدا خۆی خاڵی بکاتەوە. لەبەرئەوە، رۆیشتن لەکوردستان ئەنجامێکی ئەو لایەنەیە.

*** دواییین پرسیارمان ئەوەیە ئایا وەك رۆشنبیرێك داهاتووی کوردستان چۆن دەبینیت، جیا لەوەی کە بە ڕەشبینی، یان بە گەشبینی رای خۆت دەردەبڕیت، بەڵام ئەو هۆکارانە چین کە ئەم تێڕوانینەت لەسەر بونیاد ناوە؟**

- رەنگە وەڵامەکانم بەدڵی هەندێك نەبن و وەك جۆرە رەشبینێك لێی تێبگەن. بەڵام، نە باوەڕم بەڕەشبینیە، نە بە گەشبینیش وەك دید و روانین بۆ جیهان و مرۆڤ. چونکە، هەردووکیان بەدوو دیوی یەك دراو دەبینم. ئەوەندەی سەرنجمداوەو خوێندوومەتەوە لە بارەی پرسی کورد و مرۆڤی کورد خۆیەوە، ئەو تێگەیشتنەم لا تۆخ بۆتەوە کە کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا لە دەرەوەی مێژوودا نیشتووە. کۆمەڵگەیەکی سروشتی بەمانای وشەکە. جارێ وەك بکەرێکی سەربەخۆ لەدەرەوەی پرۆسەکانی شارستانی و گۆڕانکارییەکاندایە. هەندێك شت هەن سەدە، یا زیاتری دەوێت تا بگۆڕێن. مەبەستم، لەسیستمی بەهایی و ئەقڵی سیاسی و هۆشیارییە. ئەگەرچی لام روونە کە کۆمەڵگەی ئێمە، بەئاسانی لەناو ناچێت، ئەگەر هەموو دنیاش دژی بێت. چونکە کۆمەڵێك میکانیزمی بەرگری لەخۆیدایە کە وەك بەشێك لەسروشتی بوونی خۆی. واتە، تەشەنەکردنێکی خۆیی هەیە کە لە دۆخە مەترسیدارەکاندا درێژە بەخۆی دەداتەوە. هەروەها بەهەمان شێوە وەك چۆن رێساکانی سروشت کاردەکەن، ئەویش هەمان رێسای ژیان و مانی هەیە. کورد وەك ئاسنێکە تا بیکوتیت و بیتوێنیتەوە، پوختترو بەهێزتر دەبێت. گەلێکە کە بەچەوسانەوە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. هاوکات، ئەوەش دەزانم، کە ئەوەی لای رۆشنبیرێك مایەی خەم و گرنگیی پێدانە، لای مرۆڤیکی کورد بەگشتی جێگەی بایەخ نییە!

**لە ئاستی ناوخۆدا دەبێت ئەو متمانەیەی کە هەرێم وەک بکەرێک لەناوچەیەکی ئاڵۆزدا هەیبووە، بگێڕدرێتەوە. چونکە نەبوونی تەبایی ناوخۆیی ئاماژەیەکی ترسناکە کە ناکرێت گرەو لەسەر کورد بکرێت**

# قەیرانی دارایی.. بەرەو کوێ؟!



د.نەهرۆ عەلی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ماوەیەکە وشەی قەیران زڕاوە، بازاڕی دارایی هەرێمی کوردستان تووشی قەیران بووە و بە جۆرێك ئەم قەیرانە خەریکە ئابووریی کوردستانیش تووشی تەنگژە دەکات. پێش ئەوەش باس لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە بکەین، پێویستە هۆکارەکانی دەستنیشان بکەین.

من وەك ئابووریناسێك جیا لە زۆربەی کەسانی دی، سەرچاوە و کرۆکیی ئەم قەیرانە دەگێڕمەوە بۆ هۆکارە ئابوورییەکان، نەك هۆکارە سیاسییەکان، هەر بۆیە پێموایە چارەسەرەکەشی تەنیا دەبێت بە ئامراز و مێتۆدی دارایی بکرێت. لەگەڵ رێز و پێزانینم بۆ هەموو ئەو پێشنیارانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە تاکو ئێستاکە خراونەتە



بەردەستی حکومەت، هیچیان چارەسی دارایی و بنەڕەتی نین بۆ کێشەکە، هەندێکیان ڕەنگە چارەسەری کاتی و هەندێکیشیان ڕەنگە ئاکامی خراپتری لێبکەوێتەوە. بۆچی؟ چونکە جگە لەو هۆکارە باوانەی یاخود پاساوانەی کە بۆ خوڵقاندنی ئەم قەیرانە دەهێندرێتەوە، وەك : (شەڕی داعش، دابەزینی نرخی نەوت، کێشەی سیاسی، نەناردنی بودجە لەلایەن عێراقەوە و...تاد) بە بۆچوونی من ڕەگ و ڕیشەی ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی دیکەی ئابووری و دارایی.

ئەوەی ئاشکرایە و نزیکە لە لۆژیکی زانستی ئابوورییەوە، ئەوەیە کە هەموو گەشەکردنێك و داشکاندنەوەیەکی ڕەوشی ئابووری سەرەتا و کۆتایی هەیە. چونکە پرۆسە ئابوورییەکان هەمیشە لە گۆڕاندان، گۆڕانی ئابووری (سووڕی ئابووری- Economic Fluctuation) ئەو بارودۆخە جیاواز و ناچوون یەکەیە کە لە ماوەی، یان کاتێکی لە دوای یەکدا بزاوتی ئابووریی وڵات پیاتێپەڕدەبێت. بۆ نموونە لە باری بەبرەوی و بووژانەوە دەکەوێتە سەرباری بێ برەوی و بێ بازاڕی لە باری خەملێوی پەرەسەندنی قەوارەی بەرهەمهێنان و بەکارخستن و دەستهاتەوە دێتە سەرباری بەرەوخراپ گۆڕان و بەشێکیش لە بنەماکانی بەرهەمهێنان لە کار دەکەوێت. لێرەدا پرسیارێکی لۆژیکی دێتە پێشەوە. ئایا ئەو فاکتەرانە چین کە کاردەکەنە سەر سووڕە ئابوورییەکان؟ بێگومان ئەو فاکتەرانە

گەلێك زۆرن، بەڵام لە هەرە گرنگەكانیان كە پێوەندی هەیە بەم نووسینەی ئێمەوە، بریتین لە: فاكتەری دواو خستنەڕوو، پێشكەوتنی تەكنۆلۆژی، بارستە و قەبارەی سەرمایەگوزاری، پاشەكەوتی دانیشتوان، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، گۆڕانی نرخی وزە...، دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت كە گۆڕانكاری و هەڵبەز و دابەزە ئابوورییەكان لە هەموو كۆمەڵگەیەك یاخود وڵاتێكدا بوونی هەیە، بەڵام ماوەی قۆناغی سووڕە ئابوورییەكان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە و لە سستەمێكەوە بۆ سستەمێكی دی دەگۆڕێت. واتا چەند قۆناغی گەشەكردن درێژخایەن بێت واتە وڵات بە گشتی لە حاڵەتی گەشەكردندایە، پێچەوانەش بە پێچەوانەوەیە.

هەر بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوەی لە سەرەوە گوتومانە، وەك نموونە دەمەوێت ئاماژە بە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا وەك گەورەترین و بەهێزترین ئابووریی جیهان بدەم. ئەمریكا لە سەد ساڵی ڕابردوودا دووجار تووشی قۆناغی بێ بازاڕی و قەیرانی دارایی قووڵ بۆتەوە:

- قەیرانی (١٩٢٩-١٩٣٣) قەیرانی گەورەی وەستانی ئابووری.
- قەیرانی (٢٠٠٨.. ؟) قەیرانی گەورەی دارایی.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە قەیرانی یەكەم (٤٣) مانگی خایاند، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە كە ئەمریكا جگە لەو دوو قەیرانە، داشكانەوە و قەیرانی دیكەی بەخۆوە نەدیوە. بەپێی ئامارەكان ئابووریی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ساڵی (١٩٢٨)ـەوە تاكو ساڵی (٢٠٠٨) نزیكەی (١٠) جار حاڵەتی داشكانەوە و تەنگژەی ئابووری و دارایی بەخۆیەوە دیووە، بەڵام ماوەی داشكانەوەكان لە (٦ تاكو ١١) مانگی خایاندووە. بەو پێیە بێت، ئابووریی ئەمریكا زیاتر لە حاڵەتی بووژانەوە و گەشەكردندا بووە بە درێژایی ئەو ماوەیە ئابووریی ئەمریكا بە ڕێژەی (٨٦٪) گەشەی كردووە . جگە لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئابووریی وڵاتانی تریش بە شێوەیەك لە شێوەكان، تووشی قەیرانی ئابووری و دارایی بوون و باری ئابوورییان تووشی هەڵبەز و دابەزە بۆتەوە. بەدەر لە هەموو ئەمانەش ئەگەر بە خێرایی ئاوڕێك لە قەیرانە ئابووری و داراییە جیهانییەكانی سەدەی ڕابردوو بدەینەوە، دەبینین كە ئابووریی جیهانی حەوت جار تووشی قەیرانی گەورە بۆتەوە.

- ساڵی (١٩١٨-١٩١٤) ئەم قەیرانە لە ئەنجامی جەنگی یەكەمی جیهانەوە هاتەكایەوە، بەهۆی خەرجییە زۆرەكانی جەنگەوە.
- ساڵی (١٩٢١-١٩٢٠) ئەم قەیرانە لە ئەنجامی خۆپیشاندن و مانگرتنی كرێكاران و كارمەندان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بۆ زیادكردنی كرێی كار هاتەكایەوە.
- قەیرانی ساڵی (١٩٣٣-١٩٢٩) كە بە قەیرانی گەورەی وەستانی ئابووری ناسراوە، لە ئەنجامی زیادە بەرهەم هاتەكایەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە كە لە ئەنجامی ئەم قەیرانەدا نزیكەی (١٣٠٠٠٠) كۆمپانیا و كارگەی بەرهەمهێن لە جیهاندا (مایەپووچ ) بوون، واتا ئیفلاسیان كرد.
- ساڵی (١٩٧٥-١٩٧٣) ئەم قەیرانە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی وزە (نەوت) بەهۆی شەڕی ئیسرائیل و عەرەبەوە هاتە كایەوە.
- ساڵی (١٩٨٧) ئەم قەیرانە بەهۆی نزمبوونەوەی نرخی پشك و بۆندەكانەوە لە بۆرسە جیهانییەكاندا بەتایبەتی بۆرسەی (Dow Jones) هاتەكایەوە.
- ساڵی (١٩٩٨-١٩٩٧) ئەم قەیرانە لە ئەنجامی دابەزینی نرخی خانووبەرە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە تایبەتی ژاپۆن هاتەكایەوە.
- ساڵی (١٩٩٨) ئەم قەیرانە لە ئەنجامی پرۆسەی بە تایبەتكردن لە ڕوسیا هاتە كایەوە.

جگە لەمانەش هەر لە سەرەتای سەدەی بیست و یەكەوە چەند قەیرانێكی دیكەی ئابووری و دارایی یەخەی جیهانی گرتۆتەوە. لە هەرە دیار و گەورەكان كە پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، قەیرانی ساڵی (٢٠٠٨) بوو كە لە ئەنجامی ئیفلاسكردنی بانكە مەزنەكانی ئەمریكا وەك (Lemman Brother، Marrill Lynch) هاتەكایەوە، ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینییە ئەم قەیرانە تاكو ئێستاكەش كۆتایی نەهاتووە و بەردەوامە و وەك پەتا هەر جارەو شوێنێك دەگرێتەوە، هەر لە ئەوروپاوە تاكو وڵاتە ئەفەریقییەكانیش. لێرەدا دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ خاڵێكی زۆر گرنگ و جەوهەری ڕاكێشم، ئەویش ئەوەیە، ئاكامەكانی، یاخود پەتای ئەو قەیرانە تاكو ساڵی (١٩١٤) وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نەگرتەوە. بەتایبەتی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، چونكە بەهۆی بەرزیی نرخی نەوت لەو كاتەدا لە بازاڕە جیهانییەكاندا كە گەیشتبووە (٢٧،١٤٧) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، كێشەو قەیرانەكان پەردەپۆش دەكران، بەڵام هەر وەك

**سەرچاوە و كرۆكیی ئەم قەیرانە دەگێڕمەوە بۆ هۆكارە ئابوورییەكان، نەک هۆكارە سیاسییەكان، هەر بۆیە پێموایە چارەسەرەكەشی تەنیا دەبێت بە ئامراز و مێتۆدی دارایی بكرێت**

**ئەمەریكا لە سەد ساڵی ڕابردوودا دووجار تووشی قۆناغی بێ بازاڕی و قەیرانی دارایی قووڵ بۆتەوە**

**قەیرانی ساڵی (١٩٢٩-١٩٣٣) كە بە قەیرانی گەورەی وەستانی ئابووری ناسراوە، لە ئەنجامی زیادە بەرهەم هاتەكایەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە كە لە ئەنجامی ئەم قەیرانەدا نزیكەی (١٣٠٠٠٠) كۆمپانیا و كارگەی بەرهەمهێن لە جیهاندا (مایەپووچ) بوون، واتا ئیفلاسیان كرد**

دەبینین کاتێك نرخی نەوت بە شێوەیەکی کتوپڕ و بەرچاو دابەزی، ئەوا ئیتر عەیب و عارەکان دەرکەوتن و چیتر ناتوانرێت پەردەپۆش بکرێن. هەر لێرەوە هەرێمی کوردستانیش وەك ناوچەیەکی بەرهەمهێنەری نەوت تووشی ئەم قەیرانەی ئێستا بۆتەوە.

دوای ئەو پێشەکییە دوور و درێژە کە مەرامم تەنیا خستنە بەرچاوی قەیرانە ئابووری و داراییەکانی وڵاتانی جیهان بوو بۆ خوێنەری کورد، دەمەوێت بچمە ناوەخنی مەبەستی سەرەکیی نووسینەکەم، کە ئەویش باسکردنە لەم قەیرانە داراییەی کە یەخەی حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە و خستنەڕووی پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی.

هەرێمی کوردستان هەر لە کاتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە تاکو پاییزی (٢٠١٤) یەکەم جارە تووشی قەیرانێکی لەم شێوەیە دەبێتەوە. ئەوەی لە سەرەتاوە دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ئابووریی بازاڕ یاخود ئابووریی ئازاد وەك یەکێك لە سستەمە ئابوورییەکان بەین بەین تووشی قەیران دەبێت. چونکە سەرچاوەکەی لە هەناوی سیستەمەکە خۆیدایە، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی گەشەو پێشکەوتنی ئەم سیستەمە لە چاو سیستەمە ئابوورییەکانی دیکەدا. هەرچەندە ئابووریی هەرێمی کوردستان سیستەمێکی تێکەڵە، بەڵام زیاتر سیستەمێکی ئازادە، بۆیە ڕەوشی ئابووریی هەرێمیش بە شێوەیەك لە شێوەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕێساو یاساکانی سیستەمی ئابووریی ئازادەوە، یاخود بازاڕەوە. هەروەك پێشتر باسمان کرد، هۆی سەرەکیی ئەم قەیرانە پێش هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ نزمبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا، هۆکارە ئابوورییەکانی ئەم نزمبوونەوەیە، یاخود هەڵبەزین و دابەزینی نرخی نەوت بەستراوە بە چەند فاکتەرێکی گرنگەوە لەوانە:

- نرخی نەوت بەستراوە بە بەهای دۆلارەوە، چەند نرخی دۆلار دابەزێت، نرخی نەوت بەرزدەبێتەوە، بەپێچەوانەوە چەند بەهای دۆلار بەرزبێتەوە، نرخی نەوت نزم دەبێتەوە.
- قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانەکانی قەیرانی دارایی بانکەکانی ئەمریکا و ئەورووپا.
- کەمبوونەوەی بەرهەمی پیشەسازی پەترۆکیمیایی لە جیهاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خواست لە سەر نەوت.
- زیادبوونی بەکارهێنانی سەرچاوەی وزەی دیکە وەك (وزەی سەوز) لە بری نەوت.
- کەمبوونەوەی بەگەڕخستنی سەرمایە لە دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت.
- بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان لە جیهاندا، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانای کڕینی بەرهەمەکانی پەترۆڵ لە لایەن خەڵکەوە.

هەرچەندە گۆڕانکارییەکان ئەوەندە خێرا و ڕەچاونەکراون کە هیچ کەسێك لە توانایدا نییە پێشبینی ئایندەیەکی دوور بکات. هۆبز وتەنی: (هیچ کەسێك ناتوانێت لە هزری خۆیدا وێنایەکی بۆ ئایندە هەبێت، چونکە ئەمڕۆ هێشتا ئایندە نییە...)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەر بنەمای ڕێسا و یاسا ئابوورییەکان، تا ڕادەیەك دەتوانین خوێندنەوەمان بۆ داهاتوویەکی نزیك هەبێت.

بە بۆچوونی من ئەم قەیرانە داراییە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەندە بە نرخی نەوتەوە، لەمساڵدا تاکو سەرەتای ساڵی ئایندە ڕەنگە زیاتر قووڵ بێتەوە، دوای خاوبوونەوەیەکی کاتی، جارێکی دیکە قەیرانەکە سەرهەڵدەداتەوە و تاکو ساڵی (٢٠٢٠) دەخایەنێت. لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەت و خودی سەرۆکی حکومەت و سیاسەتمەداران و خەڵکانی پسپۆڕ و خەمخۆرانی ئەم نیشتمانە بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە و دەربازبوون لێی و کەمکردنەوەی ئاکامەکانی، منیش وەك پسپۆڕێکی ئابووری لەلای خۆمەوە پێشنیارێکی ناستانداردم بۆ چارەسەر خستۆتە بەردەمی حکومەت، هیوادارم کە بە جددی بڕواننە پێشنیارەکەم، چونکە هەر وەك ئاماژەم پێدا، ئەگەر چارەسەری ڕیشەیی بۆ ئەم قەیرانە داراییە نەدۆزینەوە، ئەوا ڕەنگە چەندان جاری تریش تووشمان بێتەوە، چونکە بە پێی ڕێساکانی (سووڕی ئابووری) هەموو بەرزبوونەوەیەك نزمبوونەوەی لەدوایە، لە کۆتاییدا دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە ئێمە هێشتا وڵاتی سەربەخۆ نین (خاوەنی دراوی خۆمان و بانکی ناوەندی خۆمان نین) بۆیە چارەسەری قەیرانی دارایی بۆ ئێمە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، مەخابن هیچ ڕاوێژکارێکی بیانی ناتوانێت ڕێگەی چارەسەرمان نیشاندا، ئەوان بە ستانداردی جیهانی بیردەکەنەوە، ئێمە پێویستمان بە ستانداردی کوردی هەیە، دەربازبوون لەم قەیرانەش تەنیا و تەنها بە خۆمان دەکرێت.

**هیچ کەسێک لە توانایدا نییە پێشبینی ئایندەیەکی دوور بکات. هۆبز وتەنی: (هیچ کەسێک ناتوانێت لە هزری خۆیدا وێنایەکی بۆ ئایندە هەبێت، چونکە ئەمڕۆ هێشتا ئایندە نییە...)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەر بنەمای ڕێسا و یاسا ئابوورییەکان، تا ڕادەیەک دەتوانین خوێندنەوەمان بۆ داهاتوویەکی نزیک هەبێت**

**ئێمە هێشتا وڵاتی سەربەخۆ نین (خاوەنی دراوی خۆمان و بانکی ناوەندی خۆمان نین) بۆیە چارەسەری قەیرانی دارایی بۆ ئێمە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە**

**هیچ ڕاوێژکارێکی بیانی ناتوانێت ڕێگەی چارەسەرمان نیشاندا، ئەوان بە ستانداردی جیهانی بیردەکەنەوە، ئێمە پێویستمان بە ستانداردی کوردی هەیە، دەربازبوون لەم قەیرانەش تەنیا و تەنها بە خۆمان دەکرێت**

# عێراق ڕووەو هەرەسی ئابووری و مایەپووچبوونە...

## لە ماوەی ٩ ساڵدا بانکی ناوەندی ٣١٥ ملیار دۆلاری بەهەدەر داوە

ڕاپۆرتی / گوڵان

هەمــوو دەوڵەتانــی جیهــان هەوڵــی چاککردنــی ئابوورییەکانیــان دەدەن بــە پشتبەســتن بــە ســامانی سروشــتی و بەگەڕخســتنی تواناکانــی خۆیــان و پەرەپێدانــی پیشەســازی و کشــتوکاڵی بــۆ ئەنجامدانی پەرەپێدانی بەردەوام، بەڵام عێراق خەریکە بە یەکجاری ئابوورییەکــەی هــەرەس بهێنێت، بــێ ئــەوەی هیــچ ســەرچاوەیەکی دیکــەی تــازە، یــان ئەڵتەرناتیڤی نــەوت بدۆزێتــەوە بــۆ پشــتگیریکردن لــە ئابوورییەکــەی، ئەمــەش وا دەکات کــە ئابوورییەکــی داتەپیــو لــە چوارچێوەی هەرەسهێنانی نرخی نــەوت لــە جیهانــدا ڕووی تێبکات.

لــە یاســای بودجــەی ســاڵی ٢٠١٦دا کــۆی مووچــەی فەرمانبەرانی عێراق دەگاتــە ٥٦ ترلیــۆن دینــار، بــەڵام شایســتەکانی کۆمپانیاکانــی نــەوت کــە مۆڵەتیــان پێــدراوە و لــە وڵات کاردەکــەن گەیشــتۆتە ٢٥ ترلیــۆن دینــار، ئــەو دوو بڕ گەیــە بەتەنیــا ناتوانــن داهاتــی خەملێنــراوی بەدەســتهاتووی ســاڵی ٢٠١٦ کــە دەکاتــە ٨٤ ترلیــۆن دینــار پڕبکەنــەوە لــە کاتــی فرۆشــتنی نــەوت بەپێــی توانــای هەنــاردەی عێــراق کــە ڕۆژانــە بــە ٣,٦ ملیــۆن بەرمیــل مەزەنــدە دەکرێــت. کەواتــە چــۆن دەکــرێ دەروازەکانــی دیکــە پڕبکرێتــەوە کــە پوختەکــەی دەگاتــە ١١٤ ترلیــۆن دینــار، بــە کورتهێنانێکــی پــلان بۆداڕێــژراو کــە نزیکــەی ٣٠ ترلیــۆن دینــارە؟

ئەحمــەد چەلەبــی ســەرۆکی کۆنگــرەی نیشــتمانیی عێراقــی پێــش مردنــی، بەرپرســیارێتیی هەرەســهێنانی ژێرخانــی دارایــی وڵاتــی خســتبووە ئەســتۆی حکومەتــی پێشــوو و بانکــی ناوەنــدی و بــە – چەتــە و دز- وەســفی کردبــوون کــە بازاڕیــان قــۆرخ کــردووە، ئــەو جەختــی لــەوە دەکــردەوە کــە هــۆکاری هەرەســی ئابووریــی مــاوەی حوکمڕانیــی نێــوان ســاڵی ٢٠٠٦ و ٢٠١٤یــە (کــە مــاوەی ویلایەتــی مالکیی-یــە لــە ســەرۆکایەتیی حکومەتدا) کــە ئــەو کاتــە ٥٥١ ملیــار دۆلار داهاتــی عێــراق بــووە و حکومەتیــش بایــی ١١٥ ملیــار دۆلاری هــاوردە کردبــوو، بانکــی ناوەندیــش بــڕی ٣١٢ ملیــار دۆلاری بــە بانکــە ئەهلییــەکان فرۆشــتبوو، کەواتــە ٣١٢ ملیــار دۆلار بەهــەدەر دراوە کــە دەتوانــرا پارەیەکــی باشــی یــەدەگ دابیــن بکرابایــە.

لــەلای خۆیــەوە پەرلەمانتــار حەیــدەر مولــلا لــە لیســتی عێراقییــە ڕایگەیانــد کــە عێــراق ٥٠٩ ملیــار دینــاری لــە مــاوەی یــەك مانگــدا زەرەرکــردووە، هــەروەها بانکــی ناوەندیــش لــە بێســەروبەری و سیاســەتی شکســتخواردووی خــۆی هــەر بەردەوامــە. بــەڵام مەزهــەر محەمــەد ساڵح ڕاوێژکاری ئابــووری لــە حکومەتــی فیدراڵ ڕەشبینیی خــۆی لــە هەمبــەر بــاری ســەختی ئابــووری لــە ســاڵی ٢٠١٦ خســتەڕوو، بەتایبەتیــش لەســایەی ئــەو هەرەســەی لــە بازاڕەکانــی جیهانــدا دووچــاری نرخــی نــەوت بــووە.

ڕەنگــە مەترســیترین ئاگادارکردنــەوە کــە زەیتــون دلێمــی ئەندامــی لیژنــەی ئابــووری و وەبەرهێنــان لــە پەرلەمانــی عێــراق ڕایگەیاندبێت، ئەوەیــە کــە داهاتــی عێــراق لــە فرۆشــتنی نــەوت ڕۆژانــە گەیشــتۆتە ١٢٠ ملیــۆن دۆلار و هەراجــی دراویــش ڕۆژانــە بــە ٢٠٠ ملیــۆن دۆلار دەفرۆشــێت، ئەمــەش کارەســاتی ڕاســتەقینەیە، چونکــە ٨٠ ملیــۆن دۆلار ڕۆژانــە لــە یەدەگــی بانکــی ناوەنــدی ڕادەکێشــرێت.

شــایانی باســە نرخــی نــەوت لــە وەتــەی ٧ ســاڵە دابەزینێکــی زۆر خراپــی بەخۆیــەوە دیــوە، بەتایبەتیــش دوای ئــەوەی ئەندامانــی ڕێکخــراوی وڵاتانــی هەنــاردەکاری نەوت(ئۆپــك) لــە کۆبوونــەوەی ڤیەننــا-ی پایتەختــی نەمســا لــە ٤ی ئــەم مانگــەدا نەیانتوانــی لەســەر قەبــارەی بەرهەمهێنــان ڕێکبکــەون و چارەســەری ئــەو هەمــوو خســتنەڕووە بکــەن.

ناکــرێ میللــەت باجــی هەڵــەی سیاســەتوانان و تاوانــی بەتاڵانبردنــی سامانی وڵات بدات، هیــچ لەبەردەم حکومەتدا نەمــاوە تەنیــا ئــەوە نەبێــت کــە دەرك بــە کەمیــی داهــات و کورتهێنانــی بودجە و ئابووریــی هەرەســهێناو بــکات و واز لــە بەرپرســیارێتیی بهێنێــت لەهەمبــەر کۆمپانیــا ناحکوومییــەکان کــە زیــان دەکــەن و بوونەتــە بارگرانــی بەســەر حکومەتــەوە. بۆیــە دەبینیــن کــە دەیــان چەکــداری حەشــدی شــەعبی و فەرمانبەرانــی دیکــە لــە ئەنجامــی بڕیــن و کەمکردنــەوەی مووچەکانیــان خۆپیشــاندانیان ئەنجــام دا.

لــە ئێســتادا حکومەتــی عێــراق بڕیارێکــی دەرکــرد بــە بڕینــی ٣٪ی مووچــەی فەرمانبەرانــی دەوڵــەت و پێدانــی ئــەو لێبڕینــە بــە حەشــدی شــەعبی، ئەمــەش ناڕەزایــی هاووڵاتیانــی لێکەوتــەوە، بــە شــێوەیەك کــە پێشــتر ڕێککەوتنــی لەســەر نەکرابــوو، بەمــەش ڕێز لــە تایبەتمەندیــی هاووڵاتــی ســادە نەگیــرا و مووچــەی حەشــد بــۆ مــاوەی ســێ مانــگ دواخــرا، بــەڵام حەســەن خەلاتــی پەرلەمانتــار لــە کوتلــەی (مواتیــن) ڕوونــی کــردەوە کــە حەشــدی شــەعبی پابەندبــووە بــە ڕێنماییەکانــی مەرجەعییەتــی بــاڵای ئایینــی، داواشــی لــە حکومــەت کــرد کــە لەکاتــی دیاریکــراودا مووچەکانیــان پێبدرێــت. ئەمــەو ســەدان چەکــداری دیکــەی حەشــدی شــەعبی خۆپیشــاندانیان ســازکرد و ڕەتیــان کــردەوە کــە بگەڕێنــەوە بەرەکانــی شــەڕ تــا ئــەو کاتــەی مووچەکانــی مانگانەیــان پــێ دەدرێــت.

مەرجەعییەتــی ئایینــی لــە ســاڵی ٢٠١٤دا جیهــادی کیفائــی دژ بــە ڕێکخــراوی تیرۆریســتی داعــش ڕاگەیانــد و لــە ئاکامــدا بــە هــەزاران خۆبەخــش بــە نــاوی جیهــاد دژی تیــرۆر خۆیــان ناونــووس کــرد. مەعیــن کازمــی کــە فەرماندەیەکــی حەشــدی شــەعبییە دەڵێــت: دەرماڵەکانــی ١٣٠ هــەزار چەکــداری حەشــدی شــەعبی کــە کــۆی



گشتییەکەی ٣ ترلیۆن دینارە بەشی ئەو هێزە ناکات.

تەحەددیاتێکی زۆر چاوەڕوانی عێراق دەکات کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی قەیران و کێشەگەلێکی زۆری ئەمنی و ئابووری و سیاسی بۆتەوە، ئەویش بەهۆی بەردەوامبوونی ناکۆکییەکانی نێوان حزبە فەرمانڕەواکان، ئەمە وێڕای شەڕی داعش و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و لاوازیی یاسا و ڕێکارەکانی حکومەت. چاودێران پێیانوایە دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا سەرەڕای ئەو ڕێکارو پلانانەی پاشەکەوتکردن کە حکومەتی عێراق دەستی پێکردووە، هەروەها زیادکردنی بەرهەمی نەوت لە پێناو تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی، کاریگەریی نەرێنیی گەورە دەکاتە سەر بودجە و ئابووریی عێراق، کە بە تەواوی پشت بە کەرتی نەوت دەبەستێت کە دەکاتە ٩٥٪ی پوختەی داهاتی عێراق.

ژمارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کورتهێنانێکی زۆر هەیە لە بودجەی گشتی کە دەگاتە نزیکەی ٣٥ ترلیۆن دۆلار، وێڕای فشاری خەرجیی گشتیی دەوڵەت، حکومەتی عێراقیش چەندساڵێکە بە شێوەیەك ڕەفتاری کردووە کە خەرجیی وەبەرهێنان بکاتە قۆچی قوربانی، واتا دابەزینی نرخی نەوت، ئەو خەرجییانەش بە ١٠٦,٩ ترلیۆن دینار (٩٥ملیار دۆلار) و کورتهێنانیش بە ٢٣,٥ ترلیۆن مەزەندە دەکرێت، لە ئێستاشدا بەغدا ڕووبەڕووی کورتهێنانی بودجە بۆتەوە کە دەکاتە ٣٠ ملیار دۆلار لەو بودجە گشتییەی کە ١٠٥ ملیار دۆلارە.

زانیارییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە فرۆشتنی نەوتی عێراق لە ماوەی ٢٠٠٣وە تاکو ئەمساڵ گەیشتۆتە ٦٢٤ ملیار دۆلار، لە کاتێکدا قەبارەی بودجەکانی عێراق لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ تا ئەمساڵ گەیشتۆتە ٨٥٠ ملیار دۆلار بەپێی ڕێکخراوی ئۆپێك.

حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە ئابی ساڵی ٢٠١٥ پاکێجێکی چاکسازیی لە دامەزراوەکانی حکومەت ڕاگەیاند، کەچی تا ئێستا هیچی لێ جێبەجێ نەکراوە، عەبادی نەیتوانی پاڵپشتیی نرخی وزە کەم بکاتەوە و چاکسازی لە پرۆژەکانی سەر بە دەوڵەت بکات، چونکە ڕووبەڕووی سەختی و زەحمەتی دەبێتەوە، هۆکارەکەیشی لەبەر ئەوەیە ناتوانێ چاکسازیی سیاسی بکات، کە ئامانج لەوەدا کەمکردنەوەی گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سامانە.

شارەزایانی بیانی پێشبینی ئەوە دەکەن کە یەدەگی عێراق لە نەختی بیانی ٥٩ ملیار دۆلار بێت، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ پڕکردنەوەی داهاتی تەنیا ٩ مانگ.

لەلای خۆیەوە بەرپرسێکی کۆمپانیای وەبەرهێنانی ئەورووپی دەڵێت: پێشبینییەکانی تایبەت بە نرخی سەنەدەکانی عێراق یەك نەبووە، ئاماژەش بەوە دەکات کە لەبەر ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی هەناردەکاری نەوتە، بەڵام شەڕی داعش دەکات، ئەمەش بە نەرێنی بەسەر پاکێجی سەنەدەکانیدا شکاوەتەوە، زیاتریش لەبەر دابەزینی نرخی نەوت بووە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو پلانەی دانرابوو بریتییە لەوەی کە هەناردەکانی ٢٠١٦ی باشووری عێراق لەنێوان ٣ ملیۆن و ٣,٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بێت لە ڕۆژێکدا، واتا ٢,٢ بۆ ٢,٤ ملیۆن بەرمیل تەنیا لە نەوتی خاوی سووکی بەسڕەیە و ٨٥٠ هەزار بەرمیلیش ڕۆژانە لە نەوتی خاوی قورسی هەمان شار بێت.

لە ٢٠١٥/١٢/١٦ پەرلەمانی عێراق ڕەزامەندی لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠١٦ دا بە کۆی خەرجییەکانی زیاتر لە ١٠٥ تریلیۆن و ٨٩٠ ملیار دینار بە کورتهێنانی زیاتر لە ٣٠٪، کۆی داهاتیش ٨١ تریلیۆن و ٧٠٠ ملیار دینار بوو کە داهاتی نەوت گەیشتە ٦٩ ترلیۆن و ٧٧٣ ملیار دینار و ڕێژەکەشی ٨٥,١٪ی کۆی داهاتەکانە. لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا بە ملیاران دۆلار پارە بە هەدەر دەچێت، بێ ئەوەی کە هاووڵاتیان خاوەن کەمترین داهاتی ڕۆژانەی ژیانیان بن، هۆکارەکەی ئەمەش گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سامانی گشتیی وڵاتە.

باسم هادی تمیمی کە شارەزایەکی داراییە بە(گوڵان)ی ڕایگەیاند: بودجەی ٢٠١٦ زۆر بە پەلە بڕیاری لێدرا، چونکە پێویستی بە توێژینەوە و گفتوگۆیەکی زۆر تێروتەسەل دەکرد، ئاماژەشی بەوەکرد کە ئەم بودجەیە عێراق دووچاری تەنگژەو گرفتی زۆری دارایی دەکات. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە لە ناو بودجەدا بەشی وەبەرهێنان و بەرهەمی خۆماڵیی زۆر جێی بکرابایەوە، چونکە عێراق لە ئێستادا ناتوانێت قەرزێکی زۆر وەربگرێت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی دارایی. بورهان مەعموری کە ئەندامی لیژنەی داراییە لە پەرلەمان پێیوایە کە سیاسەتی ئابووریی زۆر خواروخێچ و هەڵەیە، ئەمەش بۆتە هۆی زیانگەیاندنی ساڵانەی چەندین ملیار دۆلار بە عێراق، جەختیشی کردەوە کە پێویستە هەرچی زووە بیر لە ئەلتەرناتیڤێك بکرێتەوە و پشت بە بەرهەمی خۆماڵی ببەسترێت. شایانی باسە بانکی نێودەوڵەتی لە ٢٠١٥/١٢/١٧ ڕەزامەندی داوە کە قەرزێك بە بەهای یەك ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بداتە عێراق، تاکو بتوانێت ڕەوشی دارایی خۆی ڕێك بخات و کەرتی وزە چاك بکات و قەرەبووی نرخی دابەزیوی نەوت و تێچووە بەرزەکانی ئەمنی بکاتەوە.

**چاودێران پێیانوایە دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا سەرەڕای ئەو ڕێکار و پلانانەی پاشەکەوتکردن کە حکومەتی عێراق دەستی پێکردووە، هەروەها زیادکردنی بەرهەمی نەوت لە پێناو تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی، کاریگەریی نەرێنیی گەورە دەکاتە سەر بودجە و ئابووریی عێراق**

**بانکی نێودەوڵەتی لە ٢٠١٥/١٢/١٧ ڕەزامەندی داوە کە قەرزێک بە بەهای یەک ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بداتە عێراق تاکو بتوانێت ڕەوشی دارایی خۆی ڕێک بخات و کەرتی وزە چاک بکات و قەرەبووی نرخی دابەزیوی نەوت و تێچووە بەرزەکانی ئەمنی بکاتەوە**



**محەمەد رەزا فەرزانگان**

**پسپۆڕ لە ئابووریی سیاسی بۆ گوڵان:**

# دوای دابەزینی نرخی نەوت، دەبێت وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بیر لە پیادەکردنی سیاسەتی باجدان بکەنەوە

**محەمەد رەزا فەرزانگان خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری ئابووریی سیاسی بە ناوونیشانی «ئابووری سیاسی و سەرچاوە سرووشتییەکان و حوکمڕانی لە ئێران: لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی»، پێشتر پرۆفیسۆری ئابووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرۆکی ئەم بەشە بووە لە سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیك لە زانکۆی فیلیپس لە ماربێرگ. لە دیدارێکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد سەبارەت بە هۆکار و دەرئەنجامەکانی دابەزینی نرخی نەوت و چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی ئاکامەکانی و کاریگەری لەسەر شەڕی داعش، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی داینەوە.**

*** لە ئێستادا بازاڕی جیهانی وزە بە گۆڕانێکی گەورەدا تێدەپەڕێت، مەبەستمان لە داشکانی زۆری نرخی نەوتە، بۆیە پرسیار ئەوەیە هەڵسەنگاندن و پێشبینییەکانتان چین بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا سەبارەت بەم گۆڕانە لە بازاڕی نەوتدا روویداوە؟ وەك دەزانن زۆر لە شیکارییەکان بایەخ بە هۆکارە سەرەکییەکانی دابەزینی نرخی نەوت دەدەن و تەنانەت هەندێکیان دەڵێن هۆکاری سیاسی لە پشتەوەیە، ئایا چ فاکتەرێك لەپشت ئەم دابەزینەوەیە و پێتوایە بۆ ماوەیەکی درێژ هەروا دەمێنێتەوە؟ بە بەراورد لەگەڵ دابەزینی پێشووی نرخی نەوت، ئەم جارە چ جیاوازییەکی لە رووی هۆکار و ئەنجامەکانەوە هەیە؟**

- چەندین فاکتەر هەن کە داهاتی نرخی نەوت دیاری دەکەن. لەکاتی قەیرانی دارایی ساڵی ١٩٩٨دا نرخی راستەقینەی نەوت نزیکەی ١٨ دۆلار بوو بۆ هەر بەرمیلێك، بەڵام بەردەوام لەوکاتەوە زیادیکرد و لە ساڵی ٢٠٠٨دا گەیشتە ١٠٦ دۆلار، بەڵام لە ماوەی ساڵێکدا هاتەوە ٦٨ دۆلار لە ئەنجامی قەیرانێکی تری نێودەوڵەتی دارایی بەتایبەتی لەناو بەکارهێنەرانی نەوتدا. رووداوە سیاسییەکانی بەهاری عەرەبی لە ٢٠١١ و بەتایبەتی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی لیبیا نادڵنیایی لە بازاڕی نەوتدا زیادکرد و نرخی نەوتی گەیاندە ١١٧ دۆلار لە ٢٠١١دا. زیادبوونی گەشەی ئابووری چین وەك یەکێك لە بەکارهێنەرە سەرەکییەکانی نەوت لە ١٩٩٨وە فاکتەرێکی هەرە گرنگ بوو لە بەرزبونەوەی نرخی نەوتدا. گەشەی داهاتی تاکەکەسی چین لە ٦.٨٪ لە ١٩٩٨ دا زیادیکرد بۆ ١٠٪ لە ٢٠١٠ دا. نرخی بەرزتر ئیمکانیەتی ئابووری پرۆژە نەوتییەکانی لەو ناوچانەی کە لە رووی جوگرافییەوە کەمتر بەرچاون بەرزکردەوە (لە گۆشەنیگای تێچوونەوە). یاریزانی زیاتر لە بازاڕدا بایەخەکانی سەر بەشە بازاڕی بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی نەوت وەك سعودیە زیادی کرد. پاراستنی بەشە بازاڕیان بە زیادکردنی بەرهەم تەنانەت لەسەر حیسابی کەمکردنەوەی نرخەکان لە مێژووی نوێدا شتێکی نوێ نییە. هەروەها لە ناوەڕاستی هەشتاکانیشدا هەمان شتمان بەسەردا هات. کەمبوونەوەی گەشەی ئابووری تاکەکەسی چین لە ١٠٪ وە لە ٢٠١٠ دا بۆ ٦٪ لە ٢٠١٤ دا خۆی لە خۆیدا کاریگەری گەرمی لە سەر لایەنی داواکاری هەبووە. سەرەڕای ئەمە، هەڵگرتنی سزا نەوتییەکان لەسەر ئێران لە ٢٠١٦دا کە لە ٢٠١٥ شدا پێشبینی دەکرا بەشێوەیەکی خراپ کاریگەری کردووەتە سەر بازاڕ. فاکتەرێکی تری گرنگ زیادبوونی هۆشیاری ژینگەییە لەسەرتاسەری جیهاندا سەبارەت بە زیانە مرۆییەکانی پیسبوون و مەترسی گۆڕانی مەناخی بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو. ئامادەییەکی جددی هەیە بۆ کەمکردنەوەی بەشی کانزای بەردین لە بواری جیهانی وزەدا، ئەمەش تەنانەت دواکارییەکان کەمتر دەکاتەوە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە وزە زۆر دەردەدەن.

*** ئاشکرایە کە دابەزینی نرخی نەوت فشاری زۆری خستووەتە سەر بودجەی ئەو وڵاتانەی کە بەزۆری پشت بە نەوت دەبەستن، بەڕادەیەك ئەو وڵاتانە بەدەست کورتهێنانی بودجەوە دەناڵێنن، ئایا ئەو وڵاتانە چۆن دەتوانن لەگەڵ ئەم قەیرانە قورسەدا هەڵکەن و رزگاریان بێت؟**

- دابەزینی داهاتی نەوتیش بودجەی تەرخانکراوی حکومەت بۆ چەندین فرمان دیاریدەکات. کاردانەوەیەکی لۆجیکی بۆ دابەزینی داهاتی نەوت لە وڵاتێکی چڕی وەك ئێران بەوە دەبێت کە تێچووەکانی سەر لایەنی سەربازی و ئەمنی کەمبکاتەوە و ببڕێت. ئەمەش وادەکات بودجەی پێشوو لەسەر کاڵای گشتی بهێڵێتەوە لە پەروەردە و تەندروستی کە سوودەکانی بۆ سەرتاپای دانیشتووانە. زیادبوونی ناسەقامگیری و ناکۆکیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا ئیمکانیەتی ئەم بژاردەیە کەم دەکاتەوە بۆ دەوڵەتان. هێشتا پێویستە دەست بە ئامادەبوونە سەربازی و ئەمنییەکانیانەوە بگرن و تەنانەت زیاتریشی بۆ سەرف بکەن بە لەبەرچاوگرتنی مەترسی ئەمنی ناوچەکە. ئەمەش بە شێوەیەکی خراپ

**زیادبوونی گەشەی ئابووری چین وەک یەکێک لە بەکارهێنەرە سەرەکییەکانی نەوت لە ١٩٩٨وە فاکتەرێکی هەرە گرنگ بوو لە بەرزبونەوەی نرخی نەوتدا**

> **دەسەڵاتدارانی کوردستان پێویستە هاوکار بن لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی توندڕەوان، لەبەر ئەوەی سیاسەتی جیا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی داعش باش نییە**

کاردەکاتە سەر جۆرییەت و چۆنییەتی خزمەتگوزارییە تەندروستی و پەروەردەییەکان. دەوڵەتانی خاوەن نەوت کە رووبەڕووی دابەزینی داهاتی نەوت بوونەتەوە لە ژێر فشارێکی زۆردان بۆ زیادکردنی داهاتی باج. زۆر لە بژاردەکانیش زیادکردنی رێژەی باجە کە لە بوونی ئابووریی سێبەردا دەتوانێت زۆربەی کاروبارە ئابوورییەکان لە رەسمییەوە بگۆڕێت بۆ نارەسمی. لەجیاتی زیادکردنی رێژەی باج، ئەو وڵاتانە پێویستە پلان دانێن بۆ زیادکردنی بنەماکانی باج بە زیادکردنی رادەی باج لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکان. نموونەیەکی سەرەکی باجی سەوزە (واتە پاراستنی ژینگە). زۆربەی ئەو وڵاتانە کڕیاری قورسی بەرهەمە وزەییەکانن. دەستیاوی قورس لەسەر وزە نەك هەردەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی زۆر و زۆری وزەی بەرهەم، بەڵکو دەبێتە هۆی پیسبونی زۆر و زیانی تەندروستیش. هەروەها چاکسازییە دامەزراوەییەکانی وەك چارەسەرکردنی گەندەڵی یەکێکی ترە لە کارەکان بەتایبەتی کاتێك پارەیەکی کەمی نەوت لەبەردەست بێت. کەمکردنەوەی گەندەڵیش بە زیادکردنی تێچووەکانی سەرقاڵبوونە پێوەی لە رێی پاڵپشتیکردنی شەفافییەت لە میدیا و بەرقەرارکردنی سەربەخۆیی سیاسی سیستەمی داد دەکرێت. گەندەڵی زۆر لەکاتی دابەزینی داهاتەکانی نەوت مەترسییەکی هاوبەشە بۆ سەقامگیری سیاسی لە وڵاتدا.

*** بەپێی هەندێك لە پێشبینییەکان دابەزینی نرخی نەوت دەبێتە هۆی ناڵەباری و پشێوی لەو وڵاتانەدا کە بە شێوەیەکی زۆر پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن. ئایا هاوڕای لەگەڵ ئەمەدا؟ هەروەها ئایا پێشبینیی پشێوی جیۆپۆلیتیکی و ناوچەیی لەئەنجامی ئەمەدا دەکەیت؟**

-نەوت دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کورت، یان مامناوەند ببێتە مایەی هێنانەئارای ئاشتی. لە زۆربەی وڵاتانی دەوڵەمەندی نەوتدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا، جۆرێك لە سەقامگیری دەبینین لە رێی جۆرێك لە پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە، ئەویش بەوەی حکومەت داهاتی نەوت دابەش دەکات بە شێوەی جیاوازی وەك دەستیاو و کارە گشتییەکان. لە بەرانبەریشدا هاونیشتمانییان بە دڵسۆزی دەمێننەوە بۆ دەسەڵاتە داهات دابەشکەرەکە. لەم سیستەمانەدا سیستەمی باج لاوازە و خۆلادان لە باج زۆرە. باج لە وڵاتانی دەوڵەمەندی نەوتدا بەرپرسیارێتی سیاسییە، واتە لەبەرانبەردا حکومەتەکان پێویستە و لەژێر فشاریشدان کە خەڵك هاوبەش بکەن لە دەسەڵاتی سیاسیدا. دەبێت بەرپرسیار بن ئەگەر ویستیان بەشی باج زیادبکەن لە بودجەدا. ئەگەر دابەزینی داهاتی نەوت بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت، ئەوا ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە دەخاتە ژێر فشارێکی زۆرەوە. کاتێك وڵاتانی دەوڵەمەندی نەوت دەستدەکەن بە جێبەجێکردنی چاکسازی ئابووری وەك بڕینی دەستیاوەکان و بچووککردنەوەی قەبارەی دەوڵەت بە زیادکردنی کەرتی تایبەت، ئەوا پەیمانە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکە لاواز دەبێت. بە درێژایی مێژوو نەبوونی پارتی سیاسی دامەزراو لەم وڵاتانەدا وادەکات قورستر بێت مەترسییەکانی توندوتیژی ناوخۆیی کەم بکرێتەوە. سەرنج بدە زۆربەی وڵاتانی دەوڵەمەندی نەوت بەدەست گۆڕانی دیمۆگرافیشەوە دەناڵێنن، بەتایبەتی لە زیادبوونی لاواندا. داهاتی نەوتی کەم لە کاتێکدا بەشێکی زۆری دانیشتوان لاون و لەگەڵ کەرتی تایبەتی پەراوێزخراودا دەتوانێت ببێتە هۆی بێکاری زۆر لەناو لاواندا. ئەمەش دەرفەتی شۆڕش و نارەزایییەکان زیاد دەکات لەبەر ئەوەی بە سادەیی خەڵك هیچیان نییە لەدەستی بدەن. دەوڵەتان داهاتی کەمتریان هەیە بۆ دابەشکردنەوە و ئەو تێگەیشتنە زۆرەی بۆ گەندەڵی هەیە لەناو کۆمەڵگەدا، سەرتاپای وێنەکە زۆر خراپ دەکات. وڵاتانی دەوڵەمەندی نەوت کە وەختێك بوو توانیبوویان سەقامگیری بپارێزن، لە بەهاری عەرەبیدا بە کاتێکی نوێ و بە ئازاردا دەڕۆن.

> **گێڕانەوەی سەقامگیری و نیزام لە سووریا و عێراق بە چارەسەرکردنی گرفتی گرووپە تیرۆریستەکان لە بەرژەوەندی هێنانەدی ئاشتی دەشکێتەوە بۆ هەمووان**

*** ئاشکرایە هەندێك لە وڵاتان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە شەڕێکی مەترسیدارەوە گلاون لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، لەناویشیاندا کوردەکان کە بە توانا و شەڕکەری ئازان، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە بەدەست باروودۆخێکی دارایی خراپەوە دەناڵێنن، ئەمەش بەشێوەیەکی پێچەوانە کاری کردووەتە سەر شەڕیان لە دژی ئەو تیرۆریستانە، بۆیە تا چەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی سیاسی و یاسایی لەسەرە لە رووی دارایی و سەربازییەوە یارمەتی کورد بدەن؟**

-گێڕانەوەی سەقامگیری و نیزام لە سووریا و عێراق بە چارەسەرکردنی گرفتی گرووپە تیرۆریستەکان لە بەرژەوەندی هێنانەدی ئاشتی دەشکێتەوە بۆ



هەمووان. نەك هەر سەرچاوە ئابوورییەکانی سووریا و عێراق بۆ پرۆژەی بە بەرهەم لە ژێرخان و سەرمایەی مرۆیدا دەگۆڕێت، بەڵکو ئاشتیش لەو ناوچەیەدا دەستەبەر دەکات. وڵاتانی دراوسێی وەك تورکیا و ئێرانیش لە لەناوچوونی گرووپە تیرۆریستییەکان لە سووریا و عێراقدا قازانج دەکەن، ئەویش بە ڕەوینەوەی مەترسی بەگەڕخستن لە ناوچەکەدا. هەروەها یەکێتی ئەورووپاش قازانج دەکات ئەگەر ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت لە پاڵپشتیکردنی کاراکتەرە ناوخۆییەکان لە ناوچەکەدا بۆ چارەسەری توندڕەوان. قازانجەکانی یەکێتی ئەورووپا لەمەدا ئەوەیە کە شەپۆلی پەنابەران کەم دەکاتەوە کە بارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە بەسەریانەوە، بەلانی کەمەوە بۆ ماوەیەکی کورت، یان مامناوەند. هەروەها پێموایە دەسەڵاتدارانی کوردستان پێویستە هاوکار بن لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی توندڕەوان، لەبەر ئەوەی سیاسەتی جیا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی داعش باش نییە.

